تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5741) پێنج شەممە 2ی ئایار2019 «16» لاپەرە «500» دینار

پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران

ئومێدی ژیانێکی بەختەوەر و دوور لە چەوسانەوە بۆ هەموو کرێکارانی ئازیز دەخوازم



دوێنێ سێشەممە سەرۆک بارزانی بەبۆنەی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانیی کرێکاران، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی کرێکارانی کوردستان و عێراق و هەموو جیهان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

" بەبۆنەی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانیی کرێکاران گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی کرێکارانی کوردستان و عێراق و هەموو جیهان دەکەم. ئومێدی ژیانێکی بەختەوەر و دوور لە چەوسانەوە بۆ هەموو کرێکارانی ئازیز دەخوازم و سوپاسی ئەرک و ماندووبوونیان دەکەم".

نێچیرڤان بارزانی: بنیاتنانی سیستەمێکی تەندروستیی پێشکەوتوو کارێکی لەپێشینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە وەک بەرنامە



سەرلەبەیانیی دوێنێ چوارشەممە 2018/5/1 بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و بەڕێزان قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک لە وەزیر و پەرلەمانتارانی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان و کونسوڵ و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی و ژمارەیەکی زۆری پرۆفیسۆر و دکتۆر و پزیشک و شارەزا و پسپۆڕانی بواری تەندروستی و پزیشکیی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان لە هەولێر کۆنگرە و پیشانگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دەرمانسازی و پزیشکی و پزیشکیی ددان (فارمیدێنت) لە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بەڕێوەچوو.

دەقی وتارەکە لەلاپەرە سێ بخوێنەوە



2

نێچیرڤان بارزانی و کونسوڵی کۆماری میسری عەرەبی کۆبوونەوە



2

فازڵ میرانی: هەرێمی کوردستان نموونەی ڕاستەقینەی ئایین و ئایینزا جیاوازەکانە

9 گرنگی سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان



4

ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە ماوەی یەک هەفتە مۆڵەت دەداتە حکوومەتی عێراق

دامەزرێنەری ماڵپەڕی ویکیلیکس بە 50 هەفتە زیندانیکردن سزا درا



دامەزرێنەری سایتی ئینتەرنێتی ویکیلیکس، جولیان ئاسانگ کە بەتۆمەتی پێشێلکردنی مەرجەکانی ئازادکردنی بەکەفالەت لە بەریتانیا دادگایی دەکرا، بڕیاری زیندانیکردنی بۆ 50 هەفتە درا. دادوەری دادگای شانشینیی ساوزوارک، دەبڕیا تیلەر سزای 50 هەفتەی سەپاند بەسەر ئاسانگدا بەتۆمەتی پێشێلکردنی مەرجەکانی ئازادکردنی بەکەفالەت لە کاتێکدا ناوبراو لە 2012دا دادگاییکرا و پەنای بردە بەر باڵیۆزخانەی ئیکوادۆر لە لەندەن. دادوەر دەبڕیا تیلەر داوای ئاسانگی بۆ کەمکردنەوەی سزاکەی ڕەتکردەوە کە بیانووی مەرجەکانی پەنابەری سیاسیی داوای کردبوو، بە هۆی شێلگیری پێشێلکاریەکەوە لانیکەم سزای یەک ساڵ زیندانی بەگونجاو زاندرا بۆ ئاسانگ.



5

ڕاگەیەندراوێک سەبارەت بە گرتنی بەرپرسی ئۆفیسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە شنگال

4 بۆ ئاریز عەبدوڵڵا.. بە چاویلکەی خۆتانەوە سەیری پارتی مەکەن!



7

پڕۆژەی دروستکردنی شەقام و شۆستە بۆ گەڕەکی هەشتی حەسارۆک دەستپێکرد

تا ئێستا 137 تەرم لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شنگالدا دۆزراونەتەوە 2

ڕووسیا.. ڕێپێوانێک بەبۆنەی یەکی ئایارەوە لە مۆسکۆ

بەبۆنەی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکاران ڕێپێوانێک لە مەیدانی سوور لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا، بەڕێوەچوو. ڕێپێوانەکە بەپێشڕەویی سەندیکاکانی کرێکاران ڕێکخرابوو و نزیکەی 100 هەزار کەس بەشداریان تیایدا کرد. بەشداربووان بە هەڵگرتنی ئاڵا و میزەڵدانی ڕەنگاوڕەنگ، دیمەنێکی سەرنجڕاکێشیان دروستکردبوو. هەروەها بەشداربووان لە دروشمەکانیاندا داوای چاکسازی، هەلی کار، ئاسایشی کار و زیادکردنی مووچەیان کرد. جێی باسە هەموو ساڵێک بەبۆنەی یەکی ئایارەوە لە سەرتاسەری ڕووسیا چالاکی جۆراوجۆر ڕێکدەخرێت.



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندی هوداپار دەکات



رۆژی سێشەممە 2019/4/30 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندێکی بالآی هوداپار بە سەرۆکایەتیی ئیسحاق ساغلام سەرۆکی گشتیی هوداپار و جێگر و ژمارەیەک لە ئەندامانی شورای ناوەندیی ئەو حزبە کرد.

لە دیدارەکەدا شاندی میوان سوپاسی "سەرۆک بارزانی"یان کرد بۆ ڕەخساندنی دیدارەکە و پێزانینیان بۆ خەبات و ماندووبوونی سەرۆک بارزانی هەبوو لە بەرگریکردن و هەوڵدانی بۆ مافەکانی گەلی کوردستان.

هەر لەو دیدارەدا بارودۆخی سیاسیی تورکیا و بار و گوزەرانی گەلی کورد لەو وڵاتە و هەروەها دوا پێشهاتە سیاسییەکانی ناوچەکە و جیهان تاوتوێ کرا و شاندی میوان کورتەیەکیان لە کار و چالاکی و ئامانجە سیاسییەکانی حزبەکەیان بۆ سەرۆک بارزانی خستەڕوو.

نێچیرڤان بارزانی و کونسوڵی کۆماری میسری عەرەبی کۆبوونەوە



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی دەستبەرکاربوونی لە بەڕێز ئەحمەد حارس کونسوڵی کۆماری میسری عەرەبی لە هەرێمی کوردستان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکی نوێیدا، هەروەها پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و کۆماری میسری دووپات کردەوە و هیوای خواست لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەتی لە بواری بازرگانی، ئابووری و گەشتیاریدا پەیوەندییەکان بەهێزتر بکرێن و لەمبارەیەوە هەموو هاوکاری و ئاسانکارییەکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دووپات کردەوە.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا کە نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە 2019/4/30 لە هەولێر بەڕێوەچوو، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پوختەیەکی دەربارەی قۆناغی شەڕی دژی داعش و قۆناغی دوای نەمانی، بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا، باشتربوونی دۆخی ئابووری و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش کرد.

لای خۆیەوە بەڕێز ئەحمەد حارس خۆشحاڵیی خۆی بە یەکەم دیداری لەگەڵ بەڕێز سەرۆک وەزیران دوای دەستبەکاربوونی وەک کونسوڵی وڵاتەکەی دەربڕی و پوختەیەکی لە کار و چالاکییەکانی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان پێشکەش کرد و خواستی وڵاتەکەی بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتری پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بوارەکانی بازرگانی، ئابووری، گەشتیاری و زانیستیدا، نیشان دا.

فازڵ میرانی: هەرێمی کوردستان نموونەی ڕاستەقینەی ئایین و ئایینزا جیاوازەکانە



ڕۆژی سێشەممە 2019/4/30 لە بارەگای مەکتەبی سیاسی، فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازیی لە دکتۆر خالید شەوکەت، سەرۆکی پەیمانگای عەرەبی دیموکراتی و سەرکردەی بالآی پارتی نیدائی تونس و دکتۆر عەبدولحوسێن شەعبان، بیرمەند و لێکۆڵەری عەرەبی و دۆستی دێرینی گەلی کورد و خانزاد ئەحمەد عەبد، ئاکادیمی و چالاکی مافی مرۆڤ کرد. لە دانیشتنێکدا کە هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئامادە بوو، سکرتێری مەکتەبی سیاسی، وێڕای بەخێرهێنانی میوانەکان باسی لە بارودۆخی ئێستای عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کرد و ئاماژەی بەوەش دا کە هەوڵەکانمان بەردەوامن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گوتی، هەرێمی کوردستان نموونەی ڕاستەقینەی ئایین و ئایینزا جیاوازەکانە، کە لە سایەی گیانفیدایی پێشمەرگە قارەمانەکان و هێزە ئەمنییەکان شەونخونیان کێشاوە بۆ دابینکردنی ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان. دواتر فازڵ میرانی لە کورتەیەکدا باسی لە دامەزراندن و مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغە جیاجیاکانی ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد کرد و تیشکی خستە سەر سیاسەت و خۆگونجاندن و هەوڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گەشەپێدانی دیموکراتییەتی ڕاستەقینە لە هەرێمی کوردستان و عێراق و کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا. هەروەها میرانی خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەم دیدارە دەربڕی و خوازیارە پەیوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی نیداء تونسی بەرەوپێش بڕوات و کار بکرێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان.

هەروەها سکرتێری مەکتەبی سیاسی باسی لە گرنگی بواری کەلتووری و دیموکراتی و کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسەتێک کە لە خزمەت گەل و وڵاتدا بێت و هەروەها فازڵ میرانی ڕۆڵی دکتۆر عەبدولحوسێن شەعبانی بۆ پشتگیری کرن لە مافەکانی ڕەوای گەلی کورد بەرز نرخاند کە دۆستێکی دێرینی گەلی کورد و ڕایگەیاند، هیچ کات ڕۆڵیان لەبیر ناکرێت. هەروەها پەسنی ڕۆڵی دکتۆر خانزادی کرد لە بەشداری کردنی لە کۆڕ و سیمیناری گرنگ تایبەت بە کلتووری پێکەوەژیان و یەکتر قەبوڵکردن کە ڕۆڵێکی گرنگی بۆ ناساندن و گەیاندنی ئەم کولتوورە جوانەی لە کوردستاندا هەیە. لە لای خۆیەوە دکتۆر خالید شەوکەت سەرکردەی بالآی حزبی نیدای تونسی خۆشحاڵی و سوپاسگوزاری خۆی بۆ ئەم دیدارە و پێشوازییە گەرمەی کە لێیان کراوە دەربڕی و کورتەیەک لە کار و چالاکییەکانی حزبی نیدای تونسی باس کرد و خوازیارە کە پەیوەندییەکانی هەردوولا گەشەی پێبدرێت و پتەوتر بکرێت و ئاماژەی بەوەدا کە گەلی کورد گەلێکی قارەمانە و لە پێناو ئازادی و سەربەستی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی ئازاری زۆریان چەشتووە و ئێمە پشتگیری لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەکەین بە هەموو شێوەیەک. ئاماژەی بەوەش دا کە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی سەرکردەیەکی دیارە لە مێژووی بزاوتی ڕزگاریخوازی گەلاندا و حیکمەت و ڕۆڵی بەڕێزیان گرنگ و دیارە لە ئاشتەواییی و پێکەوەژیان و یەکتر قەبوڵکردن لە ناوچەکە. دواتر باسی لەوە کرد کە گرنگە کار بکرێت بۆ دانانی پردێکی پەیوەندی و گفتوگۆی نێوان کۆمەڵگای کوردستان و تونسی و پەرەپێدان و ئالوگۆڕی کولتووری و بازرگانی و سوودوەرگرتن لە تواناکانی هەردوولا بە تایبەت لە بواری کشتوکاڵدا. لە کۆتاییدا هەموو لایەک هاوڕابوون کە دەبێت کار بکرێت و گفتوگۆی جدی هەبێت لە نێوان نەتەوە جیاجیاکان لە ناوچەکە کە سەقامگیری و ئاشتەوایی و خۆشگوزەرانی دابین بکات.

شاندێکی پارتی سەردانی بارەگای تازەی "هودا پار" یان لە شاری هەولێر کرد



بەبۆنەی کردنەوەی بارەگای فەرمی هودا پار لە شاری هەولێر، دوێنێ چوارشەممە 2019/5/1 شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوون لە کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەولێری پارتی و عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی دیسکی پارتەکانی تری کوردستان و ئەندامانی مەکتەب،سەردانی بارەگای تازەی "هودا پار" یان لەشاری هەولێر کردو لەلایەن ئیسحاق ساغلام سەرۆکی گشتی هودا پار و جێگرو ئەندامانی شورای ناوەندی هوداپار پێشوازی کران.

شاندی پارتی بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی و خۆشحاڵی خۆیان بە کردنەوەی بارەگای فەرمی "هودا پار" لە هەرێمی کوردستان دەربڕی و تەئکیدیان کردەوە لە سایەی ئازادی و دیموکراسی ڕەوشی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ بەدیان کونسوڵ و نوێنەری پارچەکانی تری کوردستان و لایەنی سیاسی عەرەبی لە هەرێمی کوردستان لە خزمەت بەرژەوەندی و پەیوەندی نێوان کوردستان و وڵاتەکەیان کاردەکەن و هەماهەنگن بۆ گۆڕینەوەو تێگەیشتن لە هزری سیاسی و بیر و کولتوور و ڕۆشنبیری نێوان وڵاتەکەیان و هەرێمی کوردستان، هاوکات شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان پالپشتی خۆیان بۆ سەرۆکی گشتی هودا پار و پارتەکەی و هەماهەنگییەکانی نێوان هەردوولا دووپات کردەوە، هەرلەو دیدارەدا سەرۆکی حزبی هودا پار دوای بەخێرهێنان سوپاسی حکوومەتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد لە هەماهەنگی و هاوکاری کردنیان لە کردنەوەی بارەگایان لە شاری هەولێر، هەروەها تەئکیدی کردەوە لە پێناو بەرژەوەندی و خزمەتکردنی گەلی کوردستان هاوکار و هەماهەنگ دەبین وەک ئەرکێکی نیشتمانی.

حاکم گۆران لە تەمەنی 56 ساڵیدا کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا



بەرەبەیانی دوێنێ چوارشەممە 2019/5/1 حاکم گۆران، دوای نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد، کۆچکردوو شەوی سێشەممە لەسەر چوارشەممە لە پەخشێکی ڕاستەوخۆی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکدا بە چەکی کلاشینکۆف تەقەی لە خۆی کرد و دواتر لە نەخۆشخانەی ئاکرێ، بەهۆی سەختی برینەکەی لە تەمەنی 56 ساڵیدا گیانیلەدەستدا.

سوبحی عەبدوڵلا، ناسراو بە حاکم گۆران ساڵی 1963 لە دایکبووە، خەڵکی ئاکرێیە و سالانێکی زۆریش لە ئەوروپا و بە تایبەتی لە هۆڵەندا ژیاوە، بۆ پالپشتی لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان گەڕایەوە کوردستان و ماوەیەکی زۆریش لەسەر یەکێک لە چیاکان ژیانی تەنیایی هەڵبژارد و بەردەوامیش بانگەشەی ئەوەی دەکرد هەتا کوردستان سەربەخۆیی وەرنەگرێت لەسەر چیا نایەتەوە خواردەوە، لەو ماوەیەشدا چەندان چالاکی جۆراوجۆریشی بۆ پالپشتی لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان و تەبایی لایەنە سیاسییەکان ئەنجامدا.

نووری حەمە عەلی: پێویستە بەپەلە چارەسەرێک بۆ ناوچە کوردستانییەکان بدۆزرێتەوە

بەرپرسی میحوەری کەرکوک- پردێ، نووری حەمە عەلی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بنبڕکردنی داعش ئەستەمە، لەبەر ئەوەی لێرە نامێنێت، لە شوێنێکی دیکە دەردەکەوێتەوە، بۆیە پێویستە لە ڕیشەوە دەربهێندرێت و گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی خەڵکی ناوچەکەدا پێک بێت، چونکە تاوەکو بە شێوازی داعش بیرکردنەوەیان هەبێت، بنبڕکردنیان ئەستەمە. بۆیە بنبڕکردنی داعش دوو لایەنە، ئەوانیش نەهێشتنی داعش لە ڕووی بیرکردنەوە و نەهێشتنی داعش لە ڕووی سەربازییەوەیە، ئەگەرنا زور زەحمەتەوە بنبڕ بکرێن و بەردەوام دەبن. ئەو بەرپرسە گوتیشی: دەرکەوتنەوەی ئەمیری داعش لەم کاتەدا زۆر ماناداره و پێویستە حیسابی جددی بۆ بکرێت، چونکە بە دەرکەوتنەوەکەی نیشانی دا کە داعش هێشتا ماوە و بەهێزە و مەترسیشە بۆ سەر هەموو ناوچەکان. پێشتر باس لەوە دەکرا کە داعش نەماوە، ئێستا دیار کەوت کە هێشتا ماوە. باسی لەوەش کردووە: پێویستە بۆ هەبوونی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان چارەسەرێکی بەپەلە بۆ ئەو ناوچانە بدۆزرێتەوە، ئەگەرنا داعش مەترسییەکی جددیە و کۆتاییی نەهاتووە.

تا ئێستا 137 تەرم لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شنگالدا دۆزراونەتەوە

قایمقامی قەزای شنگال دەڵێ، هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شنگال بەردەوام دەبێت و تا ئێستا 137 ڕوفات دەرهێندراون و پێشبینی دەکرێت تەنیا لە کۆچۆ 500 ڕوفات لەنێو گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا هەبن. مەحما خەلیل، قایقامی قەزای شنگال، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شنگال بەردەوامە و تا ئێستا لە سنووری کۆچۆ10 گۆڕ هەڵدراونەتەوە و 137 ڕوفاتی تێدا بووە و ڕەوانەی بەغدا دەکرێن بۆ ئەوەی پشکنینیان بۆ بکرێت و دواتر ڕەوانەی هەولێر دەکرێن و ڕادەستی کەس و کاریان دەکرێنەوە. گوتیشی: پێشبینی دەکرێت تەنیا لە سنووری کۆچۆ 500 ڕوفات لەناو گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا هەبن و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەردەوام دەبێت تاوەکو تەواو دەبن. لە سنووری قەزای شنگال73 گۆڕی بەکۆمەڵ هەیە و ئێستا تیمێکی هاوبەشی هەرێم و بەغدا بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستیان بە هەڵدرانەوەیان کردووە.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/5/2 ژمارە (5741)

نێچیرڤان بارزانی: بەردەوام کار لەسەر باشترکردنی سیستەمی تەندروستی دەکەین

سیستمی تەندروستی کە تا ئێستا چارەسەرکردنە، دەبێ بکرێتە خۆپاراستن

پێویستە ئاسایشی خۆراک کە بەشێکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەییمانە بپارێزرێت

ڕێژەی نەخۆشخانە حکوومییەکان لە 26ەوە بۆ 76 نەخۆشخانە و بنکەکانی تەندروستی لە 178ەوە بۆ 967 بەرز بۆتەوە



سەرلەبەیانیی دوێنێ چوارشەمە 2018/5/1 بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و بەڕێزان قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک لە وەزیر و پەرلەمانتارانی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان و کونسوڵ و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی و ژمارەیەکی زۆری پرۆفیسۆر و دکتۆر و پزیشک و شارەزا و پسپۆڕانی بواری تەندروستی و پزیشکیی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان لە هەولێر کۆنگرە و پێشانگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دەرمانسازی و پزیشکی و پزیشکیی ددان (فارمیدێنت) لە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بەڕێوچوو.

دوای کردنەوەو بەسەرکردنەوەی پێشانگاکە لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانییەوە، لە وتەیەکدا بەڕێزیان بەخێرهاتنی ئامادەبووانی ڕێوڕەسمەکەی کرد بەتایبەتی بەڕێزان د. علاء الدین العلوان وەزیری تەندروستیی عێراق، د. قصی السهیل وەزیری خوێندنی باڵای عێراق، د. مصطفی الهیتی سەرۆکی سەندووقی ناوچە زیانبەرکەوتووەکانی تیرۆر و لایەنە پەیوەندارەکانی پەرلەمانی عێراق و خۆشحاڵیی خۆی بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆری پرۆفیسۆر، دکتۆر، پزیشک، شارەزا و پسپۆڕانی بواری تەندروستی و پزیشکیی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و چەندین وڵاتانی جیهان لە چالاکییەکەدا دەربڕی.

بەڕێزیان سوپاس و دەستخۆشی لە کۆمپانیای (ئێرا ئاربۆ) کرد بۆ ڕێکخستنی ئەم چالاکییە و هیوای خواست چالاکییەکە ببێتە دیدارێکی ساڵانەی بەرهەمدار لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان و ڕاسپاردە و ئەنجامی باشی لێ بکەوێتەوە و هاوکار بێت بۆ بردەوان بە کەرتی تەندروستی و پزیشکی و سەرخستنی پلان و ستراتیژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق لە دابینکردنی باشترین سیستم و خزمەتگوزاریی تەندروستی و پزیشکی بۆ هاوواڵتیان.

بەڕێزان،

دۆخی سەختی ساڵانی ڕابردووی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای ساڵی 2014ەوە کە بە بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان دەستپێکرد، تا شەڕی داعش و هاتنی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر بۆ هەرێمی کوردستان و دابەزینی نرخی نەوت، وەک هەموو کەرتەکانی دیکە، کاریگەریی خراپی لەسەر کەرتی تەندروستیی هەرێمی کوردستانیش هەبووە و زۆربەی پلان و بەرنامەکانی حکوومەتی لە هەموو کەرتەکاندا پەکخست، یان دوا خست.

بنیاتنانی سیستەمێکی تەندروستیی پێشکەوتوو، ستراتیژ و کارێکی لەپێشینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە وەک بەرنامە .حکوومەت هەر زوو درکی بەوە کردووە کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە سیستەمێکی تەندروستیی هاوچەرخ هەیە، بەڵام بنیاتنانی سیستەمێکی تەندروستیی ئاوها لەسەر بنەمای ئەو کولتوورە باوەی پێشتر هەبووە و بە دەیان ساڵ بەردەوام بووە، هەروەها ئەو کارانەی پێشتر لە هەموو عێراق کراوە و ڕووبەرووی سیستەمەکە بە چ شێوەیەکە، کارێکی ئاسان نییە کە بتوانین ئەمانە هەموویان بگۆڕین، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەرێمی کوردستان بووە، بەڵام بنیاتنانی لەسەر بنەمای کولتووری پێشتر کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان پێرەوکراوە کارێکی ئاسان نییە و تەحەدییەکی گەورەیە.

بەڕێزیان جەختی کردەوە کە بەپێی توانا هەوڵیان بۆ بردەودان بە کەرتی تەندروستی داوە، هەروەها لەگەڵ بوونی ئیرادەیەکی بەهێز بۆ پەرەپێدان لەو کەرتەدا، خزمەتگوزاریی تەندروستیی کەرتی گشتی بێ بەرامبەر بۆ هاوواڵتییان پێشکەش کراوە، ڕێژەی دامودەزگا تەندروستی و پزیشکییەکان بەرز بووەتەوە، خوێندنی زانکۆیی و پسپۆڕیی جۆراوجۆری پزیشکی پەرەی سەندووە، خزمەتگوزاریی تەندروستی و پزیشکییەکان بەرز بووەتەوە، خوێندنی زانکۆیی و پسپۆڕیی جۆراوجۆری پزیشکی پەرەی سەندووە، خزمەتگوزاریی چارەسەری سەرەتاییی تەندروستی لە ئاستێکی باشدا بووە.

بەڕێزیان ئاماژەی بەوەش دا کە کەرتی تەندروستی پێویستی بە تەرخانکردنی بودجەی زیاترە، سیستمی تەندروستی کە تا ئێستا چارەسەرکردنە بکرێتە خۆپاراستن، ڕێژەی پسپۆڕی لە پلاندانانی تەندروستی، خزمەتگوزاریی پەرستیاری، تەکنەلۆژیای زانیاریی تەندروستی باشتر بکرێت و هەموو نەخۆشێک دۆسیەی ئەلەکترۆنی بۆ بکرێتەوە، گرنگییەکی تایبەت بە کوالێتیی خۆراک بدرێت و ئاسایشی خۆراک کە بەشێکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەییە بپارێزرێت، هەماهەنگیی نێوان هەردوو کەرتی تەندروستیی گشتی و تایبەت و کوالێتیی دەرمان بەرزتر بکرێتەوە، سیستمی پزیشکیی خێزان و سیستمێکی بیمە کە بۆ هەموو عێراق گونجاو بێت پەیڕەو بکرێت و خزمەتگوزاریی فریاکەوتنی خێرا کاراتر بکرێت.

ئەمەش تەنها بەشێک بوو لە ئەرکەکانی ئێستای وەزارەتی تەندروستی

بۆ ئاریز عەبدوڵڵا..

بە چاوێلکەی خۆتانەوە سەیری پارتی مەکەن!

چاودێرێک

ڕاستە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت دواکەوت، بۆیەش پێویستە هاووڵاتیانی کوردستان بەشێک لە هۆکارەکانی دواکەوتنی حکوومەت بزانن بۆ ئەوەی بە ئاسانی بە پڕوپاگەندەی هەندێک بەناو سیاسەتوانۆکەی تووتی ئاسا بڕوا نەکەن، کە بە ئارەزووی خۆیان و دوور لە ئەتەکێتی سیاسی، بە دڵی ئاغاکانیان قسە لەسەر پرسگەلێکی گرنگیی کوردستان دەکەن، بەتایبەتی ئەو سیاسەتوانۆکانەی لەم قۆناغەدا لەبارەی پێکهێنانی حکوومەت قسە دەکەن، بەشی زۆریان هێندەی بەدوای دروستکردنی ئاژاوە و فیتنەگەڕی دەگەڕێن، بەڵکو چارەگی ئەوە هەوڵی ئاشتەوایی لەنێوان لایەنە سیاسییەکان نادەن و بەپێچەوانەوە بە نەرێنی کار لەسەر سایکۆلۆژییەتی کۆمەڵگە دەکەن.

ئاریز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی، یەکێک لەوانەی ناو گرووپە قسەکەڕەکانی یەکێتی، ئەو گرووپەی خۆیان لە لێدوانی لۆژیکی و ڕاستگۆیانە بە دوور دەگرن و پەنا بۆ قسەگەلێکی ئەوتۆ دەبەن کە نەک هەر هاووڵاتییان تەنانەت خۆشیان باوەڕیان بە قسەی خۆیان نییە، بەتایبەتی لە پرسی پێکهێنانی حکوومەت و ڕەخنەگرتن لە پارتی. کاک ئاریز لە تازەترین لێدوانیدا دەڵێت: ئەگەر کێشەی ناوخۆیی پارتی نەبوایە دەمێک بوو حکوومەت پێکهاتبوو. ئەم قسەیە ڕێک پێچەوانەکەی ڕاستە، ئەگەر گرووپەکەی ناو حزبەکەی ناوبراو نەبوایە، دەمێک بوو حکوومەت پێکهاتبوو، نەک خەتای پارتی بێت، خەڵکی کوردستان و خودی کاک ئاریزیش دەزانن کە پارتی لە پرسی پێکهێنانی حکوومەتدا زۆر جدییە، ئەوە ئەو گرووپەی ناو حزبەکەی ناوبراون، کێشە دروستدەکەن و هەر کاتێکیش گفتوگۆکان بە ئاڕاستەی ئەرێنیدا بچێت، ئەو گرووپەی کاک ئاریزەکان، قسەی نەرێنی دەکەن بە مەبەستی تێکدانی ڕەوتی دانوستانەکان. هەڵبەت لێرەدا باسی گرووپێکی ناو یەکێتی دەکەین، نەک یەکێتی وەک حزب. چونکە ئاشکرایە یەکێتی دووچاری چ بااڵبااڵێنێکک بووەتەوە و هەموو بااڵەکانیشی دژی یەکتری کار دەکەن و ئەوەش کاریگەری لەسەر ڕەوتی گفتوگۆکانیش دروستکردووە.

ئاریز عەبدوڵڵا وەک ئەوەی لە شوێنێکی تر هاتبێت و ئاگاداری ژمارەی کورسی حزبەکانی کوردستان نەبێت، دەڵێت: پێویستە پارتی ڕێگە بدات یەکێتی حکوومەت پێکهێنێت. ئەم قسەیەی ڕێک کۆمێدیایە، بەوەی تەنانەت هەرزەکارێکی ناو حزبێکی سیاسی، پەنا بۆ ئەو جۆرە قسە نالۆژیکییە نابێت، چ جای ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبێک بیکات! ئاخر هێندە بازاڕییە، کە پێویست بوو دوای بااڵبوونەوەی تەنانەت داوای لێبووردنیش بکات نەک شانازی بەو کۆمێدیایەوە بکات. پارتی 45 کورسی هەیە و یەکێتیش 21 کورسی، واتە تەنیا کورسییە زیادەکانی پارتی، ژمارەیان لەو کورسییانەی کە یەکێتی هەیەتی، هێشتا زیاترن، واتە پارتی نەک هەر لەگەڵ یەکێتی یەکسان نییە، بەڵکو 24 کورسیشی زیاترە. کەوایە بە چ مافێکی یاسایی ئاریز عەبدوڵڵا داوا دەکات یەکێتی حکوومەت پێکبهێنێت! بەاڵم دیارە ئامانجی ئەو قسەیەی هەم خۆدزینەوەیە لە واقیعە سیاسییەکە، هەمیش خەتای گرووپەکەیان دەخاتە ئەستۆی پارتی گوایە حکوومەت پێکناهێنێت.

ئاشکرایە ئەو گرووپەی یەکێتی دەیەوێت نێوانی پارتی و گۆڕان بەهۆی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم تێکبدات، بەوپێیەی ئەو پۆستە دراوەتە گۆڕان، کەچی یەکێتی داوای دەکات، بەاڵم ئامادە نییە جێگری سەرۆکی حکوومەت، یان سەرۆکی پەرلەمان بداتە گۆڕان کە مافی گۆڕانە لەو سێ پۆستە یەکێکیان وەربگرێت، چونکە حزبی سێیەمە. کەوایە پێداگری ئەو گرووپەی یەکێتی بۆ ئەوەیە کێشە دروستبکەن بە فیتی ئەجێندای دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

ئاریز عەبدوڵڵا تۆمەتی ئەوەش دەداتە پاڵ پارتی، گوایە کێشەی ناوخۆیی لەناو پارتیدا هەیە، بۆیە پێکهێنانی حکوومەت دواکەوتووە. دیقەت بدەن، ناوبراو لە چاو ئەو لێشاوە زۆرەی کێشە و ململانێ و بااڵبااڵێنەی ناو حزبەکەی خۆیەوە، هاتووە سەیری پارتی دەکات! ئەمەش کۆمێدیایەکی تری قسەی بازاڕیانەی ئەو پیاوەیە و مایەی پێکەنینە. ئاخر ئەو دەزانێت لەناو پارتی کێشەی ناوخۆیی نەبووە و ئەوە تەنیا خەون و خەیاڵی کاک ئاریزەکانە. ئاشکرایە کە پارتی لە ماوەی تەنیا یەک کاتژمێردا توانی دوو کاندیدی خۆی بۆ دوو پۆستی گرنگی کوردستان، واتە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت یەکلا بکاتەوە و هەموو کادیر و ئەندامانی پارتیش بە خودی کاندیدەکانەوە پێشوازیان لەو بڕیارەی سەرکردایەتیی پارتی کرد. بەپێچەوانەوە ئەوە حزبەکەی کاک ئاریزە زیاتر لە سێ مانگە ناتوانن تەنیا کاندیدێک بۆ سەرۆکی پەرلەمان دیاری بکەن بەهۆی ئەوەی سەرجەم بااڵکانی ناو حزبەکەی، داوای ئەو پۆستە دەکەن، ئێ خۆ ناکرێت پەرلەمان چەندان سەرۆکی هەبێت، لەبەر ئەوەی هەموو بااڵکانی یەکێتی داوای ئەو پۆستە دەکەن!

مەکتەبی سیاسی جەژنی جیهانیی کرێکاران پیرۆز دەکات



مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی یەکی ئایار جەژنی جیهانیی کرێکاران پەیامێکی پیرۆزبایی ڕاگەیاند کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەبۆنەی هاتنەوەی 1ی ئایار جەژنی جیهانیی کرێکاران گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرجەم کرێکارانی کوردستان و جیهان دەکەین، هەمیشە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری کرێکاران لە بونیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەماندا مایەی شانازی بووەو نکوڵی لەو قوربانیدان و ئەو دەسکەوتانەیان ناکرێ لەو بوارەدا، بۆیە گرنگی و بایەخی کرێکاران لە خەبات و تێکۆشانی ڕەواياندا بەردەوام بەرز دەنرخێنین.

بەو بۆنە پیرۆزەوە، وێڕای پشتیوانی تەواومان بۆ بەدەستهێنانی تەواوی مافە ڕەواکانیان و دابینکردن و فەراهەمکردنی ژیان و گوزەرانێکی شایستە بۆ کرێکاران، داواکارین هەردەم شانبەشانی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستانیی بە گیانی بەپرسانە و دڵسۆزانەیان هەمان دەست و بازووی بونیادنان و ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوەی هەرێمی کوردستان بن تا بەهەموو لایەکمان بتوانین زیاتر هەنگاو بۆ پێشەوە بنێین و مافەکانی گەلەکەمان بەدی بێنین.

جارێکی دیکە 1ی ئایار جەژنی جیهانی کرێکاران لە سەرجەم کرێکارانی کوردستان وجیهان پیرۆز دەکەین..

مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان

2019/4/30

حکوومەتی هەرێم:

هەوڵی جددی دەدەین بۆ باشترکردنی گوزەرانی کرێکاران و مافەکانیان



بەبۆنەی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکاران، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا ڕایدەگەیەنێت کە بەپایەخەوە لە ڕۆڵ و گرنگیی ئەو توێژە دەڕوانن و پەرۆشی دەستەبەرکردنی ماف و داخوازییەکانییانە، ڕاشیدەگەیەنێت "هەوڵی جیددی دەدەین بۆ باشترکردنی گوزەران و مافەکانییان". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە بۆنەی یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانیی کرێکارانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرجەم کرێکارانی کوردستان و جیهان دەکەین. یەکی ئایار ڕۆژێکی گرنگ و پرشنگدارە بۆ بەبیرهێنانەوە و دڕێژەپێدان بە خەباتی کرێکاران لەپێناو داکۆکیکردن لە ماف و خواستە ڕەواکانیان. کرێکاران توێژێکی زیندووی بەرهەمهێنی کۆمەڵگان، کرێکارانی کوردستانیش ڕۆڵی کاریگەریان لە پرۆسەکانی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان و پەرەپێدانی کوردستاندا هەیە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بایەخەوە لە ڕۆڵ و گرنگیی ئەم توێژەی کۆمەڵگاکەمان دەڕوانێت و پەرۆشی دەستەبەرکردنی ماف و داخوازییەکانیانە، هەوڵی جددی دەدات بۆ باشترکردنی گوزەران و ڕەخساندنی زیاتری دەرفەتی کار و خزمەتگوزاری و مافەکانیان، هانی کەرتی تایبەتیش دەدات کە بە پشتیوانی و هاوکاریی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەت، ڕەچاوی زیاتری ماف و داخوازییەکانی کرێکار بکەن و خۆیان بە بەرپرسیار بزانن بەرامبەر بە پێداویستییەکانی کرێکاران و ڕەخساندنی کەش و ژینگەی کار لە ئاستێکی چاوەڕوانکراو و سەردەمیانەدا.

وێڕای دەستخۆشیکردن لە سەندیکای کرێکارانی کوردستان بۆ داکۆکیکردن و پشتیوانییان لە ماف و داخوازییەکانی ئەم توێژە گرنگەی کوردستان، هانیان دەدەین بۆکار و خزمەتی زیاتر لەپێناو بەدیهێنانی خواستەکانی کرێکاراندا، حکوومەتی هەرێمیش وەک هەمیشە بۆ ئەم مەبەستە پشتیوانی هەوڵەکانیان دەبێت.

بەرز و پیرۆز بێت یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانیی کرێکاران..

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

1ی ئایاری 2019

سەرۆکایەتی پەرلەمان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی کرێکارانی کوردستان دەکات

لەم خولەدا بەیاسا دەستەبەرکردنی ماف و فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی سەرجەم کرێکاران بەدیدەهێنین

بەبۆنەی 1ی ئایار جەژنی کرێکارانی جیهان، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، پەیامێکی پیرۆزباییی ئاراستەی کرێکارانی کوردستان و جیهان دەکات، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەبۆنەی 1ی ئایار، جەژنی کرێکارانی جیهان، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی کرێکارانی کوردستان و جیهان دەکەین، یەکی ئایار لە جیهاندا بووەتە هێمای تێکۆشان و کۆڵنەدانی کرێکاران لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانیان.

پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێنجەمدا کار دەکات لەسەر بەدیهێنان و پاراستنی مافی کرێکارانی کوردستان لە ڕێگەی پەسندکردنی یاساو هەمواركردنەوەی ئەو یاسایانەی کە پەیوەستن بەدەستەبەرکردنی ماف و فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانیی سەرجەم کرێکاران.

پیرۆزبێت یەکی ئایار جەژنی کرێکارانی جیهان..

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە وڵاتی کرواتیا دەکات



ڕۆژی سێشەممە 30ی نیسانی 2019 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەئامادەبوونی د. ڕێبوار بابکەیی، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان، لە نوسینگەی تایبەتیی خۆی لە تەلاری پەرلەمان، پێشوازیی کرد لە پیتەر گالبرێس، باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە وڵاتی کرواتیا و دۆستی دێرینی گەلی کورد.

لە دیدارێکدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، باسی لە بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و هەنگاوە یاساییەکانی پەرلەمان بۆ پڕۆژەپێشنیازی کاراکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆی نێوان لایەنە سیاسییە بەشدارەبووەکانی پێکهێنەری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردو ڕایگەیاند: لایەنە سیاسییەکانی پێکهێنەری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم لە ڕێککەوتنی کۆتایی نزیکبوونەتەوەو پێشبینی دەکەین لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا ڕێککەوتنەکان واژۆ بکرێن، پەرلەمانی کوردستانیش بەشێک دەبێت لەچارەسەر و نابێتە دروستکەری کێشە بۆ کۆی گشتیی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

هەر لە دیدارەکەدا هێمن هەوامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، جەختی لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا کردەوە، بەتایبەتی لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و کۆنگرێسی ئەمەریکا بۆ ئەوەی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان سوود لە ئەزموون و کاری ئەنجوومەنی سیناتی ئەمەریکا وەربگرن.

لای خۆیەوە پیتەر گالبرێس، باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە وڵاتی کرواتیا و دۆستی دێرینی گەلی کورد، خۆشحاڵیی خۆی بەسەردانی پەرلەمانی کوردستان دەبڕی و هیوای خواست کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زووترین پێک بێت و ئامادەیی خۆشی دەربڕی بۆ هەموو جۆرە هاوکاری و هەماهەنگییەک بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و کۆنگرێسی ئەمەریکا.

ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە ماوەی یەک هەفتە مۆڵەت دەداتە حکوومەتی عێراق



سەباح بەزونی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە بە باسنیوزی ڕاگەیاند، ئەنجومەنەکەی داوای لە حکوومەتی عێراق کردووە کەیسی بە هەرێمبوونی بەسرە بنێرێتە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان. سەباح بەزونی هەروەها ڕایگەیاند، کە ماوەی یەک هەفتە مۆڵەتیان بە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق داوە بۆ ناردنی کەیسەکە بۆ کۆمسیۆن و لە ئەگەری وەاڵمنەدانەوەی داواکەیان، پەنا دەبەنە بەر دادگای فیدراڵی.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە ئاماژەی بەوەش کردووە، کە حکوومەت نایەوێ مافە دەستوورییەکانی بەسرە دابین بکات. پارێزگای بەسرە، کە کەوتووەتە باشووری عێراق و بە شادەماری ئابووریی ئەو وڵاتە دادەندرێ، لەلایەن حکوومەتی ئەو وڵاتەوە بە تەواوی پشتگوێ خراوە و دانیشتوانەکەی تەنانەت لە ئاوی خواردنەوە بێ بەشن، بۆیە چەند ساڵێکە هەوڵی ڕاگەیاندنی هەرێمی بەسرە دەدەن. بەپێی ماددەی 119ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، هەموو پارێزگاکانی عێراق مافی داواکردنی بوون بە هەرێمیان هەیە، بەو مەرجەی یەک لە دەی دەنگدەرانی پارێزگاکە یان یەک لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا، داوای بوون بە هەرێم بکەن.

ڕاگەیەندراوێک سەبارەت بە گرتنی بەرپرسی ئۆفیسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە شنگال

چەندین جار لە لایەن چەکدارانی پەکەکەوە ڕێگری لە تیمەکانمان کراوە

دەزگای خێرخوازی بارزانی لە ڕاگەیەندراوێکیدا بۆ ڕای گشتیی ئاشکرای دەکات کە ڕۆژی 2019/4/28 لە کاتی پێشکەشکردنی هاوکاری بە خەڵکی شنگال لە لایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانی و ڕێکخراوی کەنیسەی لێبراسکای ئەمەریکاوە، چەکدارانی پەکەکە هەڵدەکوتنە سەر کارمەندان و بەرپرسی ئۆفیسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە شنگال و زیندانی دەکەن، دەزگاکە داوا لە حکوومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان و هێزی هاوپەیمانان و ڕێکخراوە مرۆییەکان لە جیهاندا دەکات ڕێگە نەدەن گرووپە چەکدارەکانی دەڤەری شنگال ئەو ناوچەیە بکەنە گۆڕەپانی ململانێی خۆیان، چونکە خەڵکی شنگال پێویستیان بە زیاتر بەهاناوەچوون و باشترکردنی ڕەوشی ژیان و بنیاتنانی ژێرخانی دەڤەرەکە هەیە .ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:



لە ڕۆژی یەکەمی داگیرکردنی شنگال لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە، ئێمە وەکو دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ڕێگەی فرۆکە و ئۆتۆمبێلەوە هاوکاریی مرۆییمان گەیاندووەتە خەڵکی سەربەرزی شنگال و تەنیا دەزگاش بووین کە خەڵکی سڤیلی ئەو دەڤەرەمان بەتەنیا جێ نەهێشتووە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە پێداویستییەکانی وەکو ئاو، کارەبا ، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی و جلوبەرگ و خۆراک و سەرپەنایان بۆ دابین بکەین.

ئۆفیسێکمان لەسەر چیای شنگال کردووەتەوە.

لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە مرۆییەدا، چەندین جار لە لایەن چەکدارانی پەکەکەوە ڕێگری لە تیمەکانمان کراوە و پەلامباری ئۆفیسی دەزگا دراوە کە لەسەر چیای شنگالە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بین لە خزمەتکردن بە خەڵکی دەڤەری شنگال بێدەنگیمان بەرانبەر چەکدارانی پەکەکە هەڵنەبژاردووە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هاوکارییان پێشکەشی خەڵکی ئەو دەڤەرە کردووە و لە کۆتایی ساڵی 2018 و سەرەتای ساڵی 2019 دا بڕیارمان دا کە ئۆفیسەکەمان لە چیای شنگال بگوازینەوە بۆ شوێنێکی دیکە لە شنگال، بەڵام بەداخەوە ئەم بڕیارەمان جێبەجێ نەکرا.

لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە مرۆییەدا، چەندین جار لە لایەن چەکدارانی پەکەکەوە ڕێگری لە تیمەکانمان کراوە و پەلامباری ئۆفیسی دەزگا دراوە کە لەسەر چیای شنگالە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بین لە خزمەتکردن بە خەڵکی دەڤەری شنگال بێدەنگیمان بەرانبەر چەکدارانی پەکەکە هەڵنەبژاردووە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هاوکارییان پێشکەشی خەڵکی ئەو دەڤەرە کردووە و لە کۆتایی ساڵی 2018 و سەرەتای ساڵی 2019 دا بڕیارمان دا کە ئۆفیسەکەمان لە چیای شنگال بگوازینەوە بۆ شوێنێکی دیکە لە شنگال، بەڵام بەداخەوە ئەم بڕیارەمان جێبەجێ نەکرا.

چونکە ڕەفتاری چەکدارانی پەکەکە لە شنگال بارگاوییە لە تووندوتیژی و دژی خەڵکی سڤیلی دەڤەری شنگال و ڕێکخراوە خێرخوازی و مرۆییە ناوخۆی و نێودەوڵەتییەکان. ئەمەش وا دەکات ژیانی خۆبەخش و کارمەندانی دەزگاکەمان لە مەترسیدا بێت.

داوا لە حکوومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان و هێزی هاوپەیمانان و ڕێکخراوە مرۆییەکان لە جیهاندا دەکەین ڕێگە نەدەن گرووپە چەکدارەکانی دەڤەری شنگال ئەو ناوچەیە بکەنە گۆڕەپانی ململانێی خۆیان، چونکە خەڵکی سڤیلی شنگال پێویستیان بە زیاتر بەهاناوەچوون و باشترکردنی ڕەوشی ژیان و بنیاتنانی ژێرخانی دەڤەرەکە هەیە .

دەزگای خێرخوازیی بارزانی
2019/4/30



من نەخوەست ژ خەوێ ڕابم
من نەخوەست شەڤ ببت ڕۆژ
ئەو ڕۆژا پێشمەرگە ل کەرکووکێ د گری
من نەخوەست ببینم وێ ڕۆژێ
ئەو ڕۆژا خاینێن کەرکووک فرۆتین
هووکمی بکن ل کوردستانێ
من خوە نە کوشت
من خەما خوە کوشت

دیندار کۆچەر

ئەمەریکا دەیەوێت تاقمی ئیخوان موسلمین بخاتە لیستی تیرۆرەوە



خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

گوتەبێژی کۆشکی سپی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە ئیدارەی دۆنالد ترەمپ دوای ئەوەی حزبوللای خستە لیستی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە، بەنیازە تاقمی ئیخوان موسلمینیش بخاتە لیستی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە.

سارا ساندرز گوتەبێژی کۆشکی سپی ئەمەریکا ڕایگەیاند: کەوا دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا لە گفتوگۆدایە لەگەڵ تیمەکەی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا و هاوپەیمانە ئیقلیمییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ئەوەی بزانێت ئەگەری داخلکردنی تاقمی ئیخوان موسلمین بۆ ناو لیستی گرووپە تیرۆریستییەکان چەند بەسوودە.

ئەم بڕیارەی ئیدارەی ئەمەریکا دوای دیداری نێوان دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا و عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر هات کە دوای دیدارەکە سەرۆکی ئەمەریکا ستایشی بڕیار و هەڵوێستەکانی سیسی کرد بەهۆی ئەو ڕێوشوێنانەی کە دژی گرووپ و تاقمە تیرۆریستییەکان گرتویەتەبەر، بەپێی ئەو نەخشەڕێگایەی کە ئەمەریکا دایڕشتووە، هەر گرووپ و تاقم و حزب و کەسایەتییەک لە جیهاندا بخرێتە لیستی تیرۆرەوە، ئەوا سزای هەموو ئەو دەوڵەت و کەس و لایەنانەش دەدرێت کە پەیوەندیان بەم گرووپە تیرۆریستیانەوە هەبێت شایانی باسە تاقمی ئیخوان موسلمین ساڵی1928 لەسەر دەستی حەسەن بەننا لە میسر دامەزرا و لەم چەند ساڵەی ڕابردووش، سەرۆکی میسر هەموو چالاکییەکانی ئەم گرووپەی قەدەغەکرد و خستیە لیستی تیرۆرەوە. تاقمی ئیخوان موسلمین لە ماوەی ئەم 90 ساڵەی ڕابردوودا فیکرەکەی خۆی بردووەتە دەرەوەی میسر و لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی چالاکی و ئەندام و پەیڕەوکاریان هەیە و بەشێک لە ناوەند و شارەزا ئیسلامییەکانیش دەڵێن ئیخوان موسلمین سەرچاوەی سەرهەڵدانی تیرۆری ئیسلامی سیاسییە و یەکەم کەس ئیخوانییەکان جیهاد و شەڕی چەکداریان بەناوی ئیسلامەوە لە ئەفغانستان دەستپێکرد.

ئەمریکا بۆ یەکەمجار بە F-35A هێرشیکردە سەر داعش

لە چیای حەمرین تونێل و کۆگاکانی چەکی داعشی پێ کراوەتە ئامانج


عێراق... ئەمەریکا بۆ یەکەمجار بە فڕۆکەی F-35A هێرشیکردە سەر داعش



ئەمەریکا بۆ یەکەمجار لە هێرشێکیدا بۆسەر ئامانجەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە چیای حەمرین، فڕۆکەی F-35Aی بەکارهێنا. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە لایەن بنکەی ئاسمانیی ویلایەتی یوتا سەربە هێزەکانی ئاسمانیی ئەمەریکا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە هێزەکانی هاوپەیمانی دژبە داعش لە هێرشەکانیاندا بۆسەر ئامانجەکانی داعش لە باکووری عێراق، دوو فڕۆکەی جەنگیی F-35Aیان بەکارهێناوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە دوو فڕۆکەی F-35Aی سەربە پۆلە فڕۆکەی ڕاوچی 388 و 419 ڕەوانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کراون و هاوپەیمانی دژبە داعش لە هێرشێکیاندا لە ناوچەی دۆڵی چا نێوان کەرکووک و دیالە بەکاریان هێناوە.

هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە ئەو هێرشە یەکەم ئەرکی فڕۆکەکانی F-35A بووە و تیایدا مووشەکی JDAM بەکارهێندراوە و لە چیای حەمرین تونێل و کۆگاکانی چەکی داعشی پێ کراوەتە ئامانج. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەیش خراوەتەڕوو کە فڕۆکەکان لە 15ی نیساندا ڕەوانەی بنکەی ئاسمانیی زەفرەی ئیمارات کراوە. پێڕێش هاوپەیمانی دژبە داعش ڕایگەیاندبوو کە لەو ناوچەیەدا هێرشیان کردووەتە سەر شانە نوستووەکانی داعش. جێی باسە پێشتریش ئەمەریکا لە ئەفغانستان فڕۆکەی جۆری F-35Bی بەکارهێنابوو کە توانای نیشتنەوە و بەرزبوونەوەی ستوونی هەیە.

فەرەنسا هەوڵی ڕادەستکردنی ئەندازیاریکی ئێران بە ئەمەریکا دەدات



بەپێی هەواڵێکی فرانس پریس، داواکاری گشتی شاری ئێکس ئێن پرۆڤێنس داوای لە دادگای تێهەڵچوونەوە دەکات بەدەستەوەدانی ئەندازیاری ئێرانی جەلال روحوللا نەژادی تەمەن 41 ساڵ بە ئەمەریکا پەسەند بکات، پاش دەستگیرکردنی لەلایەن پۆلیسی فەرەنسییەوە. جەلال روحوللا نەژاد لە 2ی مانگی شوباتی 2019 لە فڕۆکەخانەی نیس لە باشووری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا لەلایەن پۆلیسی فەرەنسییەو لەسەر داواکاری ئەمەریکا دەستگیرکرا کاتێک بە ئیزایەکی پیشەگەری بۆ فەرەنسا بەدەستهێنابوو و لە تارانەوە لەڕێگەی فڕۆکەخانەی مۆسکۆوە گەیشتە فەرەنسا.

ئەمەریکا ئەو ئەندازیارە ئێرانییە بەوە تۆمەتبار دەکات کە ئامێرێ تەکنۆلۆجی کڕیوە و لە ڕێگای وڵاتی ئیماراتەوە بە نهێنی گەیشتووەتە ئێران، ئەو ئامێرانەش بەکاردێن لە پیشەسازی مایکڕۆ وەیڤ و سیستەمی دژە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، هەروەها بەرپرسان گوتوویانە دوای گۆڕینی ئەو هاوکارات ئەو ئامێرانە دەکرێت بەکارهێنرێت بۆ دروستکردنی چەکی زیرەک و بەتوانا. هەروەک لە هەواڵەکەدا هاتووە، جەلال روحوللا نەژاد بۆ کۆمپانیای ڕەیان ڕۆشد ئەفزار کاری کردووە کە پەیوەندی هەبووە لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێرانەوە و ئەو سوپایەش خراوەتە لیستی تیرۆر لەلایەن ئەمەریکاوە، هاوکات ئەگەر روحوللا نەژادی تەمەن 41 ساڵ تاوانبار بکرێت بەهۆی ئەو کارانەی کە ڕوویانداوە لە نێوان حوزەیرانی 2016 و نیسانی 2018 ئەوا ڕووبەڕووی 60 ساڵ زیندانی دەبێتەوە. ڕۆژی سێشەمە 30ی نیسانی 2019 لە شاری ئێکس ئێن پرۆڤێنس باشووری فەرەنسا پارێزگاران ئەو تۆمەتانەیان ڕەتکردۆتەوە و گوتوویانە تۆمەتەکان بەشێکن لەو هەڵمەتەی واشنتۆن تا ئابووری ئێران بڕووخێت، جان ئیف لوبرنی پارێزەر گوتوویەتی: ئایا دادگا ئەوەی لەبیر نییە کە ئەمەریکا و ئێران لە جەنگێکی سارد دان.

هاوکات داواکاری گشتی سیرجی بۆکوڤیز دەڵێت: تۆمەتەکان لەگەڵ یاساکانی فەرەنسا دەگونجێت و پێیوایە هیچ ڕێگرییەکی یاسایی نییە بۆ ڕادەستی روحوللا نەژاد بە ئەمەریکا و بڕیار ڕۆژی 22ی ئایاری 2019 دادگای تێهەڵچوونەوەی فەرەنسا دوا بڕیار لەو بارەیەوە بدات.



ڕەخنەی تەرەمپ لە وڵاتانی ئەورووپا لەبارەی داعش

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەرەمپ ڕەخنەی لە وڵاتانی ئەورووپا گرت بە هۆی وەرنەگرتنەوەی چەکدارەکانی سەربە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش کە بە ڕەگەز ئەورووپین و لە سووریا دەستگیرکراون. دۆنالد تەرەمپ لە تویتەر ڕوونکردنەوەی دا سەبارەت بەو تیرۆریستە داعشانەی کە لە سووریا دەستگیریان کردوون.

تەرەمپ باسی لەوە کرد کە لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی داعش لە سووریا هەزار و800 چەکداریان دەستگیرکردووە و ڕایگەیاند: بڕیار دەدرێت لەبارەی ئەوەی ئەو زیندانییە مەترسیدارانە کە چیان بەسەردێت. وڵاتانی ئەورووپا هیچ هاوکار نابن. سەرەڕای ئەوەی سوودی بۆ خۆیان هەیە، بەڵام زیندانییەکان وەرناگرنەوە. ئەوە باش نییە. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەرەمپ لە مانگەکانی پێشتردا بانگەوازی هاوشێوەی ئاراستەی وڵاتانی ئەورووپا بەتایبەتی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئەڵمانیا کرد و ئاماژەی بەوە کردبوو کە بەپێچەوانەوە ناچار دەبن ئەو تیرۆریستانە ئازاد بکەن.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
پێنج شەمە 2019/5/2 ژمارە (5741)
www.xebat.net
خەبات



بەرپرسی لقی دوو: کرێکاران هەوێنی ئاوەدانکردنەوە و جوانترکردنی کوردستانن

بۆ ئاراستەکردنی پەیامی پیرۆزبایی خۆیان بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنیان، سەر لە بەیانی دوێنێ، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری عزەت جەعفەر کارگێڕی لق، سەردانی سەندیکای کرێکارانی کوردستانی کرد و لەلایەن هەنگاو عەبدوللا خان سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزی سەندیکای کرێکارانی کوردستان و ئەندامانی سەندیکاوە پێشوازیان لێکرا. لەو سەردانەدا وێڕای ئاراستەکردنی پەیامی پیرۆزبایی خۆیان بەبۆنەی جەژنی کرێکارانەوە ،بەرپرسی لقی دوو دووپاتی کردەوە کە کرێکاران هەوێنی ئاوەدانکردنەوەو جوانترکردنی کوردستانن، پێویستە هەموو مافێکیان دابین بکرێ و ژیانیان بۆ ئایندەش دەستەبەر بکرێ لەڕێگەی یاسای تایبەت.

سەندیکای کرێکارانیش ئاشکرایان کرد کە یاداشتێکی 8 خاڵیبان داوەتە پەرلەمانی کوردستان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای تایبەت بە کرێکاران، لەوانەش سنووردارکردنی هێنانی کرێکاری بیانی و خانەنشینکردنیان و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی لەگەڵ چەند داوایەکی دیکەش.

بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی پشتیوانی خۆی بۆ داوای کرێکارانی کوردستان دووپات کردەوەو جەختی کردەوە کە ئەوان شایەنی هەموو خزمەتێکن چونکە ئەوان خزمەت بە نیشتیمان دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە، بەرپرسی لقی دوو بە یاوەری د.ئاراس خۆشناو کارگێڕی لقی دوو و ئانۆ جەوهەر بەرپرسی لیژنەی ناوچەی عەنکاوە، سەردانی ئەنجومەنی نەتەوەی کلدانی کرد و لەلایەن جینان جەبار حوسەینی سەرۆکی ئەنجومەن و ئەندامانی ئەنجومەنەکەوە پێشوازیان لێکرا.

لەو سەردانەدا، بەرپرسی لقی دوو پیرۆزبایی - سالەی دامەزراندنی لێکردن و ئومێدی کرد هەوڵەکانی خۆیان زیاتر بخەنە گەڕ لەپێناو چەسپاندنی پرەنسیپی پێکەوە ژیانی نەتەوەو ئایین و پێکهاتەکان، پێشی وابوو پارتی دیموکراتی کوردستان پاراستنی ئەو پرەنسیپەی کردۆتە دروشمی خۆی.

زاخو.. ئاهەنگا دەرچوونا گەڕا 25 یا قوتابیێن ئەکادیمی یا لەشکەری هاتەگێران



خەبات- زاخو: ب سەرپەرشتی وئامادەبونا سەربەست لەزگین بریکاری وزارەتا پێشمەرگەی و ب نوینەراتیا سەروک بارزانی ئاهەنگا دەرچونا گەرا 25 یا قوتابێن ئەکادیمی یا لەشکەری ل زاخو هاتەگێران. ئاهەنگا دەرچونێ دا پلە ئەفسەر ب 122 قوتابێن دەرچوی هاتە بەخشین و دیپەیڤەکێ نەزیر عاسم فەرماندێ ئەکادیمیا لەشکەری دەردچن. ژلایێ خوەڤە بریکاریّ وزارەتا پێشمەرگەی سەربەست لەزگین دیپەیڤەکێ ئاماژەکرە باشترین سەرباز ژ ئەکادیمیا لەشکەری ژبو بەرەڤانیکرنێ ژ دەسکەفتێن خەلکێ کوردستانێ ودهەمان دەم ژی دا تەکەست کر کو هەرێما گرنگی یا ئاڤاکرنا هێزا لە شکەری ژبو بەرەڤانیکرنێ ژ دەسکەفتێن خەلکێ کوردستانێ ودهەمان دەم ژی دا تەکەست کر کو هەرێما کوردستانێ حەز ل شەری نینە. هەروەسا دیارکر کو جەنابێ سەروک بارزانی وحکومەتا هەرێما کوردستانی و وزارەتا پێشمەرگەیی هەردەم گرنگی یە کا مەزن ددنە بیگەهاندنا هێزێن پیشمەرگەی ل سەر بنەمایێن زانستین لەشکەری.

بەرپرسی لقی 16: ئەو بەڵێنانەی بە جەماوەرمان دابوو لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەبنە کارنامەی حکوومەتی کوردستان



بەمەبەستی خستنەڕووی دوایین ڕووداو پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق ناوچەو پرسی دوا قۆناغەکانی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی چیا محەمەد هەرکی کارگێڕی لق و بەرپرس و ستافی لێژنە ناوچەی ڕزگاری و ستافی ڕێکخراوەکان و جەماوەرێکی زۆری سنوورەکە لەناحیەی ڕزگاری سمینارێکی سازکرد. لەدەسپێکی سیمنارەکەیدا بەرپرسی لقی 16 ئاماژەی بەدوایین ڕووداو پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق کرد و ڕۆشنایی خستەسەر دوایین هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆی شاندی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسیەکان و پشوو درێژی پارتیمان لەدانووسانەکاندا بۆ ئەو بەڵێنانە دەگەڕێتەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەخەڵکی کوردستانی دابوو بۆ بنیادنانی کوردستانێکی بەهێزو خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ گەلەکەمان، ئێستاش لەکاتێکدا گەیشتووینەتە دوا قۆناغەکانی پێکهێنانی حکومەت بەلێنەکانی پارتیمان کە بەجەماوەری تێکۆشەری کوردستانی دابوو دەبێتە کارنامەی حکومەتی داهاتووی کوردستان. دواتر بڵند ئیسماعیل ئاماژەی بە دانووسان و گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی حکومەتی بەغدادا لەنێو چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان و کۆتاییهێنان بەکێشەکان بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدرالّ و سەردانی شاندی حکومەتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە چڕوپڕەکانی نێوان هەردوولاو ناردنی بەشێک لەشایستە داراییەکانی مووچەخۆران ئاماژەی دڵخۆشکەرن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان. لەکۆتایی سیمنارەکەدا لەلایەن ئامادەبوانەوە چەندین پرسیارو پێشنیار خرانەڕوو بەئامانجی دەوڵەمەدتر کردنی سیمنارەکەو لەلایەن بەرپرسی لقی 16ی هەولێر وەڵامی پرسیارو پێشنیارەکانی ئامادەبووان درایەوە.

دکتۆر عارف حیتۆ: ڕێژەی هاوردەی کرێکاری بیانی بۆ 80٪ کەمیکرووە

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

دوێنێ لە ڕۆژی 1ی ئایار جەژنی جیهانی کرێکاران لە سەرتاسەری جیهان سالڕۆژی ئەو جەژنە کرایەوەو لە کوردستانیش بە چەندین کارو چالاکی لەشارو شارۆچکەکان کرایەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بەو بۆنەیەوە لە هۆڵی وەزارەتی تەندروستی، دکتۆر عارف حیتۆ بەڕێوبەری گشتی کارو کاریش بۆ کرێکارانی ناوخۆ ڕەخساوەو ڕێژەی هاوردەی کرێکاری بیانیش بۆ80% کەمیکرووە، هەربە پێی ئامارەی وەزارەتی کار لە ئێستادا ڕێژەی بێکاری لە کوردستان لە خوار 11%یەو هەولّی ئەوەشماناوەکە کرێکاری بیانی لە پرۆژەکان کەم بکەینەوەو لە شوێنی ئەوان کرێکاری ناوخۆش کاربکەن تا دەستی کاری ناوخۆ لە کوردستان بەرز بێتەوەو پێویستە پێداچوونەوەبە یاساکانی پاراستنی مافی کرێکاران بکرێت و لەلایەن وەزارەتی کار هەولّی کرا دراوەو ئێستا 78 هەزارو560 کرێکار لە کوردستان هەیە کە 71 هەزارو 841 کرێکاریان ناوخۆین و 6 هەزارو 719شیان بیانین و لە هەرشوێنێک دەرفەتی کار هەبێت ئەوا خەڵکی شوێنەکانی دیکە بۆکارکردن ڕوو لەو شوێنە دەکەن و باسی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران کردو ڕێژەی بێکاری لەچاو سالانی ڕابردوو کەمی کردووەو ئەگەر پرۆژەکان دەست پێ بکەنەوە کاری زیاتر بۆ کرێکاران فەراهام دەکرێ.



وەزیری ئەوقاف پیرۆزبایی جەژنی ڕەزوان لە پەیڕەوانی ئایینی بەهائی دەکات

بەمەبەستی پیرۆزبایی بەبۆنەی جەژنی ڕەزوانی ئایینی بەهائی، د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت سەردانی ئەنجومەنی بەهائیەکانی لەشاری هەولێر کردو لەنزیکەوە پیرۆزبایی خۆیی ئاراستەی سەرجەم خوشک و برایان و پەیڕەوانی ئایینی بەهائی کردو هیوای جەژنێکی خۆش و کامەرانی بۆ خواستن، ئەم سەردانەی وەزیری ئەوقاف بووە جێگەی خۆشحالّی بەهائیەکان.

خوێندنەوەی کتێب لە کوردستاندا وەک پێویست نییە و ڕوو لە کەمبوونەوەیە

ئەگەر بێت و سەرنج بدەین لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا خوێنەری کتێب بەجۆرێک کەمبوونەتەوەو ڕووی لە کزی کردوە، کە سەردانی کتێبخانە گشتی و ئەهلیەکان و ... هتد دەکەیت بە هەزاران کتێب دانراوەو بەردەوام کتێبی تر چاپ دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە دەبینیت کتێبەکان تۆزیان لێنیشتوە و کەس نییە بیانخوێنێتەوە و بە تەواوی خوێنەر زۆر کەمبوونەتەوە، بۆیە پێویستە بەهەمولایەک هەوڵێکی بەپەلە بدرێت بۆ ئاشتکردنەوەی خوێنەر بە کتێبەکان.

خەبات- هەڵەبجەی شەهید- یوسف هەورامی

سەبارەت بەو پرسە، ئیبراهیم هەورامانی سکرتێری لقی هەڵەبجەی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بەم شێوەیە بۆمان دوا: لە وەڵام بەپرسیارەکەی ئێوەدا پێویستە لەوەڵامدانەوە نەکەین، هەوڵبدەین بزانین ئەو هۆکارو بەربەستانە چین بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگاچارەیەک بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بدۆزینەوە کە لە ئێستادا بوەتە جێ سەرنجی هەموان. دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو پرسیارەی دواجار وەڵامێکمان بۆدەخاتە ڕوو ئەویش ئەوەیە، ئایا ئێمە وەک کۆمەڵگای کوردی تا چەند توانیومانە گرنگی بەکلتوریی کردنی خوێندنەوە بدەین؟ ئایا خوێندنەوە بۆ ئێمە مایەی مەبەست و سەرنجدان بووە؟ ئایا تاچەند لایەنی پەیوەندار هاوکاری جدی بووە بۆ ئەوەی پشتیوانی ئێمە لەبەرامبەر بە عەمەلیکردنی کلتوری خوێندنەوە لەکۆمەڵگا دا؟ بەبڕوای من وەڵامی کۆی ئەم پرسیارانە تا ئەندازەیەکی باش دەتوانن ڕێنیشاندەری جدی بن بۆ ئەوەی بتوانین بەسەر تەواوی کۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەم بە کلتوریکردنی خوێندنەوە دا زاڵ بین. من لێرەدا کۆی وەڵامەکان بۆ خوێنەر خۆی بەجێدەهێڵم بۆ ئەوەی بتوانین بە هەمومانەوە هەوڵی لادانی تەگەرە و کۆسپەکان بدین.

بەشێکی دیکەی پرسیارەکەتان، ئێمە بۆ وەڵامێک ڕادەکێشێت کە دەکرێ بڵێین ناتوانین بە شکڵێک وەڵام بدەینەوە کە بڵێین پرۆسەی بە کلتورکردنی خوێندنەوە لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا مایەی دڵخۆشی یان ڕەشبینی ئێمەیە، ئەوەی لەئێستادا بەدی دەکرێت ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی سست و لاواز بەڕێوەدەچێت، هەرچەندە دەبوو زۆر چالاکانەتر لەپێناو بە کلتورکردنی خوێندنەوەدا هەنگاوەکان جدی بکرایەن، بەهەر حاڵ.. لێرەوە من دەتوانم ئەوە بڵێم ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە سوود لە تەمەنی وەزارەتێک وەربگرین کە پەیوەندارە یان ڕاستەوخۆ لەم مەسەلەیەدا بونی هەیە.

بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گونجاو پێزەتیڤانە سوود لە بەرنامە و کارەکانی ئەو وەزارەتە وەربگرین. بەداخەوە لەم ڕوانگەیەوە ئەوە وەزارەتی پەیوەندارە کە زۆر بێباکانە و غەمسارداندانە نەیتوانیوە کاریگەری تەواوی پێزەتیڤانەی هەبێت.



خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا

هێرش محەمەد، دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین بۆمان دواو گوتی: هۆکاری دوورکەوتنەوەی خەڵک لەخوێندن و کەمبوونەوەی خوێنەر دەگەڕێتەوە بۆ تەکنەلۆژیا و پەیوەندی خراپی سوودوەرگرتن لە ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر و مۆبایل.... هتد...

ئەم هۆکارە خوێنەری کوردی لە لەخوێندنەوەو تێگەیشتن لەخوێندن لاوازکردووە و زۆربەی کاتەکان قوتابیان و لاوان لە قۆناغەکانی خوێندن گرنگی بەخوێندنەوە نادەن و دورکەوتونەتەوە و مێشکی خوێنەرانیان بەرەو پووکانەوە بردووە دورکەوتنەوەی خوێنەری کتێب بەپۆچونی من هۆکارەکەی دەگەڕێنمەوە بۆ ئەم چەندخاڵەی خوارە:

1- نەبوونی هۆکاری هاندانی خوێنەر وەک شوێنێکی تایبەت بەکتێبخانە کەتیایدا کۆڕی فیکری، ئابووری، ڕۆشنبیری، ڕامیاری. ئەنجام بدرێت ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە نەبونی ڕاگەیاندنێکی تایبەت بەبڵاوکردنەوەی ئەو بابەت و کتێبانەی کە لەلایەن دەزگا

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/5/2 ژمارە (5741)

جەخت لە پتەوترکردنی پەیوەندیی نێوان پێکهاتە و ئاین و نەتەوەکانی هەرێمی کوردستان کرایەوە



بەمەبەستی پیرۆزبایی لە ساڵیادی دامەزراندنی ئەنجوومەنی نەتەوەیی کلدانی، عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە مەسیحیەکان و ئەندامانی مەکتەب سەردانی بارەگای ئەنجومەنی نەتەوەیی کلدانی لە عنکاوە کرد، لەلایەن جینان جەبار سەرۆکی ئەنجومەن و ئەندامانی ئەنجومەن پێشوازی کرا. لە دیدارێکدا دوای بەرزراگرتن و پیرۆزباییکردن لە ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەیی کلدانی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی هیوای خواست ئەم یادە هەنگاوێکی باشبێت بۆ زیاتر پتەوکردنی پەیوەندی گشت پێکهاتەو ئاین و نەتەوەکانی تر لە هەرێمی کوردستان، هەروەها تەئکیدی لە پاراستن و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان و خزمەتکردنی زیاتری پێکهاتەکانی مەسیحی و گرنگیدان بە ماف و داخوازییەکانیان وەک بەشێکی ڕەسەن لە هەرێمی کوردستان کردەوە، هاوکات تیشک خرایە سەر دواینی پێشهات و بارودۆخی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت و هەڵوێستی پێکهاتەکان لەبەرامبەر بەشداری کارایان و بایەخی پێگەی پێکهاتەکان خرایە بەرباس، پاشان هەردوولا جەختیان لەیەکڕیزی و هەماهەنگی کارکردن لەپێناو پاڵپشتیکردن بۆ سەرکەوتنی کوردستان لەم قۆناغە هەستیارەدا کردەوە.

سلێمانی.. وەزیری پەروەردە چەندین کەسایەتی و شوێنی تایبەت بە پەروەردە بەسەردەکاتەوە



دکتۆر پشتیوان سادق سەردانی پارێزگاری سلێمانی کرد و لەسەر ڕێگەی خۆی لە دووکان سەردانی هەردوو قوتابخانەی یالانقوز و گردەبۆری کرد کە بە دڵسۆزیی بەڕێوەبەر و مامۆستاکانی بوونەتە قوتابخانەیەکی نموونەیی تایبەت لە ڕووی شێوازی هەڵسوکەوتی قوتابییەکانی بەرامبەر تەندروستی خۆیان و پاراستنی ژینگە و خاوێنڕاگرتنی قوتابخانەکەیان و پەروەردەکردنی منداڵەکان لەسەر بنەمایەکی مۆدێرن. دواتر لە شارەکە، هەڤاڵ ئەیووبەکر پارێزگای سلێمانی پێشوازی لە دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و دوای قسەکردن لەسەر پەروەردە، دکتۆر پشتیوان میدالیای ئاڵتوونی هاوکاری بەخشییە پارێزگار بۆ هاوکاری و دڵسۆزییەکانی بۆ سێکتەری پەروەردە و خەڵات بەخشرایە چوار کۆمپانیای هاوکاری کەرتی پەروەردە کە بریتی بوون لە کۆمپانیای قەیوان، کۆمپانیای جەمالی حاجی عەلی، گرووپی کۆمپانیاکانی هەڵبجە و هیوا فاوەندەیشن. دواتر سەردانی مالی جەلالی سام ئاغای کرد کە چەندین قوتابخانەی لە شارەکە دروست کردووە و ئێستا خەریکی دروستکردنی باخچەیەکی منداڵانە و لە ئەحوالپرسی و هیوای لەشساغی بۆ خواست. هەر لە سەردانەکەیدا وەزیری پەروەردە سەردانی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی کرد و عەمید ئاسۆ پێشوازی لێ کرد، وەزیری پەروەردەش سوپاسی بەڕێوبەرایەتییەکەی کرد و ڕێز و سوپاسی بەخشی بە سەرجەم بەشەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە کە هاوکاری پەروەردەبوون لە کاتی تاقیکردنەوەکانی پۆلە کۆتاکان.

هەشتەمین فیستیڤاڵا چالاکییێن وەرزشی و دیدەڤانی یا ڕێڤەبەریا گشتی یا پەروەردا دهوکێ هاتەئەنجامدان



خەبات- دهوک:

ل ئێڤاریا 2019/4/30 ب ئامادەبونا بەڕێز فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ ڕێڤەبەریا چالاکییێن وەرزشی و دیدەڤانی ل پەروەردا گشتی یا دهوکێ ڤیستەڤالا خویا وەرزشی یا هەشتێ ئەنجام دا ،لبەراهییێ وەکو ڕێزگرتن بو گیانێ پاکێ شەهیدان بەرهەڤبوی دەقیقەکێ ڕاوەستیان و پاشی ئالایێ ئولومپاتا هاتە بلند کرن ژلایێ پارێزگەرێ دهوکێ و ڕێڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردا پارێزگەها دهوکێ.

پاش پارێزگەرێ دهوکێ دپەیڤەکێ دا بناڤێ کارگێریا پارێزگەها دهوکێ پیروزباهی ل پەروەردێن سنوری پارێزگەها دهوکێ کر و هیڤیا سەرکەفتنێ بو بەرنامێن ڤیستەڤالێ خواست و دەست خوشی ل ڕێکخەر و سەرپەرشتێن ڤیستەڤالی و ڕێڤەبەریا گشتی یا پەروەردا دهوکێ و ڕێکخراوا یونیسیڤ کر.

دیڤدا دەست ب چالاکییێن وەرزشی هاتە کرن و ل سەر ئاستێ کێچ و کورا هەڤرکی هاتە کرن و هەمی یاریێن وەرزشی بێی ئاریشە ب دومانیک هاتن و ل ئەنجامێن دیاهییێ ل سەر ئاستێ کچان زاخو بو یا ئێکێ و ئاکرێ بو یا دویێ و شێخان بو یا سییێ. ل سەر ئاستێ کوران شێخان بو یا ئێکێ و زاخو یا دویێ و ئاکرێ یا سییێ. ل دیاهییێ خەلات لسەر قوتابخانێن سەرکەفتی ژلایێ پارێزگەرێ دهوکێ ڤە هاتنە بەلافکرن زێدەباری خەلاتەکێ تایبەت بو هەردو پەروەردێن سەرکەفتی یێن ئێکێ کوران و کچان ژلایێ پارێزگەرێ دهوکێ ڤە پێ هاتنە بەخشین بو هەرپەروەردەکێ دە هزار دولار.

پڕۆژەی دروستکردنی شەقام و شۆستە بۆ گەڕەکی هەشتی حەسارۆک دەستپێکرد

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی لەکارکردن لە پڕۆژەی دروستکردنی شەقام لە گەڕەکی هەشتی حەسارۆک کە ماوەیەکی زۆربوو خاوەنی ئەو زەویانە لە چاوەڕوانی گەیاندنی پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی ئەو گەڕەکە بوون، بۆ بەسەرکردنەوەی کارکردن لەو گەڕەکە ئەندازیار سامان محەمەد بلباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر بەیاوەری ئەندازیار بۆتان خۆشناو بەڕێوەبەری شارەوانی چوار سەردانی ئەو گەڕەکەیان کردو چەندین ڕێنمایی گرنگیان بە ستافی کاری ئەو پڕۆژەیەدا کە ئێستا ڕێژەی کار لە قۆناغی یەکەمدایەو پێکدێت لە تێکەڵەی تایپ ئەی، دواتر کار بۆ دانانی شۆستەو تێکەڵەی تایپ بی دەکرێ کەنزیکەی 30 شەقام لەخۆ دەگرێت و ماوەی کاری قۆناغی یەک 70 ڕۆژەو بە بڕی 161 ملیۆن دینار جێبەجێ دەکرێ و کارەکان بە خێرایی بەڕێوەدەچن و هاوڵاتیان دەتوانن سەردانی شارەوانی چواربەکەن بۆ ڕێپێدانی دروستکردنی خانوو.

ئەمڕۆ دیدارێک لەبارەی هۆشیاری و بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بەڕێوەدەچێت

لە کاتژمێر 9:30 بەیانی ئەمڕۆ پێنج شەممە، ڕێکەوتی 2019/5/2 لە هۆڵی کۆچەر بیرکار لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، دیداری زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر لە بارەی هۆشیاری و بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بەڕێوە دەچێت. دیدارەکە لە سێ پانێڵ پێکدێت تیایدا 17 توێژینەوەی زانستی لە چەندین بابەتی جۆراوجۆر پێشکەش دەکرێت.شیاوی باسە توێژەرەکان زانیاری گرینگ لە بارەی دیاردەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەخەنەڕوو، لەلایەکی دیکە تیشک دەخەنەسەر ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە لە پشتگیری و بەرەنگاربونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و مەترسی لەسەر تاک و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ڕێگا چارەسەرییەکانی ئاڵوودەبوون لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلام باس دەکەن.

ئیبراهیم هەورامانی

هیچ دەرفەتێکیان بۆ خۆیندن نامێنێتەوە. سەرەڕای ئەو هۆکارانەی سەرەوە هۆکاری تریش هەیە هیوادارم تاکەکانی کۆمەڵگە هەست بەو دورە پەرێزیە بکەن کەبەرامبەر بەکتێب هەمانە وهاندەربن بۆزیندوکردنەوەو خوێندنەوەی کتێب.

خوێنەر ئێستا تەنبەڵ بووە

عەلی ئەمین- قوتابی، گوتی: ئاشکرایە خوێنەری ئەمڕۆ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو خوێندنەوە ئاسان بووەو قورسی جارانی نەماوە، ئەگەر لە زووداتەنها پیاوە گەورەکان توانیویانەو پەیوندیدارەکانەوە مۆڵەتیان پێدەدرێت و بڵاو دەکرێنەوە تاکو خوێنەر ئاگاداری بڵاوکراوەکان بێت و خولیای خوێندنەوەی بۆ بگەڕێتەوە.

2- خۆ ئالودەکردنی کۆمەڵگە بەگشتی و چینی گەنجان و لاوان بەتایبەتی بەهەردوو ڕەگەزەوە بەتۆرە کۆمەڵایەتیەکان ئەمەش جگە لەزیان هیچ سودێکی نیە بۆکۆمەڵگە.

3- لە ڕووی ئابوریەوە گرانی نرخی کتێبەکان هۆکاری سەرەکین بۆ کەمبونەوەی خوێنەر، من بۆخۆم سەیرم لێدێت ئەو کتێبانەی کە لە چاپخانەکانی هەرێمی کوردستان چاپ دەکرێن و بڵاو دەکرێنەوە لەچاو خۆیاندا گرانترن لەو کتێبانەی لەدەرەوە دێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە.

4- پشتگوێخستنی یاخود نەبوونی بابەتی زانستی وەک فیزیایی، کیمیایی، کشتوکاڵی...هتد....

گەر هەشبێت زۆر کەمن یان لە شوێنێکن زۆرکەس ناتوانێت بەدەستیان بێنێت.

5- زۆری و بۆری ڕاگەیاندنی بینراو، واتە تی ڤی، لە هەرێمی کوردستان کە هەوڵیانداوە کۆمەڵگە بەخۆیانەوە ئالودە بکەن ئەویش لەڕێگەی نیشاندانی زنجیرە دراما وەرگێڕاوەکان بۆسەر زمانی کوردی کە کاتێکی زۆر لەخەڵک دەگرێت، پاشان هەست بە نائارامیەکی جەستەیی دەکەن ئەگەرئارەزووی خوێندنەوەی هەبوو!! با ڕوو لە کتێب بکات و سوودی لێوەربگرێ ئەگەر ئەویش تیایدا نەبوو.. ئەوە ئینتەرنێت و سایت و ئایتیەکان گەڵێ بابەتی زۆرو زەبەندیان تیادایەو دەستەبەر دەبن.. دەتوانێ بابەتی: ئایینی، گەردوونناسی، کۆمەڵناسیی، زانستی، ژمێریاریی، کۆمپیوتەریی.. و هتد. زۆر بەئاسانی بەدەست بهێنێ...!!!

مرۆڤ نابێ خوێندنەوە بۆ خوێندنەوە بکات، ئەبێ خوێندنەوە بۆ فێربوون و تێگەشتن ئەنجام بدات.. بخوێنێتەوە تاکو حاڵی ڕابوردوەکان بزانێ، تازەباوەکان بناسێ و سەرەنجی هەبێ یان وەریگرێ، ڕەش و سپی بۆ دەرکەوێ، ئەدەبیات و زانیاری بەکەڵک لەهەگبەیدا زیاد بکات، تەندروستی خۆی و کۆمەڵگاکەی باشتر بکات، خراپە قێزەون بکات... ئەمەش بێ گومانە هەژاری و بێدەرەتانی خۆی.. زرۆفیناڵەبارونەگونجاوی،وەک کۆنفۆشیۆسی ڕۆحانی دەڵێ: هەرچەندە تۆ پێت وابێت سەرقاڵی، ئەوا گرنگ نیە!! تۆ هەر ئەبێت کاتێک بۆ خوێندنەوە بدۆزیتەوە، ئەگەرنا ئەوا خۆت تەسلیمی جەهل کردووە.

بخوێنێتەوە. مرۆڤ هەقوایە خۆی پێوەری ژیانی خۆی بێت.. چاوبگێڕێت و بزانێت تاکو چەندە بالانسی ڕاگرتووە لە کارو یاساکانی ژیانیدا، ئایا پرۆگرامی بۆ ژیان هەیەو کارەکان بەڕێکی بەڕێوەدەچن، لە شوێنی خۆیدا ئەنجامی دەدات !! چۆن ئەخوات.. ئەخواتەوە.. وەرزش دەکات؟ چۆن ئەخوێنێتەوە خۆی ڕۆشنبیر دەکات..؟؟.

مرۆڤی ڕۆشنبیر ئەبێت هیچ کات و ساتێکی بەسەردا نەڕوات بەبێ خوێندنەوە.. دەبێت خوێندنەوە ببێتە کلتوور لەلای.. خوێندنەوەیەکی سەتحی نا !!. نەخێر ئەو خوێندنەوەیە نا!!.. بەڵکو خوێندنەوەی جددی و بەکەڵک.. بیناکەر.. چاکساز.. ئاشتیخواز.. بەکەڵک و ستراتیژ ئەم جۆرە خوێندنەوەیە ئەبێتە دروستکەری کۆمەڵگایەکی مەدەنی و ئاشتیخوازو بەختەوەرو پێکەوەژیان.

چاپ و بەخشنامەکانی کتێب و گۆڤارو بڵاوکراوەکان لەمڕۆدا سوپاس بۆ خوا زۆر باشەو سنوور بەزینەو بێ سانسۆرە.. لەمانگێکدا چەندین بەرهەم بڵاودەبنەوەو بەئاسانی دەگەنە دەستی خوێنەران.. خوێنەر لە ئەمڕۆدا هیچ بەربەستێکی لەبەردەمیدا نەماوە بۆ خوێندنەوەو ڕێگەپێدراوبوون ئەو کارە بکەن، ئەوا ئەمڕۆ ئەوە پێچەوانە بووتەوەو گەورەو بەرپرسەکان زۆر دەگمەن نەبێت ناخوێننەوە، یان جاران لە جێگایەکدا ئەگەر تەنها یەک خوێندەوار هەبوو بێت، ئەوا ئێستا سوپاس بۆ خوا هەر لەناو کوردەواریدا دە کەس بگری زیاتر لە شەشی خوێندەوارە، بەڵام ئەمڕۆ خوێنەری جددیمان کەمەو قەیرانمان لەنەخوێندنەوەدا هەیە.. ئەم قەیرانەش مەترسیدارە بۆ بزاڤ و ڕێنیسانسی ڕۆشنبیریمان.. گەر بەخێرایی چاوێک بخشێنین لەو بارەوە ئەوە ئاستی نزمی ڕۆشنبیریمان زیاتر بەرچاو دەکەوێت.. تەنانەت لەچاو وڵاتاندا ئێمە زۆر لەدواوین و زۆر بەکەمی نەبێت خوێندنەوەمان نیە!!.. بەڕاستی ئەمە جێگەی داخە.. ئێمە گەر بە ئایندارای هەڵسوکەوت بکەین، کە ئیسلام دینمانە، دەبوو زۆرترین خوێندنەومان هەبوایە، چونکە یەکەم وشەی ئاینەکەمان بخوێنەیە، ئەگەر بەنیشتیمانیشبوون بیکەین، ئەبوایە شەوو ڕۆژمان بخستایەتە سەریەک تاکو فریای خوێندنەوەی: میژوو ئایین و ئەدەب و کلتووری خۆمان بکەوتینایە و شاکاری جوانی کوردەواریان بەگەلانیتر بناساندایە، بەڵام ئایا وا دەکەین.. یان وامان کردووە ؟!.. زۆر بەداخەوە.. کە خوێنەرانمان لەم ڕۆژگارەدا زۆر خەمساردانەو ڕەنگە زیادەڕەویش نەکەم، ئەگەر بڵێم: خوێنەری ئەمڕۆ هیچی لەباردا نیە !! خوێنەری ئەمڕۆ زۆر کەساسانەو بێتموبالاتانە گوزەر دەکات لە ئاست ئەو قەیرانەدا.. شەوو ڕۆژ ئەکاتەوەو ئەم هەموو شاکارە جوانانە ئەبینێت و خۆی لێ تێناگەیەنێت!! بەداخەوە.. نوخبەیەکی کەم نەبێت خوێنەرمان نەماوە.. زۆر دامودەزگاش پەیدابوون و هۆکاری قەیرانی نەخوێندنەوە ئەوروژێنن.. پرۆگرامی بەکلتوورکردنی خوێندنەوەیان بەرزکردوەتەوە.. یان بەشێوەیەکیتر، داوا دەکەن خوێندنەوە بە پلەی لاوەکی دانەنرێت و گرنگی پێبدرێت.

خوێندنەوە باشترین خۆراک و وزەیە بۆ گیان.. دەبێت لەبیر نەکرێ و وەختانە بەتەنگیەوە بین.. دەبێت هەر ئادەمیزادێک ڕۆژانە بەشێکی دیاری لە خوێنەوەی هەبێت، ئیتر ئاست و ئاڕەزووی خۆی لە چییەو چۆنە با ئەوە بخوێنێتەوە.. خوێنەری واقیعی هەقە ڕۆژانە 10 لاپەڕە کەمتر نەخوێنێتەوە، یان ڕۆژنامەیەکی کامل بخوێنێتەوەو موتابەعەی بکات..غاندی فەیلەسوف دەڵێ: ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە ڕۆژانە ڕۆژنامەیەک

www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/5/2 ژمارە (5741)
خەبات

نەوەکانی ئەیلوول دەستان خۆش




وەیسی سەعید وەیسی

بالەکایەتی رۆلی دیارو ومێژووی هەیەلەبزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بەتایبەتیش لەدەستپێکی هەلگرساندنی شورشی ئەیلوولی مەزندا کە هەمیشە پشت و پەنای شورش و جەنابی بارزانی نەمربوون و خەڵکەکەی خانەدان و قارەمان بوون.

لەرووی سەربازیەوەش ناوچەکە لەبارووگونجاوتربووبۆبەرگری وموقاوەمەت کە هەرئەمەش بووەوای کردبارزانی نەمردەڤەری بالەکایەتی دەست نیشان بکات بۆبارەگای سەرەکی شورشی ئەیلوول کەزۆربەی دەسکەوتەکانیش لەم دەڤەرەیەبەدەست هاتوون کەدیارترینیان مۆرکردنی رێکەوتنامەمێژوویەکەی11 ئادارببووجگەلەمانەش بارەگای زۆربەی دامەزراوە سیاسی ورۆشنبیری وسەربازیەکانی شورشی ئەیلوول هەرلەبالەکایەتی بوون تەنانەت قۆناغی ئەوکات بەیەکەمین ئەزموونی بەرێوەبردنیش دادەندرێت هەموئەمانەش بوینەهۆکاری سەرەکی بۆئەوەی ئەمرۆشی لەگەل دابێت بالەکایەتی هەربەلانکی شورش وکودایەتی بناسرێت کەلەهەزرویادەوەری پێشمەرگەکانی شورشی ئەیلوولیش قۆناغەکانی ژیانیان لەبالەکایەتی هەربەیادگارێکی زیندوومایتەوە بەتایبەتیش لەلایەن خانەوادەی سەربەرزی بارزانی کەلەچەندین یادوبۆنەش داسەرۆک مسعودبارزانی ئاماژەی داوبەساتەکانی ژیانیان لەدەڤەری بالەکایەتی هەرلەبەرئەم رۆلەیەش بوورژێمی لەناوچووی بەعس بەهەموشێوەیەک هەولی لەناوبردنی ناوچەکەی دەداتەنانەت چەکی ناپالمی قەدەغەکراویشی بەکارهێنابەلام هەموئەمانەش نەیان توانی گاریگەری لەهەستی نەتەوەیی وشۆرشگێری خەلکی تێکۆشەری دەڤەرەکە دروست بکات بۆیەش بەزیندووهیشتنەوەی ئەم مێژووە کارێکی گرنگ وپێویستە هەم وەک یادگاریەک بۆ رۆژانی سەختی کوردایەتی هەمیش بۆئاشناکردنی نەوەی ئێستاوداهاتووی گەلەکەمان بەمێژووی شۆرشی ئەیلوول وبارزانی نەمرتابزانن ئەوەی بەدەست هاتووەدەرەنجامی چ زەحمەتی وقوربانی دانێکە. لەم چوارچێوەیەشدا وەک رێزگرتنێک لەخەبات وتێکۆشانی گەلەکەمان وبەزیندووهێشتنەوەی بیرەوریەکانی شۆرشی ئەیلوول (رێکخراوی نەوەکانی ئەیلوول) هەلساون بەدروست کردنی مۆنۆمێنتێک لەدەروازەی دەڤەری بالەکایەتی کەئەمەیان جێگای دەست خۆش وستایشە ئومێدەوارین لەداهاتووشدارێکخراوەکەهەو لەکانی چرتربکات بۆبەئەرشیف کردن ودیکۆمێنت کردنی پاشماوەکانی شۆرشی ئەیلوول وبەزیندووهێشتنەوەیان تاهەمیشەوەک هێمایەک بۆخەبات وقوربانی دانی گەلەکەمان بێنێتەوە پێویستیشە لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بایەخی زیاتر بەم رێکخراوەیەبدەن کەلەلایەن نەوەی ژمارەیەک پێشمەرگەکانی شۆرشی ئەیلوول سەرپەرشتی دەکرێت لەدوماهیداجارێکی تردەلێن رێکخراوی نەوەکانی ئەیلوول دەستان خۆش



خۆپیشاندانی قوتابیانی ئەڵمان بۆ نیشتمانێکی سەوز



شەنگە هاوارکاکەیی*

هەڵبەتە گۆڕەپانی بەربەرەکانێ لە نێوان دوو جەمسەری ساردو گەرم دا و لە بەرێوەبردنی دونیای سیاسەتی رۆژئاوایدا هەمیشە ئەو مەسجە بەکۆتا نە هاتووە یە بووە و بەشاراوەیی ماوەتەوە وچەکەرە بووە و دەستپێکی هەڵگیرساندنی دەگەرێتەوە بۆ پاش کۆتاییی هێنانی جەنگی دووەمی جیهانی وە ئەمرۆ ئەم شەڕە لە خەمەڕەیی داگیرساندنداییە و بەشاراوەیی ماوەتەوە سەرتاپای جیهانی تەنیوە بەڵەت بوون و دابەش بوونەوە لەدوو بەرەی جیاواز و دوو رەهەندی جیاواز بەسەر دوو ئاراستەی جیاواز و دوو قوتابخانەی فیکری دوو گۆڕەپانی جیاواز هەر سەنگەرێک لەم گۆڕەپانە چەکی خۆی هەیە بۆ ئیدامەو و مانەوە و گیرساندنەوەی هێز. هەر گۆڕەپانێک بەجیاواز لەوەی برامبەر و پرن لە پەلو پۆز هەر جارێک رێکخەرانی بەپرۆپۆزەڵێکی تازە جیهان بەسەر ئەکەنەوە کە بەهۆی پاڵە پەستۆی هەنگاوە نەرێنێکانی ئەم جەمسەر گیریە روی داوە و لەدەر ئەنجامدا.

دووکەڵی ئەم شەڕە سارد وەڵام دانەوەی مەتلەب و پسپۆرانی گەردوون ناسی و هەن کەپەیرەوە کارەکانیان گەیشتە ژینگە واخەریکە خواست و داواکارێکانیان بۆ خەم خۆرانی ژینگە، گۆی گەردونیش ناسەغڵم دەبێت و هەمیشەیی نیشتمانێکی زەوی لەحاڵەتە سروشتێکەی سروشت رسک و ریهامی سەوز بەوەی سنوورێک بۆ ئەم خۆیدا کە لەسورانەوەیە نامێنێ لە بونیاد نانەوە، وا کۆمپانیا زەبەلاحانەی فەرنسا لەدەورەی مەداری ئەستێرە و لەئەتمۆسفیرێکی (بەرگە و هاوسۆزەکانی دانێن کە مانگ و هەتاودا لەسوران و لە هەوا)یێکی نەشیاودا کەش و وەکو لەمپەرێکی نائارامیە بۆ جولانەوەیەکی بەردەوامە چەن هەوا لە ژینگە و گەردوون چوون ژینگەیەکی ناتەندروست و سانتیمەترێک سااڵنە توشی براموەتی داهێنانی تەکنەلۆجیا ناسەقامگیرە و ناسازگار حاڵەتی راکشان دەبێت بەهۆی لە بواوە جیاوازەکانی ئەم چرکە جولاندن خولانەوەدا پەردەسەندنی وپیشە سازی بەدەوری یەکترا. واتا بەیێ بەتایبەت ئەو جۆرە هۆکاری پاشماوەیی دۆکەڵی وەبەرهەمانەی کەوا ژینگە کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنان سەخڵەت ئەکا و دەبێتە هۆی ئەم هەسارەیە لە دۆخێکی پیس بوونی ژینگە و ئاوو ناسەقامگیرە ،چ جا؟! هەوا کە بەرهەمی ئەم کۆمپا بکەوێتە ژێر فشاری دوکەڵی نیانە بەهۆکاری سەرکی بۆماوەیی کەوا لە ژینگە لە ئەژمارن بۆ شێواندنی دۆکەڵ و تەپ تۆزی ئەستیرەی گۆی زەوی.

زەوی لە دۆخێکی ناسەقامگیرە

چینی گولباڵیزم و پارادۆکسی (دژبەر) چەرخی خێرا هەموو هەینیەک ئەم پەیامە بەرز دەکەنەوە بۆ کاربەدەستانی وڵاتەکەیان بەهیوای ئاوردانەوە و چارەسەرێکی بنەرەتی بۆ کێشمەکێشەکانی ژینگە. بەپێی راپۆرتی نەتەوەیەکگرتوەکان و ئایدیا سەوزەکانیان نەبووە بەربەست بەتێکهەڵکێشانی ئایدیای مام ناوەندو راستەکان بەمەرجی وەلانانیان بۆ پاریزی ژینگەو سروشت لەوانە پارتی سەوزی کەنەدی وەپارتی سەوزی ئوسترالی کە لە ساڵی1992دامەزرا وەلەئەورووپا پارتە سەوزینەکان لەزۆی شارەکان بوونیان هەیە وەکو فەرنسا ،ئەڵمانیا و سوید و نەرویج. پاش بەهاری عەرەبی بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی سەوز گەیشتە کەناریان بەتایبەت بەهۆی پەرەسەندنی بواری پیشەسازی و بازرگانی وەلە ئەنجامی رۆڵە نەرینێکان ی ئەم پێش کەوتنە بۆ ژینگەو سروشت لە میسرو ،عێراق و لوبنان ،مغریب ،تونس ،مەغریب ئەم رێچکە سەوزینە بەنەشونما بوو . هەرچەندە ئەم بیرۆکەیە لەجیهاندا قاڵبی مۆدێرنیەتی وەرگرتوە بەاڵم بۆ ئێمەی کورد بیرۆکەیەکی تازە نیە ،پەیامبەری کوردان پێش چەندین سەدە لەکتێبی ئاڤێستادا ژێر خانێکی زۆر دەوڵەمەند لە سینبولیتیکە ئایینێکانیادا کۆمەڵێک ریتوایەڵەتی بەجێ ماوە بۆ ریالیزە بوونی ژینگە وەکو نمایندەیەکی ئایینی کێن لەوانە قەدەغە کردنی دار بڕین، نەمام ناشتن، سەرنەبرینی ئاژەڵ، قەدەغە کردنی راوی تەیرو توار، تەنانەت رێکەوتی جەژنی نەورۆز لە وەرزی بەهارە لەخۆشترین مانگی سەوزبوونە کە21ئازارە. لێرەدا ئەگەر بگەڕێنەوە سەر بیرکردنەوە و شی کردنی ئەو مەسج بازانە ئەو پەیامە شاراوەی کەوا لەپلان و باخەڵی کۆمپانیا زەبەلاحەکاندایە، ئەوە دەبێ پەنجەی تاوان ئاراستەیان بکرێ کەوا ئەستێرە و گەردونیان خستۆتە ژێر هەرەشەی لێک ترازانێکی دینەماکی وگەردوونی کە لەساڵی ٢٠٣٠ ئاکامە خراپێکانی زیاتر بەدەر ئەکەوێ وە ئەمرۆ ئەم خەمە و بەرزکردنی ئەم پەیامە خۆپیشاندەرانی نێو جوانانی ئەڵمانی بەرزیان کردۆتەوە بۆ نیشتمانێکی سەوزی هەمیشەیی ئێمەش وەکو کورد دەنگمان ئەخەینە پاڵ دەنگەکان

وەکو نمایندەیەکی کۆنی باپیرانمان چوون ئێمەی ئاڤێستایی لە ماڵە ساکارەکانماندا بەدی ئەکرین وەکو دیاری ژیان و نۆێ بوونی ژیانەوە کە لە ئاینی کۆنی زەردشتیکان بۆ هەمان پەیام هەمان نیشتمان کارا بووە لەوەرچەرخاندا بووە کە سەوزبوونی نیشتمان تەنها بۆ میللەتێک بۆ ئاینێک دانەمرکاوە بگرە بۆ جەم هاونشینانە ئەم بەستەڵەکە خۆزگەیە وەکو کەلتۆر کاری پێ کراوە، هیچی نەکردبێ بەمەهام لە ماڵە ساکارەکەی خۆی خۆ بە ئینجانەک گەردوونی بەئاگا هێناوە کەوا کەلتوری زەردەشتیکان لەخزمەتی بست بەست ئەم نیشتمانە دا بووە هەوڵەکانی دیارە لە پێناو نیشتمانی سەوزدا چی پێکراوە.

دەبا ژیانمان پر بکەین لە موحیبەت بۆ سروشت بۆ روانەوەی سەوزای دەرختەکان هەمیشە هەوڵەکانمان وەگەر خەین بۆ پاراستی ژینگەو سروشتی کوردستان.

*** ماستەرلە یاسای گشتی/زانکۆی حیکمە بەیروت.**





گرنگی سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان

خەبات: تریفە ئازاد

شەوی 28لەسەر 29ی 4ی 2019مەولود چاوش ئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا گەیشتە هەرێمی کوردستان لە لایەن ڕێزدار نێچرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکرا، ڕۆژی 29ی 4ی 2019چاوپێکەوتنی ئۆغلۆ لەگەڵ هەرێکە ڕێزدار نێچرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێزدار مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هرێمی کوردستان کۆبوونەوە و باسیان لە بارودۆخی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا کرد.

گۆڕانکاری ناوچەکە و سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا حەسەن ئەحمەد مستەفا شارەزا لە کاروباری تورکیا لە بارەی سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا مەولود چاوش ئۆغلو لە کاتێک دایە کە ناوچەکە بە گۆڕانکاری دراماتیکی سەیرو خێرا دا دەرباز دەبێت لە پێش هەموایان ئەو گەمارۆیانەی کە دەخرێنە سەر ئێران گەمارۆکان بە چەشنێکن کە ئەمەریکا هیچ دۆستێکی خۆی تێدا دیاری ناکات واتە ئەو گەمارۆیانە لەم جەنگە ئابورییەی کە ئەمریکا ڕایگەیاندووە هیچ هاوپەیمانێکی نیە لەسەرتاسەری دونیا بە کەنداویشەوە کە بەردەوام هاوپەیمانی بووە لەم جەنگە ئابورییە ولاتانی یەکێتی ئەورپاش هاوپەیمانی ئەمەریکا نین بە هاوپەیمانیشان قەبوڵ ناکات کە قسەکەش دێتە سەر تورکیا وتورکیا کە هاوپەیمانێکی تەقلیدی ئەمەریکا بووە بەڵام لەم جەنگە ئابوریە ئەمەریکا تورکیاشی وەک هاوپەیمان قبوڵ نیە جەنگەکە لە ڕێگی بانکی جیهانیەوەیە لە ڕێگای پارەی جیهانیە کە دۆلارە تورکیا ناتوانێت لە دوای 2ی ئایارەوە نەوت لە ئێران بکرێت و غازی سروشتی لە ڕێی ئێران دابین بکات ئەو غازە سروشتیەی کە بە ئاسانتر لە ولاتانی دیکە کە غازی سروشتی و پترۆلیان هەیە دەستی دەکەوێت تەنانەت غازی سروشتی عێراقیش لە ڕێگای هەرێمی کوردستان ناتوانێت بەدیلی ئەمە بێت بۆیە تورکیا هەتا ئێستا دەیەوێت بە جدی کار بۆ ئەوە بکات کە ئەمەریکا مساوەمەیەکی لەگەڵ بکات بۆ ئەوەی سزاکان تورکیا نەگرنەوە لایەنی کەم کۆمپانیای تۆکراش نەگرێتەوە کە کاری هاوردە کردن و گواستنەوەی سەرچاوە سروشتیەکانە وتورکیا ڕایدەگەنێت کە ئێمە ئیلتیزام ناکەین بەم گەمارۆییە وە چاوەڕی دەکات کە ئەم کاتەی دراوە بە هەندێک ولآت وەک یابان و تورکیا بەڵام دواجار دەبێت پابەند بێت چونکە دانانی سزایەکان لەسەر ئەم ولآتانەی سەرپێچی دەکەن لە ڕێگای دانوستاندن نیە بەڵکو لە ڕێگا ئەنتەرنێتەوەیە لە ڕێگای داتاکان و بانکەکانە بۆیە تورکیا ئێستا لە دۆخێکی ئابوری گەلێک گەلێک سەخت دایە دەبێت زۆر بە جدی کار بۆ ئەوە بکات پێویستیەکانی پڕ بکاتەوە ئەوەی جێگای داخە.

هاتنەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا بڕیارێکی دروست بوو هەروەها حەسەن ئەحمەد دەڵێت: من دەمەوێت قسەیەکی جیاواز لە شرۆڤەکارەکانی تر بۆ ڕۆژنامەی خەبات بکەم ئەویش ئەوەیە کە تورکەکان پرسێکی پڕۆسی دادگایی کردن لە نێوانیان هەیە لە دادگای نێو دەوڵەتی عێراق کە دواوی بیست ملیۆن دۆلار دەکات بەڵام سەرەڕای ئەوەش کە تورکیا زۆر پێویستی بە سەرچاوەی سروشتیە باس لە دەروازی کردنەوەی ئاقا کۆی دەکات کە ئەم دەروازەیە مەترسیەکی جدی لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات هەروەها باس لە پرسی ئەمنی دەکەن بەڵام سەردانەکەی چاوش ئۆغلو بۆ شێوەیەک بوو کە پرسی دارایی و پرسی ئابوری جێگرەوە بۆ نەوتی ئێران بۆ هاوکاری کردن بۆ وەزعی دارایی خۆیان مەلەفی ئابوریان کردە مەلەف حکومەتی تورکیا زۆر بە جدی مەبەستیەتی ڕۆلێکی سیاسی گەورە بە عێراق بدات بۆ نموونە پێشنیار کردنی ئەوی کە عێراق لە ئەستانە ڕۆڵی هەبێت پێدانەوەی دەرێکی سیاسی گەورەیە لە ئەستانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سوریا ڕۆڵێکی گەورەیە تورکیا دەیەوێت عێراقی ڕاکێشێت لەوتەی سالی 1991بۆ ئێستا کەواتە دەمەوێت بڵێم کە تورکیا دەیەوێت ڕۆڵێکی زیاتر بە عێراق بدات ئەمەش کەم کردنەوەیە لە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان هەروەها زۆر بابەتی تر لە عێراقدا لەگەڵ عێراقیەکان باس کراون بەڵام دەمەوێت یەک پرس لێرە و دەست تێوەردان بۆ پارچەکانی تر بۆ هەرێمی کوردستان بۆیە ئەو سترتیژیەتەی تورکیا لە دوای ڕیفراندۆم پەپڕەوی کرد هەڵە بوو ئەم هاتنە بڕیارێکی دروستە.

سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا کاریگەریە ئابورییەکان هۆشمەند ڕەفیق مامۆستای زانکۆ شارەزا لە کارو باری ئابووری لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەردانی مەولود چاوشۆغلۆو وەزیری دەرەوەی کۆماری تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان، جگە لە گرینگی سیاسی هەولێر بۆ تورکیا بێگومان پێگەی تایبەتی هەیە لەلایەن تورکیاوە، چونکە لە پشت هەموو جولە سیاسییەکان، ئامانجی ئابووری هەیە، ئەو سەردانەی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان بەستەلێکی ساردی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەتوێنێتەوە کە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەرخۆیی هاتە ئاراوە، هەرچەندە بە بەراورد بە ئێران، تورکیا پەیوەندییە ئابووریەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان نەپچڕاند، بەڵام ئابلۆقەی سیاسی و دبلۆماسی خستەسەر هەرێمی کوردستان، ئەو سەردانە دەبێتە سەرەتایەکی تازە بۆ هەردوولا بەتایبەت لە ڕووی ئابووریەوە، چونکە هەردوولا پێویستیان بە یەکترهەیە، لە ئێستاشدا تورکیا بە هۆی سزا ئابووریەکانی ئەمەریکا بەسەر ئێران، تاکە دەروازەو جێگرەوەی هەرێمی کوردستانە بۆ کرین و فرۆشتن و ئالوگۆڕی بازرگانی، چونکە هەرێمی کوردستان دەروازەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و عێراقە لە هەنارەدەکردنی کالاوخزمەتگوزاری بەرهەمی تورکی، ئەمە جگەلەوەی بۆ کرینی سەرچاوەی ووزە هەرێمی کوردستان لە دوای عێراق نزیکترین شوێنە بە کەمترین تێچوو کات و بە کەمترین تێچوو تورکیا ووزەی لێبکرێت، لەبەرئەوەی لە ئێستادا بۆ پرکردنەوەی پێداویستییە ناوەخۆییەکانی لە بارەی وزە تورکیا ناچارە لەم مانگە بە دواوە پەنا بۆ هەرێمی کوردستان بەرێت، لەلایەکی دیکەوە قەبارەی ئالوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان سالانە خۆی لە بەرزترین ریژە دەدات کە مەزندە دەکرێت بە زیاتر لە (١٢) ملیار دۆلار ئەمە تەنها لە سالی ٢٠١٨، بەڵام ئەم سەردانەی وەزیری دەرەوەی تورکیا دەبێتە هۆی ئەوەی پێشبینی بکرێت قەبارەی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا روو لە بەرزبونەوە بکات و بگاتە نزیکەی (١٥) ملیار دۆلار، چونکە بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان ڕووی لە گەشانەوەکردووە و لابردنی خالە گومرگییەکانیش هۆکارێکی دیکە بووە، کە هەرێمی کوردستان ببێتە ترانزێتی بازرگانی نێوان تورکیا و شارەکانی دیکەی عێراق، بێگومان بوونی پەیوەندییەکی بەهێزی دبلۆماسی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان ڕەنگدانەوەی ئەرێنی زۆری هەیە لەسەر گەشەکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان و تەنانەت بۆ سەر ژیانی کۆمەڵگەو کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و چالاککردنی کەرتی وەبەرهێنان، لەبەرئەوەی تاکە دەروازەی کوردستانە بە ڕووی ئەوروپاو کالاو خزمەتگوزارییەکانیان لە ئاست خواست و پێداویستییەکانی کوردستانە، ئەمەش بە پشت بەستن بەوەی زۆربەی کۆمپانیا وبەرهێنەرەکانی کوردستان کۆمپانیای تورکین و سەرمایە گوزاری لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدەن.





حەسەن ئەحمەد مستەفا: سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا لە کاتێک دایە کە ناوچەکە بە گۆڕانکاری دراماتیکی سەیرو خێرا دا دەرباز دەبێت لە پێش هەموویان ئەو گەمارۆیانەی کە دەخرێنە سەر ئێران

هۆشمەند ڕەفیق: سەردانی مەولوود چاوشۆغلۆو بۆ هەرێمی کوردستان، جگە لە گرینگی سیاسی هەولێر بۆ تورکیا پێگەی تایبەتی هەیە لەلایەن تورکیاوە، چونکە لە پشت هەموو جولە سیاسییەکان، ئامانجی ئابووری هەیە

سوورە مەرگەیی

جیاوازی نێوان تیرۆری جەستەیی و تیرۆری هزری

مەترسی و لێکەوتەکانی تیرۆری جەستەیی زۆر لە مەترسی و لێکەوتەکانی تیرۆری فکری ترسناکترن، لە تیرۆری جەستەیدا لێرە و لەوێ و تاک و تەرا کەسانی دیاریکراو بە ئامانج دەگیرێن و مەرجیش نییە تیرۆریستان بتوانن لە هەموو کردە تیرۆریستیەکان سەرکەوتوو بن وتیرۆری فکری پێچەوانەی تیرۆری جەستەیی گشتگیر و گەورە و بچووک، ژن و پیاو، پیر و منداڵ، خەندە و خۆشی، هیوا و ئاوات، بڕوا بەخۆبوون و ئیرادە، پیرۆزیەکان و بەها نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان ومێژوو و ئێستا و داهاتوو، هوشیاری سیاسی و بیری نەتەوەیی، کولتوور و فەرهەنگ و خۆشویستنی خاک، ڕابوون و بەرخودان و هەڵوێستی شۆڕشگێڕی بە ئامانج دەگیرێن.

جیاوازی و مەترسییەکی تری نێوان تیرۆری جەستەیی و تیرۆری فکری ئەوەیە کە تیرۆری فکری قوتابخانەی تیرۆری جەستەییە و لەو قوتابخانەیەدا تیرۆریستانی جەستەیی بەرهەم دێن وئەوەش وەک جیاوازی نێوان بەرهەم هێنەرانی ماددەی هۆشبەر و بەکارهێنەرانیەتی و تاوانی بەرهەم هێنەران چەندان جار لە تاوانی بەکارهێنەرانی گەورەتر و مەترسیدار تر وچونکە ئەگەر بەرهەم هێنەران نەبن و ماددەی هۆشبەر بەرهەم نەهێنن، بەکارهێنەران چۆن و لە کوێ ئەو ماددەیەیان دەست دەکەوێ تا بەکاری بهێنن، مەترسی و گەورەیی تاوانی نێوان تیرۆری فکری و تیرۆری جەستەییش وەک مەترسی و تاوانی نێوان بەرهەم هێنەرانی ماددەی هۆشبەر و بەکارهێنەرانیەتی و هیچ جیوازیان نییە.

ون بوون

پسوولەی شارەوانی (٤) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٨٦١٨٨ بەرواری ٢٠١٨/٨/٧ بەبری ٢٥٠٠٠٠ بەناوی بدریە محمد رسول وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

ناسنامەی زانکۆی صلاح الدین کولیژی پەروەردە بەشی زمانی عەرەبی بەناوی فارس محمد اسماعیل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

ناسنامەی ماستەر لەزانکۆی صلاح الدین کۆلیژی کارگێری ئابووری بەشی ئامار بەناوی سامی علی عبید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

پسوولەی شارەوانی (٥) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٣٥٢٣٢ بەرواری: ٢٠١٧/٨/١ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی کوسرت خورشید عزیز وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

ناسنامەی پەیانگای تەکنیکی هەولێر قۆناغی دووەم بەناوی شاناز جعفر صادق وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیاران بەناوی بەفرین سیدا فتاح وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

پسوولەی پارەی بارمتەی لە شارەوانی بنصلاوە بەژمارە ٠٦٠٥٠٨٤ بەرواری ٢٠١٧/٥/٢١ بڕی پارە ١,٠٨٠,٠٠٠ ملیۆن دینار بەناوی عدنان ناصر رشید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

پسوولەی پارەی بارمتەی لە شارەوانی بنصلاوە بەژمارە ٠٦٠٥٠٧٤ بەرواری ٢٠١٧/٥/٢١ بڕی پارە (٨١٠,٠٠٠) هەزار دینار بەناوی احمد صالح شریف وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : خفشي جمال عبدو

قدم السيد / جمال عبدو حسين طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / علي حسن كريبان

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : رشو حمزو علي

قدم السيد / نواف رشو حمزو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / علي حسن كريبان

***

دائرة التسجيل العقاري فى حلبجه

الرقم ٥٢١

التاريخ/ ٢٨ / ٤ / ٢٠١٩

اعلان

طلب اعلان تسجيل عقار مجددا

بناء على الطلب المقدم الى هذه الدائرة بتاريخ/ ٢٥ / ٤ / ٢٠١٩ لتسجيل تمام العقار المرقم ٢٢/٣٢ مقاطعة ٢٤ جليلة باسم ((وزارة المالية)) مجددا باعتباره حائزا له بصفة المالك للمةالقانونية . ولغرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا لتسجيل وفق احكام قانون التسجيل العقارى رقم ((٤٣)) لسنة ١٩٧١ قررنا اعلان هذاالطلب , فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق معينة على هذاالعقار تقديم مالديه من بيانات الى هذه الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذاالاعلان وكذلك الحضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالى لانتهاء مدة هذاالاعلان وذلك لاثبات حققه موقعيا فى الكشف الذى سيجرى فى اليوم المذكور لهذالغرض

مدير / دائرة التسجيل العقارى فى حلبجه

عمر محمود محمد

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٠٨

ڕێکەوت: ٢٩ / ٤ / ٢٠١٩

ئاگادارى

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٥٣)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیەنێت بۆ پرۆژەی (دابین کردنی سێ مۆلیدە بۆ وێسگەکانی (کانی بەردەری- مالە سوار) لە پرۆژەی ئاوی (میرگەسۆر – مەزنێ) قەزای میرگەسۆر/ پارێزگای هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەر/ هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (یەك شەممە) ڕێکەوتی ١٩ / ٥ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیای کارەبا لە پلە (٦) کەمتر نەبێت یان کۆمپانیای بازرگانی تۆمارکراوبێت تایبەت بێت بەم بوارە.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٧٥,٠٠٠) دینار کە ناگەڕێتەوە.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٠٩

ڕێکەوت: ٢٩ / ٤ / ٢٠١٩

ئاگادارى

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٥٢) بۆ جاری دووەم

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیەنێت بۆ پرۆژەی (دابین کردنی سێ مۆلیدە بۆ وێسگەکانی (کانی بەردەری- مالە سوار) لە پرۆژەی ئاوی (میرگەسۆر – مەزنێ) قەزای میرگەسۆر/ پارێزگای هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەر/ هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (یەك شەممە) ڕێکەوتی ١٩ / ٥ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیای کارەبا لە پلە (٦) کەمتر نەبێت یان کۆمپانیای بازرگانی تۆمارکراوبێت تایبەت بێت بەم بوارە.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٧٥,٠٠٠) دینار کە ناگەڕێتەوە.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە:٢٠١٢/ش/٢٠١٨/٣

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٢٩

جارِدان

بۆ داوالێکراو (کامران نامق احمد)، شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (سروە لطیف عبدالقادر) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە ٢٠١٢/ش/٢٠١٨/٣ تیایدا داوای (لیك جیابوونەوە) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- ٥ حصارۆك) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٥/٣٠) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.

دادوەر/ صباح قادر کاملا

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگادارى

بەروار: ٢٠١٩/٤/٣٠

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (عبدالباسط عبدالله صابر) لە بەرواری ٢٠١٩/٤/٢٩ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (ڕێگای قوشتەپە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- فرێنی سۆرکردنەوەو بڕاندنی چەرەزات بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠. فلتەری تۆز

٢- هەژەو غەربیلی خاوێن کردنی چەرەزات بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥.

٣- لێدانی خوێ لە چەرەزات بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.

٥- ووشك کەرەوەی چەرەزات بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١. ساردکردن.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/دەشتی هەولێر

ژمارەی دۆسیە/١٢/ئانبة/٢٠١٩

ڕێکەوت/٢٠١٩/٤/٣٠

جارِدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دەشتی هەولێر مۆلکی ژمارە ٢١/٣٤٢٣ ك ٧٢ دارەتوو دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار یاوز جلال مصطفی کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی ناصر عبدالله طە بەبڕی/ ٨٤,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / پێشرەو فریق با و ه مە ر د ە ی

١ – شوێن و ژمارەی/ ٢١/٣٤٢٣ ك ٧٢ دارەتوو

٢ – ڕەگەزو جۆری/ خانوو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ لە تۆماری هەمیشەیی هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ خانوویەکی یەك نهۆمی لە دووژوورو مطبخ و حمام و مرافق پێك دێت لە بلۆك و سقف مسلح کۆنکریت دروستکراوە

٥ – ڕووبەرەکەی/١٢٥ م٢

٦ - پلەی ناوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ کرێ چی تێدا نیشتە جێیە

٨ – نرخی قرساو/ ٣٠,٠٠٠,٠٠٠ سی ملیۆن دینار.

***

ئاگادارى

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٢٥٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١/١) ك (٤٢) کانی قرژالە ڕێگای هەولێر- خەبات، بەمەبەستی دروست کردنی (پێشانگا) بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی تاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کەمال طیب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر

دادگای باری کەسی چۆمان

ژمارە : ٩/ش/ ٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٨

جارِدان

بۆ داوالێکراو/ نجیبە احمد لاس/ شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە.

داواکار (ڕێباز اسماعیل صالح) داوای ژمارە (٩/ش/ ٢٠١٩) لە دژت تۆمار کردبوو لە دادگاکەمان تیایدا دادگاکەمان بریاری دا بە (ڕاگرتنی سەرپەرشتیاری لەسەر مندالّە ناکامەکانت و پووچەل کردنەوەی بەڵگەنامەی پێسپێرنامەکەت و دانانی (ڕێباز اسماعیل صالح) بە پێسپێری کاتی تاگەرانەوەت)و لەبەر ئەوەی بریارەکە پاشملە دەڕچوو دەرهەقت بۆیە دادگاکەمان بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی دەتوانیت تانە بدەی لەم بریارە لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێت.

دادوەر/ سروود طاهر عبدالله

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی

دادگای بەرایی سلێمانی/٤

ژمارە : ٢٠١٩/٣/٢٤

بەروار :

ئاگادارى

داواکاران /١- ئاراس جمال مجید ٢- سردار صادق صالح ٣- شمسە فقی امین عبدالله ٤- لطیفە حمە ڕشید حمە سور

داوا لەسەرکراو / طارق قادر محمد لەبری مندالە ناکامەکەی جیڤارا

داواکار لەم دادگایە داوایەکی لەسەرتان تۆمار کردووە بە ژمارە ٢٥٣٠/ب/٢٠١٦ وە دادگا لەبەروارى ٢٠١٩/٢/١٠ بریارێکی دەرکرد بە ناتامادەیی بەرامبەرتان (غیابی) ئەویش بە ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکرد بە : ١- پوچەڵکردنەوەی تیانووسی داواکە سەبارەت بە داواکاری پێنجەم لەبەر وازهێنانی لە داواکە .

٢- پوچەڵکردنەوەی (ابطال القید) تۆماری ژمارە ٤٩ مایس ٢٠٠٠ بەرگی ١,٣٢ مولکی ژمارە ٩٢/١ کەرتی ١٩ قولەڕەبسی وە هەموو ئەو تۆمارانەی بە دوای ئەو تۆمارەدا هاتوون سەبارەت بە بەشی کۆچکردوو مجید افندی سلیم اغا یوسف اغا وە تۆمارکردنەوەی مولکەکە بەناوی مجید افندی سلیم اغا یوسف اغا ئەوەندەی پەیوەندی بە بەشی ناوبراوەوە هەیێت . سەرجەم تێچوەکانی داواکە دەکەوێتە ئەستۆی داوالەسەرکراوان و کەسانی سێیەم بە ئەرکانەی پارێزەریتی بریکاری داواکارانەوە بە بڕێ (٢٠٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن دینار) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی واژۆ و مۆری موختاری گەرەکی (قولەریسی) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی نێوخۆیی بە مەبەستی ئاگادارکردنتان بە بریاری ئەم دادگایە وە مافی تانەدانت هەیە لەم بریارە لە ماوەی یاسایی دا بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەرانبەرت بەپێی یاسا.

دادوەر/ سۆران ابراهیم عارف

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٣٢٠٦

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣٠

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (NATURAL WATER) بۆ (پاڵاوتن و پاککردنەوەی ئاو و بەستانی ئامێرەکان/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس ڕؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ٨٢١٤

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣٠

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سەرێ Saree) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (سەرێ Saree) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٤/٧) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (١٤٠١١) لەڕێکەوتی ٢٠١١/١٢/٢٢ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (هێرش جواد شفیق) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (دەریا خالند خضر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٤/٣٠

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (سەرێ Saree) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر

ژمارە:٦١٩٥/١٠

ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/٣٠

ئاگادارى گشت فەرمانگە میری و شێوە میری و هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستی بە جاردانی نەخشەی کەرتی ژمارە K ٥٥٣ پێشنیار کراو بۆ پارچە زەوی ژمارە (٢ك ١٣٠ قرەچناغە) .. جا هەر کەسێك سکاڵاو تێبینی هەیە سەربدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر/ ئەنجوومەنی شارەوانی لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە دوای ئەوە شارەوانی گۆرینەکە پەسند دەکات بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە ٦ ی ساڵی ١٩٩٣.

ئەندازیار/ سامان محمد احمد

سەرۆکی شارەوانی هەولێر

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٤٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣٠
ئاگادارى
لەسەر داواى هاوڵاتى (پوشو حمد احمد) سەرۆکایەتى لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە راستکردنەوەى ناو:- لە (عبدالله احمد مولود) بۆ (عولا احمد مولود) لە بڕیارى تەسویەى پارچە زەوى ژمارە (٢٨) کەرتى ٣١/دووسەرەبالا, وە لە بڕیارى دەست بەسەراگرتنى ژمارە (٩) لە (١٩٨٠/٧/١٥) کە پەسندکراوە بەکێشەى ژمارە (١٠٣/ استلاء/١٩٨١، کە لەسااڵنى تەسویە لە کاتى دەرچوونى بڕیارەکە بەهەڵە تۆمار کراوە, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەى فەرمى و یاسایییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختارى گوندەکە ئامادە بکات لە رێکەوتى (٢٠١٩/٥/١٤) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکى لیژنە
***
سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو
ژمێریارى/بوودجە
ژمارە/٢/٢/٣٠١/١٩٤٩
رێکەفت/٢٠١٩/٤/٣٠
ئاگەهدارى
لپەى بەندێن مادا نەهێ برگە (٣) ژیاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو رادگەهینت ژبو هوبونا سەرنێك زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو کریکرنا (عمارة تجاریة)پارچە زەفیا ژمارە (٣١٥٨/٣٢) کەرتێ ٩١ جوار زاخو ب روویەرێ (١٥٥٢) م٢ بو ماوێ (٣) سالا ئەڤجا کەسێ بڤێت بکێشت لسەر بکەت پێتڤێ بەرامبەر ژ دیوانا سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو هێتە کرن پشتى بداوى هاتنا ماوێ بەلاڤکرنێ و هەرکەسێ سەرنێك زێدەکرن بگهەتێ دێ کرێن بەلاڤکرنێ و ئاگەهدارییێ و گشت خەرجا سەرەدەرکت.
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەرۆکى باژێرڤانیا زاخو
***
سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
ژمێریارى/بوودجە
ژمارە/٢/٢/٣٠١/١٩٥٠
رێکەفت/٢٠١٩/٤/٣٠
ئاگەهدارى
لپەى بەندێن مادا نەهێ برگە (٣) ژیاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو رادگەهینت ژبو هوبونا سەرنێك زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو کریکرنا (کوشکەکێ بو کارێ تەزیاتیا) پارچە زەفیا ژمارە (٥/١١) کەرتێ ١٤ عباسیە ب روویەرێ (٤٠) م٢ بو ماوێ (٥) سالا ئەڤجا کەسێ بڤێت بەشداریێ د سەرنێك زێدەکرنا ئاشکرا دا بکەت پێتڤێ یە داخوازێن خو پشکێشى سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو بکەت لگەل دابینکرنێن دەستپێکى (تامینات اولیە) ب برێ (٢٠٪) ژ بەرامبەریا پێشکێش کرى (البدل المقدر) د ماوێ (١٥) روژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د روژنامە فەرمى دا و سەرنێك زێدەکرن دێ ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو هێتە کرن پشتى بداوى هاتنا ماوێ بەلاڤکرنێ و هەرکەسێ سەرنێك زێدەکرن بگهەتێ دێ کرێن بەلاڤکرنێ و ئاگەهداریێ و گشت خەرجا سەرەدەرکت.
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەرۆکى باژێرڤانیا زاخو
***
ئاگادارى
ئاگادارییەك لە پاکتاوکارى کۆمپانیاى (باخ) بۆ بازرگانى گشتى/ سنوردار ئاگادارى هەموو کەس و لایەنێك دەکەین کەوا کۆمپانیاى ئامادە پێکراو بڕیارى پاکتاوکردنى بۆ دەرکراوە لەلایەن بەڕێز (بەڕێوەبەرایەتى کۆمپانیاکانى سلێمانیەوە بەپێى بڕیارى کارگێڕى ژمارە ٣٢٦٤ کە لە ٢٠١٩/٤/٢٨ دا دەرچووە پاڵشت بەمادەکانى (١٤٧، ١٥٨، ١٦٠) لەیاساى کۆمپانیاکانى ژمارە (٢١)ى ساڵى ١٩٩٧ى هەموارکراو بۆ ئەو مەبەستە هەرکەس و لایەنێك خۆى بەخاوەن ماف دەزانێت بەرامبەر کۆمپانیا یان مافێکى کۆمپانیا کەوتۆتە لاى یان نارەزایى هەیە بەرامبەر پاکتاوکردنى کۆمپانیاى ئامادەپێکراو ئەوا لەماوەى ١٥ رۆژدا لەبەرواری دەرچوونى ئەم ئاگادارییەوە ئاگادارمان بکاتەوە بەژمارە مۆبایلى پاکتاوکار (٠٧٧٠١٥٠٣٨٨٠) یان سەردانى بارەگاى کۆمپانیا بکات لە تانجەرۆ بەپێچەوانەوە لەدواى ئەو ماوەیەوە هیچ کەس و لایەنێك بۆى نییە داواى هیچ مافێك بکات و سەرجەم رێکارەکانى کۆژانەوەى لقى کۆمپانیاى ئامادە پێکراو کۆتایى پێدێت بۆ ئاگادارى هەموو لایەك.
پاکتاوکارى کۆمپانیا
پارێزەر/ سۆران جمال فقێ احمد
***
دادگاى بەرایى سلێمانى/٣
ژمارە: ٢٨٥٠/ب/٢٠١٤
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٨
ئاگادارى
داواکار: نامق توفیق صالح
داوالەسەرکراو: هیوا محمود حمە رحیم
ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٥/١/١٥ بڕیارێکى دەرکرد بە:
پابەندکردنى داوالەسەرکراو (هیوا محمود حمە رحیم)
١- بەپێدانى برى (٤٠٠٠) چوار هەزار دۆلارى ئەگەر دۆلار نەبوو بەرامبەرەکەى بەدینار برى (٤٨٥٢٠٠٠) چوار ملیون و هەشت سەد و پەنجا و دوو دینار و لەگەڵ خستنە ئەستۆشى بەخەرجى رێژەى داواکە لەگەڵ ماندووبونى پارێزەرایەتى بڕیکارى داواکار پارێزەر (صلاح حسین قادر) بەبرى (٤٨٥٢٠٠) چوار سەدو هەشتاو پێنج هەزار و دوو سەد دینار.
٢- رەدکردنەوەى داواى داواکار بەزیادەى داواکار بەبرى (٦٨٣٠٠٠) شەش سەدو هەشتاو سێ هەزار دینار لەگەڵ خستنە ئەستۆى داواکار بەخەرجى رێژەیى داواکە ئەوبڕەى ردەکراوەتەوە.
وە لەبەر ئەوەى ئێستا رێ و شوێنى نیشتەجێى داوا لەسەرکراو (هیوا محمود حمە رحیم) نادیارە ئاگادارتان دەکەینەوە کە بەدوو رۆژنامەى ناوخۆ ئاگادارى ناوبراواون بکەنەوە بۆ ئەوەى لەماوەى یاساییدا رەخنە و پێداچوونەوە لە بڕیارەکەدا بکرێت بەپێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەى کۆتایى وەردەگرێت.
داوەر/ حسێن محێدین تەهماس
***
کۆمپانیاى رحیم محمد فرج بازرگانى گشتى و هاوردە و هەنارەد/ پرۆژەى تاکەکەس
سەرمایەى کۆمپانیا (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن
ئاگادارى
بۆ گشت لایەن و کەسایەتییە پەیوەندیدارەکان..
من پارێزەر (زمناکۆ سالار علی) کە بەپێى کۆنووسى بڕیارى دامەزرێنەرى (کۆمپانیاى رحیم محمد فرج بۆ بازرگانى گشتى و هاوردە و هەنارەد/ پرۆژەى تاکەکەس) کە لە رۆژى ٢٠١٩/٤/٢١ دا بڕیاردراوە بەدانانم وەك پاکتاوکارى کۆمپانیا ئاگادارت دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندى هەیە بەکۆمپانیا یان قەرزى لەلاى کۆمپانیا هەیە، ئەوا لەماوەى (١٠)دە رۆژدا پەیوەندى بە پاکتاوکارى کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستى یەکلاییکردنەوە.
پاکتاوکار
پارێزەر/ زمناکۆ سالا علی
٠٧٧٠١٥٧٩١٤١
***
بەڕێوەبەرایەتى جێبەجێکردنى هەولێر
ژمارە/٣٧٠٠/٢٠١٨
بەرواری/ ٢٠١٩/٤/٣٠
جاردان
ئەم بڕیارەبەرایەتیە لە دۆسیەى جێبەجێکردنى ژمارە (٣٧٠٠/٢٠١٨) هەڵدەستێت بە فرۆشتنى کەل و پەلى قەرزار (ساجد حجى الیاس) بەبرى (٣٦٠٠٠٠) دینار قرساوە وە بەڵێك زیادکردنى ئاشکرا لەجیاتى قەرزى خاوەن قەرز (عار رجب هناوى) کە بڕەکەى (٨,٦٤٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە جا هەرکەسێ ئارەزووى کڕینى هەیە لەماوەى (٣) سێ رۆژ لە رۆژى دواى بڵاوکردنەوەى ئەم ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بڕیارەبەرایەتیە وە بارمتەى یاسایى لەگەڵ خۆى بهێنى کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتى وە دەڵیلیش لەسەر کریارە.
جێبەجێکارى داد
ئارى فیصل دەباغ
***
بەڕێوەبەرایەتى جێبەجێکردنى/دەشتى هەولێر
ژمارەى دۆسیە/٧/انابة/٢٠١٩
رێکەوت/٢٠١٩/٤/٣٠
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتى جێبەجێکردنى دەشتى هەولێر مولکى ژمارە ٣/١١٥٩ ك ٧٦ کونە گورگ کە کەوتۆتە کونە گورگ دەفرۆشێت, خاوەنەکەى قەرزار سکالا عبدالجمال نجم الدین کە گلدانەوەى خراوەتەوە سەر لەجیاتى قەرزى کارزان احسان کریم بەبڕى/ ١٢٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سى رۆژ لە رۆژى دواى ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەى یاسایى کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتى وڵاتنامەى عێراقى ئامادە بێت و پارەى تۆمارکردن و دەڵالیش لەسەر کریارە.
جێبەجێکارى داد / شێرزاد خضر دزەیى
١ – شوێن و ژمارەى/ ٣/١١٥٩ ك ٧٦ کونە گورگ
٢ – رەگەزو جۆرى/ خانوو
٣ – سنوورو ئاگادارى/ لە تۆمارى هەمیشەیى هاتووە
٤ – پێکهاتەکەى/ خانوویەکى دوو نهۆمى نهۆمى یەکەم پێك دێت لە دووژوورو هۆل و مطبخ و حمام و مرافق نهۆمى دووەم پێك دێت لە دوو ژوورو حمام و مرافق.
٥ – رووبەرەکەى/١١٥ م٢
٦ - پلەى ئاوەدانکارى/
٧- نیشتەجێکەى/ خاوەن مولك تێدا نیشتە جێبە
٨ – نرخى قرساو/ ٥٧,٣٥٠,٠٠٠ پەنجاو حەوت ملیۆن و سێ سەدو پەنجا هەزار دینار.
***
فەرمانگەى دادنووسى عەنکاوە
ژمارە: ١٦٢
رێکەوت:٢٠١٩/٤/٣٠
ئاگادارى
بۆ (نضال عبود زغیر العبادى) پاش ئەوەى دەرکەوت کە شوێنتان نادیارە بەپێى ئشعارى موختارى ئازادى نوێ (اتکونز) لە بەرواری ٢٠١٩/٤/٢٩ کە تیبیادا ئاماژە بەوە دەکرێت کە جێگات نادیارە بۆیە بڕیاردرا بە ئاگادارکردنەوەتان لە دوو رۆژنامەى رۆژانە بۆ ئاگادارببوون بەو هۆشدارییەى کە پارێزەر (شوان رؤوف ابراهیم) بڕیکارى (هدى حنا بطرس) بە ژمارەى گشتى ١٧٤٤٧ و ژمارەى تایبەت (٨٦) لە ٢٠١٨/١١/٧ لە دادنووسى عەنکاوە دەرچووە ئاراستەى کردوویت بە ژمارەى هۆشدارى ١٦٩/٥٧٧ لە ٢٠١٨/١٢/١١ لە فەرمانگەکەمان دەرچووە, بۆیە لە رێگاى دوو رۆژنامەى رۆژانەى فەرمى ئاگادارتان دەکەینەوە.
دادنووسى یەکەمى عەنکاوە
ڤیان صائب محمد
***
دادگاى بارى کەسى هەولێر/٥
ژمارە:٥٦٠٣/ش٢٠١٨/٥
رێکەوت:٢٠١٩/٤/٣٠
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (خسرۆ چەتوو قادر) شوێنى دانیشتنت نادیارە.
داواکار/ چنار علی عمر داواى ژمارە (٥٦٠٣/ش٢٠١٨/٥)ى لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داواى اثبات نسب دەکات وە لەبەر ئەوەى شوێنى دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریارى دا بەپێراگەیاندنت لەرێگەى دوو رۆژنامەى ناوخۆیى رۆژانە بەمەبەستى ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژى دابینى ٢٠١٩/٥/١٥, بەپێچەوانەوە دابینى ئەنجام دەدرێت بە شێوەى ئاشکرا و پاشملە.
داوەر/ پەژار عبدالله نصیف
***
دادگاى بەرایى هەولێر/٤
ژمارە/ ٧٥٨/ ب/٤/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٣٠
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (هام ولید عبود)
داواکار (عمر محمد عبدالله/ بەڕێوەبەرى رێپێدراوى کۆمپانیاى اسفار الطیار) داواى ژمارە ٧٥٨/ ب/٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە تصفیەى الشرکە لەبەر ئەوەى شوێنى دانیشتنت نادیارە بەپێى اشعارى موختارى عەنکاوە/ گەرەکى مارعودا) لە ٢٠١٩/٤/٤ بۆیە ئەم دادگایە بریارى دا بە پێراگەیاندنت لەرێگاى دوو رۆژنامەى رۆژانەى ناوخۆیى بەمەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژى دابینى (٢٠١٩/٦/١٠) کات (٩) ى بەیانى بەپێچەوانەوە دابینى بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
داوەر/ محمد بهاء الدین عبدالله
***
دادگاى کەتنى هەولێر/٣
ژمارە:٣٩٣/ك/٢٠١٩/٣
رێکەوت:٢٠١٩/٤/٢٣
بۆ تۆمەتبارانى هەڵاتوو: سیامند جبار ابراهیم و خلیل جبار ابراهیم
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى /١٤٣ لەیاساى بنەماکانى دادگاکردنى سزایى دادگاکەمان بریاریدا لەرێگاى رۆژنامەى ناوخۆیى رۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستى ئامادەبوونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لەکات ژمێر (٩)ى بەیانى لەبەرواری ٢٠١٩/٦/٣٠ بەمەبەستى دادگایى کردنتان بەپێى مادەى یاسایى ٤٣٢ لەیاساى سزا پێچەوانەوە خۆتان بەر پرسیارن بەپێى یاسا.
داوەر/ سرکوت طه رسول
***
دادگاى تاوانى هەولێر/١
ژمارە: ٢٩/ج/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٢
بۆ تۆمەتبارى هەلاتوو/ فرحان محمد عمر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەى تۆ تۆمەتبارى بەپێى مادەى ٤٠٦ لەیاساى سزا و سەلماندنى هەلاتنت وە نادیارى جێگاکەت لە کاتى ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەى ١٤٣ لەیاساى بنەما دادگاییەکانى سزایى بەپێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەى ناوخۆیى رۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگاى تاوانى یەکەم لە هەولێر لەرۆژى ٢٠١٩/٦/٣٠ وە بەپێچەوانەوە دادگایى دەکرێن بەشێوەى پاشملە/ غیابى بەپێى یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادى
***
دادگەها بارى کەسایەتى ل سێمێلێ
ژمارە/ ٢٣٥/ش٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٤/٢١
ئاگەهدارى
بۆ داوالیکەراو (عبدالعزیز محمد ابراهیم) جهى ئاکنجى بوونێ نەدیارە داواکار (سهام صالح رسول) رابویە ب داوا شەرعى ئەوا ژمارا وێ ل سەرى دیارکرى ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ داخازێ تێدا دکەت سەماندنا مارە برینى وپەسندکرنا تلاقا دەرەکى (اپسات زواج وتصدیق طلاق خارجى) ئەوا رودای دنافبەرا تە وێ وێ ژ تە ل ٢٠١٩/٢/٨ وژبەر کو جهێ ئاکنجى بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگاداریا دەستەکا هەلبژیر ل هەولیر کەورکوسکى بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەییین روژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤى دادگەهى ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/٥/٦ ول بەروڤاژى ڤى جەندى دادبینى ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیى وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
دادگەها بارى کەسایەتى ل سێمێلێ
ژمارە/ ٢٣٥/ش٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٤/٢١
ئاگەهدارى
بۆ داوالیکەراو (نورة رستم غانم) جهى ئاکنجى بوونێ نەدیارە داواکار (شیخموس صلاح یونس) رابویە ب داوا شەرعى ئەوا ژمارا وێ ل سەرى دیارکرى ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ داخازێ تێدا دکەت پ گویڕایەلى (مطاوعە) وژبەر کو جهێ ئاکنجى بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگادارییا دەستەکا هەلبژیر ل پاریزگەها دهوکێ باگیرا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەییین روژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤى دادگەهى ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/٥/٦ ول بەروڤاژى ڤى جەندى دادبینى ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیى وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
ئیدارەى ڕاپەرین/ کاروبارى هونەرى بەڕێوەبەرایەتى گڕێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ٣٩١
کۆدى پڕۆژە: (٧ - MI-RA-) ساڵى ٢٠١٩
کەمکردنەوەى نهێنى / بانگهێشتى گشتى
بۆ پڕۆژەى : (درێژکردنەوە و داپۆشینى ئاوەڕۆ سندوقیەکانى قولە لە گەڕەکى قەڵات لەسنورى شارەوانى ڕانیە) بۆ جارى یەکەم.
ئیدارەى ڕاپەڕین بانگهێشتى گشتى بۆ سەرجەم بەڵێندەران دەکات کە ئارەزووى بەشدارى کردنیان بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنیە ، هەر بەڵێندەرێك ئارەزووى بەشدارى کردنى هەیە با سەردانى ئیدارەى ڕاپەڕین / کاروبارى هونەرى / بەڕێوەبەرایەتى گڕێبەستەگشتیەکان بکات بەمەبەستى وەرگرتنى تەندەر بەرامبەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینارى عێراقى کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەر و کرێنى بڵاوکردنەوەى ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆى ئەو بەڵێندەرەى کە تەندەرەکەى بۆ دەردەچێت.
١- وەرگرتنى تەندەر لە ڕۆژى پێنج شەممە (٢ / ٥/ ٢٠١٩) دەست پێدەکات تا ڕۆژى پێنج شەممە (٢٠١٩/٥/١٦) لەکاتژمێر (٩) سەرلەبەیانى تا کاتژمێر (١١:٣٠) بەیانى.
٢- دوا ڕۆژى گەڕاندنەوەى تەندەر یەك شەممە (٢٠١٩/٥/١٩) تا کاتژمێر (١٠) بەیانى دەبێت.
٣- ڕۆژى کردنەوەو ئاشکراکردنى تەندەر ڕۆژى یەك شەممە لە بەرواری (٢٠١٩/٥/١٩) کاتژمێر (١٠) بەیانى دواى داخستنى سندوق دەبێت.
٤- ئەگەر ڕۆژى گەڕاندنەوەى تەندەر بوو بە پشوى ڕەسمى بەهەر هۆیەکەوە بێت ئەوا یەکەم ڕۆژى دەوام دواى پشوەکە دەبێتە ڕۆژى گەڕانەوەو کردنەوەى تەندەر.
٥- ماوەى جێبەجێکردنى پڕۆژەکە بریتیە لە (١٢٠) ڕۆژى ڕۆژمێرى .
٦- پێویستە بەڵێندەر لەکاتى نەگەڕاندنەوەى تەندەر نامەى لێبوردن (اعتذار) پێشکەش بکات وە تیابدا هۆکارى نەگەڕاندنەوەى تەندەرەکە دیارى بکات.
٧- پێویستە بەڵێندەر لەکاتى گەڕندنەوەى تەندەر ئیمەیل (Email)ى تایبەت بە خۆى پێشکەش بکات.
مەرجەکانى بەشدارى کردن : -
١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە ناوخۆیانەى کە بەشدارى دەکەن تایبەتمەند بن بە بوارى بیناسازى, وە پێناسى وەزارەتى پلان دانان و یەکێتى بەڵێندەرانى کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەى کە تۆمارن لە هەرێمى کوردستان) پێبێت وە بەسەر نەچووبێت.
٢- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە بیانیانەى کەبەشدارى دەکەن پێویستە ئۆفیسى بەناوى کۆمپانیاوە هەبێت لە هەرێمى کوردستان ،وە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتى گشتى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان تۆمارکرابێت ، وە پشتگیرى بکرێن بەمەرجێك پشتگیریەکە ماوەى بەسەر نەچو و بێت .
٣- پێویستە کۆمپانیاکان لەدواى بەروارى پڕۆسەى کردنەوەى تەندەر بە بەردەوامى سەردانى بەشى یاسا بکەن لە بەڕێوەبەرایەتى گڕێبەستە گشتیەکانى ئیدارەى ڕاپەڕین . بەمەبەستى وەرگرتنى زانیارى لەسەر ئەسپاردەکردنى پڕۆژەکەو پاڵپشت بە مادەى (٣٧) بڕگەى (٢) لەڕێنمایى جێبەجێکردنى گڕێبەستە گشتیەکانى ژمارە (٢)ى ساڵى ٢٠١٦.
٤- ئەو بەڵێندەرانەى بەشدارى کەمکردنەوەکە دەکەن بۆ وەرگرتنى زانیارى یان هەر سەرنجو تێبینیەك، دەتوانن سەردانى بەڕێوەبەرایەتى شارەوانیەکانى ڕاپەڕین بکەن.
٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەى کە ناوخۆیین دەبێ ئەندامى ئەنجومەنى بازرگانى سلێمانى بن و بەڵێندەرانەى کە بەشدارى دەکەن ئەستۆپاکى نوێى ساڵى (٢٠١٩) بهێنن .
٦- هیچ تەندەرێك لەدواى کاتى دیارى کراو وەر ناگیرێت و صندوقى تەندەر دادەخرێت .
٧- پێویستە لەسەر بەڵێندەر (بەڵێنەى نامەى نوسراو بۆ دەستەبەرى تەندەر) (تعهد الخطی للظامن العطاء) لە بەشى یاسا لە بەڕێوەبەرایەتى گرێبەستە گشتیەکان پربکاتەوە .
٨- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەى کردنەوەى تەندەر بێت یان نوێنەرێك بەنوسراوى فەرمى دیارى بکات و ئامادەبێت ، ئەگەر ئامادەش نەبێت پڕۆسەى کردنەوەى تەندەر بەردەوام دەبێت.
٩- ئیدارەى ڕاپەڕین پابەند نیە بەکەمترین نرخ.
١٠- ماوەى بەسەر چوونى تەندەر (٩٠) ڕۆژە لەدواى بەروارى کردنەوەى تەندەر .
١١- دواى داخستنى سندوقى تەندەر هیچ نامەیەکى خۆپاریزى (تحفظ) وەرناگیرت .
١٢- ئیدارەى ڕاپەڕین مافى هەڵوەشاندنەوەى پڕۆسەى تەندەرینى هەیە پێش دەرچوونى فەرمانى ئەسپاردن (أحالە).
ئەندازیار/ دلاور قباد احمد
ج.سەرپەرشتیارى ئیدارەى ڕاپەرین
***
بەڕێوەبەرایەتى جێ بەجێ کردنى هەولێر
ژمارەى: ٢٠١٩/٤٩٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣٠
ئاگادارى
بۆ قەرزار/ سفین سعدى احمد شوێنى نیشتەجێ نادیار
لەبەر نادیارى شوێنى نیشتەجێتان وە نیشتەنى هەمیشەیى یان کاتى یان هەلبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان, هەر بۆیە بەپێى ماددەى (٢٧) لەیاساى جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگاى ڕۆژنامەیەکى ناوخۆوە ئاگادار بکرێتەوە بە بڕیارى فرۆشتنى بنبر (الاحالە القطیە) لەسەر مولکى ژمارە (٢٥/١٠٣ ك ٤٥ وارش) بەبرى (٢٨٨,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار لەسەر داواى خاوەن قەرز (کریم رسول بابکر) کە دەکاتە (٨٩٧,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار. وە بۆ جێبەجێکردنى ئەحکامى ماددەى (٩٧) لەیاساى جێبەجێکردن بڕیاردرا بە ڕاگەیاندنتان بەم ئیحالەیەى سەرەوەى بۆ دانەوەى بڕى پارە قەرزى سەرەوە لە ماوەى (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژى دواى بڵاوبوونەوەى ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەى ناوخۆ وە لەکاتى ئامادە نەبوونت ئەم بڕیارە بەپێى یاسا.
جێبەجێکارى داد
هەردى حمدامین همزه

Action Against Hunger
Mission Iraq
ACTION AGAINST HUNGER العمل ضد الجوع

ADVERTISEMENT

TENDER FOR SUPPLY OF CONSTRUCTION MATERIALS (LOT-01) &
SUPPLY OF IRON WORK MATERIALS (LOT -02
- IRAQ <IQ-CO-FD-022-00115>

تەندەر بۆ دابینکردن گەل وپەلى بیناسازى و گەل وپەلى ئاسنگەرى وئاسن لە عیراقى فیدرالى ژ: <IQ-CO-FD-022-00115>

Action Against Hunger or "ACF" is a registered charity, founded in 1979. ACF operates in 37 countries. The international network of ACF is represented in Paris, London, Madrid, New York and Montreal. Teams in the field combat hunger on four fronts: nutrition, food security, health, water and sanitation.

ڕێکخراوى کار لە دژى برسێتى (ACF) خێرخوزازە تۆمارکراوە و دامەزراوە لە سالّى 1979 ، وە ڕێکخراوەکە لە37 وواڵات کاردەکات. تۆرى نێودەوڵەتى ڕێکخراوەکە لە پاریس و لەندەن و مەدرید و نیویۆرك ، مۆنتریال نوێنەرایەتى دەکرێت . وە تیمەکانى کێڵگەى ڕووبەرووى برسێتى دەبن لە میانى چوار شێوە کارکردن ئەمانەش بریتین لە: خۆراك پێدان و دلنیاکردنى خۆراك و پاراستنى تەندروستى و ئاو.

Action Against Hunger-Iraq Mission intends to award a Framework Agreement for the following market:

ڕێکخراوى کار لە دژى برسێتى (ACF) لە عیراق بەتەماى بەخشینى پێکهاتەى ڕێکەوتنە بۆ دابینکردنى گەل وپەلى بیناسازى و گەل وپەلى ئاسنگەرى وئاسن لە عیراقى فیدرالى ژ: IQ-CO-FD-022-00115 لەم جهى لە باریزگاى مووسل(مووسل ،وانە ،تلکیف ، گیارە)

- **IQ-CO-FD-022-000115 (SUPPLY OF CONSTRUCTION MATERIALS (LOT-01) & SUPPLY OF IRON WORK MATERIALS (LOT -02) in the intervention Area of Ninawa Governorate (Mosul ,Wanna, Telafar & Qayyarah)**

Interested parties can obtain bidding documents from acftender@iq-actionagainsthunger.org with clearly mentioning above tender number in the subject.

لایەنە ئارەزوومەندەکان دەتوانن بەڵگەکانى داواکردن لەم ئیمەیڵە بەدەست بهێنن acftender@iq-actionagainsthunger.org وە ژمارەى داواکردنى سەرەوە بەڕوونى بنووسن.

Or at the below address to receive tender documents:
Erbil – Hediab District, Villa 240/1/664b, Plot232/3 Section 5, Ankawa, Erbil
Dohuk- Amad Street, Shoresh Quarter
Mosul – Contact email for Address : acftender@iq-actionagainsthunger.org
Between 8:30 am-4 pm (Iraq time).

یان لەم ناونیشانەى خوارەوە بۆ وەرگرتنى بەڵگەنامەکان:

هەولێر: گەرەکى حدیاب ، ژ. خانوو 664/1/240 ب / ژ. زەوى 2/332 کەرتى 5 ، عەنکاوە ، هەولێر

دهۆك: جادەى ئامادە ، گەرەکى شۆرش

مووسل: لەم ئیمەیڵە بەدەست بهێنن acftender@iq-actionagainsthunger.org ،

لە کاتژمێر 8:30 ى بەیانى تا 4ى ئێوارە

Interested companies should submit their offer in one Seal Envelope, the Envelope should be a sealed non-identifiable envelope, with the words "not to be opened before the tender opening session" written in English. Submission of tender will be by either Hand or any mail service. **No Email submission will be accepted.**

کۆمپانیاى ئارەزوومەندەکان دەتوانن عەرزەکەیان بە یەك زەرفى مۆرکراو پێشکەش بکەن. دەبێ زەرفى مۆرکراو نەناسراو بێت لەگەڵ ووشەى " نابێ بکرێتەوە پێش ڕۆژى کردنەوەى تەندەرەکان" وە بەئینگلیزى نووسرابێت . تەندەرەکە دەبێ یا بە دەستى پێشکەش بکرێت وەیا خود بە ناردنى پۆستەوە ، **هەر تەندەرێك بە بێئیمەیڵەوە بێنرێدرێت قەبوولڕ نیە**

Action Against Hunger does not bind itself to award the tender to the lowest tender or any bid and reserves the right to accept the whole or part of the tender.

ڕێکخراوى کار لە دژى برسێتى (ACF) خۆى نابەستێت بە بەخشینى تەندەر بە کەمترین تەندەر و پێشکەش کردن بەلأم مافى قەبوولڕ کردنى تەواو یا بەشێك لە تەندەرەکەى هەیە.

The deadline for submission of tenders is **May 23rd at 4pm (Iraq time)**.

دوا مۆلەتى پێشکەش کردنى ئەم تەندەرە لە **23ى ایارى 2019 یە**، لە کاتژمێر 4 ى ئێوارە (بەکاتى عیراقى).

ADVERTISEMENT Page 1 / 2

چیرۆک

ملوانکەی شازادەی ئارابخا....



ئەسعەد عەزیز محەمەد

بەهەزارەها میل دوور لەمەڵبەند ولەپایتەختی (ئارابخا) لەیەکێک لە مۆزەخانە جیهانیەکان، ملوانکەیەکی سەرنجڕاکێش لەبەردی یاقوتی ڕەشی گرانبەها و دەگمەن لەناو جامخانەی شووشەبەندی مۆزەخانەکەدا دانرابوو، ئەو یاقوتە ڕەشە تیشکێکی ڕووناکی باریکی لێدەردەچوو، لەڕۆژدا ئەوتیشکە ڕووناکییە تێشکێکی زەرد بوو، لەشەودا ئەو تیشکە ڕووناکییە سپی بوو، لەژێر ئەو ملوانکە جوانەدا بەتەنها نووسرابوو ملوانکەی شازادە لەپایتەختی (ئارابخا) دۆزراوەتەوە، نەمدەزانی بۆچی هۆگری میژووی لەبیرچووی ئەو شارە بوومە شاری (ئارابخا)، شارێکە ئەوەی تیایدا دەژێت دەیەوێت بەجێی بهێڵێت ئەوەیشی لێی دوورە ئەگەر ناچار نەبێت هەرگیز خۆی بەخەڵکی ئەو شارە نازانێت،هیچ کەسیش بەویستی خۆی نایەوێت بگەڕێتەوە ئەو شارەی دانیشتوانەکەی نەفرەتی لێدەکەن وبێگانان خۆیان بەخاوەندار ەدەزانن.

کەرەسەو کەل وپەلی دەگمەنی میژوو لە موزەخانە جیهانیەکان نمایش دەکرێت و تاتە بەردینەکانیش لێرەدا خۆڵی میژووی هەزارەها ساڵەی لەسەر کۆبووەتەوە.چەندین ساڵ خەریکی تویژینەوەو لێکۆڵینەوە بووم لەمیژووی ئارابخا، هەندێجار لەبەردەم زانیاری ناوکێتیە میژوویەکان شۆک دەبووم،لێتان ناشارمەوە، زۆربەی کات لەسەر زانیارییەکی میژووی دەکەوتمە حاڵەتی گومانەوەو هیچ متمانەیەکم بەمیژوو نەدەما،زۆرجار وامدادەنا کە میژووی تۆمارکراو لەلایەن دەسەلاتدارانەوە نووسراوەتەوە ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان بەگەمەحەقیقەتی چیرۆکە لەبیرچووەکان. لەکتێبێکی دەستنووسدا کەلەلایەن جادوناسێکی زۆر گەورەدا نووسرابووە لەخەونێکدا ئەو جادوناسە هاتە خەونم کتێبە دەستنووسەکەی پێشکەشکردم بەناوی(ئاگری هەمیشە) لەکتێبەکەدا باس لەوە دەکات لە تەپۆڵکەی (تۆپزاوە)دا لەنووسینی سەر تاتە بەردینەکان ئەو ڕاستیە دەردەخەن کاتێ پادشای میدیاکان کیاکسار بەخۆی وسوپاکەیەوە شاری (خۆر)یان داگیر کرد، کچە شازادەکەی تەمەنی بیست و یەک ساڵ بوو، زۆر زۆری خۆش دەویست، کاهین و جادوگەرانی شاری وخەونم. شەو ڕۆژم خستبووە سەر یەک بۆ ئەوەی دەسەلاتدارانەوە نووسراوەتەوە ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان ئارابخا جادویەکی زۆر کوشندەیان لە کچەکەی پاشا کیاکسار کردبوو، تووشی پەرکەم دەهات و چەندین کاتژمێر هۆشی لەلای خۆی نەدەما، پاشا کیاکسار زۆر هەوڵیدا و پزیشک و ئەستێرەناس و زانای زۆری ڕاسپارد، لەدواجاردا حەوت بەردی ڕەشییان بۆ دۆزیبەوە، بەردێکی ڕەش لەسەر لوتکەی قەندیل هەندێک بڕوایان وابوو پاشماوەی نێزیکەو لەئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە، بەردێکی تر لە گەرووی بورکانێکدا لەهیندستان هاتۆتە دەرەوە، بەردێکی تر لە بنی دەریای ڕەش مەلەوانێک دەریهێناوە، بەردێکی تر لەناو کاهین و جادوگەرانی شاری دارستانێکی مازندەران دۆزراوەتەوە، بەردێکی تر لە یەمەنەوە هێناوییانە، بەردێکی تر لە ئارابخا، بەردەکەی تر لەبناغەی قەڵای ئارابخا دانرابوو، بەو حەوت بەردە ملوانکەیەک بۆ شازادەی ئارابخا دروستکرا، هەرچەندە جادوگەر و زانایەکی هیندی توانی بەهۆی ئەو ملوانکەیەوە ئەو کچە لە نەخۆشی پەرکەم ڕزگار بکات.بەڵام یەکێک لەوەزیرە باڵاکانی پادشا کیاکسار بەتەنها بۆ ئەوەی ئارای کیاکسار بدات ملوانکەکەی لە شازادەکە دزی و شاردییەوە. ئەو کاتەی شازادە کچە بەتەواوی چاکبۆوەوە و ملوانکەکەی لەگەڵدا نەبوو، ئەوا دەستی بەکوشتاری هاووڵاتیانی خۆی کرد، بەڵام ئەو کارە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئەو کاتە ملوانکەکە لەگەڵ شازادەکەدا بوو، ئەو ملوانکەیە وای لە شازادەکە دەکرد کە هەمیشە ئەو شوێنەی خۆش بوێت کە تێیدا گەشەی کردووە

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/5/2 ژمارە (5741)

میهرداد جەمشیدی ..

لە نێوان هونەری هێڵکاری و نیگاری کلاسیکی ئێرانی دا



هاوژین نانەکەلی

میهرداد جەمشیدی کە یەکێکە لەو دە نیگارکێشە ئێرانیانەی لە پێشەوەی نیگارکێشە هەرە پایە بەرزەکانی ئێران، ئەو لە ساڵی 1970لە دایک بوو،گەورەترین نیگارکێشەکانی ئەو دەمە چەشنی مرتەزا کاتوزیان، ئیمان مالکی، گۆڕەپانی هونەری واقعییان داگیر کردبوو، میهراد بە وێنەی کلاسیکی دەستی پێکرد و بوو بە ئاشقی هێڵکاری، هەمیشە قەڵەمە خۆڵەمێشیەکەی لە نێو پەنجەکانیدا لە سەما دابوو، ئەزموونی خۆی لەگەڵ پۆرترێتی چەندین روخساری جیا جیاو لە هەموو تەمەنێک و لەگەڵ هەموو گۆشەیەکدا تاقی دەکردەوە، ئەمە وای کرد کە میهرداد دەسەلاتی تەواوی بە سەر بەرجەستە کردنی بابەتەکانی خۆیدا بشکێ و داهێنانی گەورە لە کارەکانیدا دروست بکات، وێڕای ئەو بەهرە جوانەی میهرداد لە منداڵیدا هەیبوو.

زانکۆی هونەریش بۆ (میهرداد) هاندەرێکی دیکە بوو بۆ بەئەکادیمی بوونی وێنەکانی و پێشخستنی بەهرەو شێوازەکانی دەربڕینی، بۆ ئەوەش زێتر سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت لە کارکردندا، ساڵی 1998ستۆدیۆیێکی تایبەت بە خۆی کردەوە، ئەو ستۆدیۆیە وەک (میهرداد) خۆی لە دیمانەیەکی رۆژنامە نووسیدا لەگەڵ رۆژنامەی فەجر دەڵێت : یاریدەدەرێکی باش بوو بۆمن کە بتوانم کارەکانی خۆمی تێدا بەرجەستە بکەم ..

میهرداد ـ لەگەڵ بەشداری کردنی لەچەند پیشانگایێکی هاوبەشدا لەگەڵ چەند نیگارکیشێکی دیاری دیکەی ئێرانی، زێتر لە نێو کۆمەڵگادا ناوداریەتی بلاو بۆوە، لەچەند پیشانگایەکیشدا چەندین خەڵاتی گەورەی بەدەست هێناوە، ئەوەتا لە پیشانگای (سەعد ئاباد) ساڵی 2003 خەڵاتی یەکەمی بە دەست هێنا ، کە گەورەترین خەڵاتی ئێرانە لە بواری شێوەکاریدا . بابەتەکانی جمشیدی گەڕانە بە دوای دۆزینەوەی نەهێنییەکانی روخسارو رەنگدانەوەی ناخی کەسایەتیە پاڵەوانەکای نێو پۆرترێتەکانی، بۆ ئەوەی هەریەک لەوان گوزارشتێکی تایبەتی خۆیان لە رووی سایکۆلۆژی و دەروونییەوە ببەخشن و زمانی تایبەتی خۆیان هەبێت لەو گوزارشتە ن کە زۆربەیان وەک رەخنەگری ناسراوی شێوەکاری ئێرانی مورتەزا محەمەدی لە گۆڤاری (میهر) باسی کردووە کە زۆربەی ئەو روخسارانەی (میهرداد) رەسمیان دەکێشی، روخساری پاکیزەیین، یان گوزارشت لەپاکی و بێگەردی و بەرائەت دەکەن، بە تایبەت لەروخساری منداڵەکاندا، منداڵە رەشوو رووت و هەژارەکان، یان لەو ئافرەتە روخسار بێگەردانەی کە سەرچاوەی جوانیی و بێگەردین .

هەر مورتەزای رەخنەگر زێتر لە تابلۆکانی (میهرداد) قۆڵ دەبێتەوەو دەڵێت : میهرداد ـ بە دوو رێچکە ویستویەتی هونەری خۆی لە قەڵەمی خۆڵەمێشی و لەزەیت و ئاوی رەونەقدار بگەڕێتەوە بۆ سەردەمە هەرە زێڕینەکانی سەردەمی کلاسیکی ئیتاڵی و فەرەنسی و یۆنانی و هاوشێوەی ئەوان بەرجەستەی دیمەنە واقیعیەکان بکات و لەئاستێکی بەرزدا تابلۆکان بنەخشێنێ .. رەنگە ئەو توانست و شێوازەی میهری لەسەردەمی نوێ دا، بە تایبەت لەوڵاتی ئێراندا شێوازو داهێنانێکی کەم وێنەیە.

ئەم هونەرەی (میهرداد) پشت بەستنە بەڕابوردوویەکی پڕ لەئەزموون و تیگەیشتنێکی قوڵ لە ئەزموونی جیهانیی، ئەوە بێجگە لەوەی (میهرداد) نەیویستووە ببێتە ئامرازێک بۆ گواستنەوەی هونەرە کۆپی کراوەکان، بەڵکو ئەو پشتی بە خەیاڵ و توانستی خۆی بەستووە بۆ بەرجەستە کردنی ئەوەی لە خەیاڵیدا گوزەر دەکات، بۆ ئەمەش زۆر دیمەنی جوانی لە سروشت و جوانیی دەورو بەری خۆی خستۆتە نێو تابلۆکانی .

(میهرداد) لە دیمانەیەکی دا لەگەڵ گۆڤاری (فەجر) باس لەفۆناغی منداڵی خۆی دەکات و دەڵێت: هەر لەسەرەتای منداڵیمدا کاتێ لەقوتابخانە بەقەڵەمی خۆڵەمێشی هێڵەکانم دەکێشاو پۆرترێتی هاوڕێ کانی خۆم دەکێشا لە مەکتەب، مامۆستاکانم زۆر هانیان دام کە ئەو هونەرەکەی خۆم پێش خەم، بۆ چەند جارێک بەڕێوەبەرو مامۆستاکانم خەڵاتی قوتابخانەیان پێشکەش دەکردم و وێنەکانی منیان لە تابلۆی قوتابخانە هەڵدەواسی، ئەوکاتە لە چەندین پیشانگای قوتابخانە بەشداریم دەکرد،هەستم دەکرد کە دەبێ من پەرە بەو توانایەی خۆم بدەم.

لە قۆناغی یەکەمدا ئەزموونێکی دەوڵەمەندم لە دانانی سکێچ و هونەری هێڵکاری پەیدا کرد، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا، هەوڵمدا گۆڕانکاری لە ستایلەکەمدا بکەم، ئەوەبوو رووم کردە رەسم کردنی تابلۆی کلاسیکی،لەم رووەشەوە سوودی زۆرم لە هونەری ئیتاڵی فەرەنسی وەرگرت، هەستم کرد دەتوانم ئەو ستایلە لە هونەری ئێرانیدا زیندوو بکەمەوە، لە چەند تابلۆیەک متمانەی زێترم بۆ خۆم پەیدا کرد، ئەوەبوو لەپیشانگا تایبەتیەکانمدا بینەرێکی زۆر بەو شێوازە شاگەشکە بوون و میدیاکانی ئێرانیش بە بایەخەوە ئەو هونەرانەی منیان لە ئامێز گرت .

ئێستاشی لە گەڵ دابێت ستایلی کلاسیکی لە نێو نەک هەر تەنها کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی، بگرە لە نێو هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان بایەخی زۆری پێ دەدرێت و بینەرێکی ئێجگار زۆری هەیە ، کە وەک هونەر چێژی لێ وەردەگرن، لە هەمان کاتیشدا لە رووی بازرگانیشەوە بایەخی زێتری هەیە و بازاڕی تابلۆی کلاسیکی لە هەموو بازاڕەکانی دیکە رەواجی زێترە و بە نرخێکی گران بەها دەفرۆشرێن، تەنانەت هەندێ لەو تابلۆ دیارانە، لە لایەن کۆمپانیا بازرگانیە جیهانییەکانەوە بە چاپێکی پێشکەوتوو چاپ دەکرێن و لە بازاڕەکانی جیهانیدا سەودا سەریان پێ دەکرێت.

ئێمە هەرگیز نەمانویستووە کارەکانمان بخەینە چوارچیوەیەکی بازرگانی، بەڵام هەندێ جار سەرمایە گرنگە بۆ بەردەوام بوونی هونەرو پەرە پێدانی، هونەرمەند ئەگەر پشتگیرییەکی دارایی نەبێت، ناتوانێت بەردەوام بێت، نەک هەر ئێمە، هەموو نیگار کێش و پەیکەرسازە جیهانییەکانیش هەر وا بوونە.

گەشتێک لەگەڵ کتێبی ئایینی زەردەشتی پێشینە و رووالەتە تازەکەی



نووسینی: ئاکۆ عەبدوڵا

لەو رۆژانەی رابردوو کتێبی (ئایینی زەردەشتی پێشینە و رووالەتە تازەکەی) کە لەلایەن صلاح الدین محمد قادر نووسراوە، کەوتە بەردەستی خوێنەران. لە ژێرەوەی ناونیشانی کتێبەکەدا هاتووە (توێژینەوەیەکی میتۆوویی و کۆمەڵایەتی هزرییە سەبارەت بە ئایینی زەردەشتی) ، تێبینا نووسەر بە زمانێکی پاراو و بەشێوەیەکی زانستیانە و بابەتیانە و دوور لە دریژدادڕی، لە کۆمەڵێک تەوەرەی گرنگی سەبارەت بە ئایینی زەردەشتی و ریتوڕەسمەکانی و قۆناغەکانی دواوە. تەوەرەکانیش ئەوانەن : سەرهەڵدانی زەردەشتییەت. زەردەشت و ئاوێستا. زمانی ئاوێستا.

زەردەشتییەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ. گرفتە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی زەردەشتییەکان. چەند مژارێکی ڕەخنەئامێزی زەردەشتییەکان. دنیابینی زەردەشتی. نەورۆز و ئاگری زەردەشتی. پێگەی ژن لە ئایینی زەردەشتیدا. هەڵسەنگاندنی چەند دەقێکی ئاوێستا. رۆڵی موغەکان لە ئایینی زەردەشتدا. چەند سەرنجێک لە بارەی سزاکان لە ئایینی زەردەشتی. ڕووالەتە تازەکەی ئایینی زەردەشتی و بانگەشەی زەردەشتییە نوێکانی کوردستان بۆ گیان بەبەردا کردنەوەی ئەم ئایینە و نەشارەزایی و گرفتەکانیان. کوردستان لە دوای زەردەشتییەت....

بۆ زۆر لەو ناونیشانانەش بە وێنەی رەنگاوڕەنگ و دانانی پەراوێز بۆ زۆربەی لاپەڕەکان، کتێبەکەی رازاندۆتەوە.

نووسەر سەبارەت بە روانینی هاوچەرخ و هەوڵەکانی خەڵکانێک بۆ ئایینی زەردەشتی لەلاپەڕە 12 نووسیویەتی (ماوەیەکە لە کوردستان و لەناو کوردانی تاراوگەدا، لە چەند قۆناغێکەوە بەهۆی چەند رێکخراو و سەنتەری جیاجیاوە، ئایینی زەردەشتی وەک مژارێکی بالکێش، باس و خواستی لەسەر دەکرێت و کۆڕ و کۆبوونەوەی بۆ ساز دەدرێت. ئەوانەی لە دەرەوەی ئەو بانگەێشتە کۆبوونەتەوە زیاتر بریتین لە کوردی بە ئەسڵ موسوڵمان بە باگراوندی بیری ماتریالیزم و ئاتاییزم (ئیلحاد) ، هەر بۆیە لە کاتی باسکردنی پەیڕەوانی ئایینی زەردەشتی، پێویستە ریزبەندییەک بکرێت لەنێوان زەردەشتی ئەسڵ و زەردەشتی نوێ (نێو زەردەشتی)، چونکە جۆری یەکەمیان بە رەچەڵەک زەردەشتییە، ئایینەکەی خۆی وەکو خۆی لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەک کە بە دریژایی مێژوو کە بەسەر ئەم ئایینە هاتووە یان واقیعی سەردەم سەپاندوویەتی بۆ ماوەتەوە، بەڵام جۆری دووەمیان بیر و باوەڕی بەشێوازێکی لە قاڵبدراو و دەستبژێرکراو بۆ خراوەتەوەڕوو).


هەر بەو بۆنەیەش پێشتر نووسەر لە لاپەڕە 7ی ئەو کتێبەی نووسیویەتی (بانگخوازانی زەردەشتیەتی نوێ یا نیو زەردەشتی بە شێوەیەکی دەستبژێرکراو و وەک هەزرێک یان فەلسەفەیەک بەناوەڕۆکێکی نزیک لە جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دەخەنەڕوو. راستە کەسانێکیان تێدایە، بە حیلە و حەوالە بۆ سوودمەندبوون و لێخواردن، شوێنی خۆیان کردۆتەوە، بەڵام کەسانی غەریبحاڵ و ساویلکەشیان کەم نییە کە مەسەلەکەیان زۆر بە سەرگەرمی و تۆندی وەرگرتووە. ئەمە لە حاڵێکدایە، زەردەشتیە ڕەسەنەکان بە گشتی، پەرۆشیی بانگەوازیان پێوە نابینرێت، بەتایبەت ئەوانەی هیندستان، تا ئێستا نەک هەر بەڕووی زەردەشتی نوێدا داخراوبوون، بگرە ئەوانەی منداڵیان دەبێت، ئەگەر تەنیا دایکی زەردەشتی بێت، مەڕاسیمی سیدەرەپۆشیشی بۆ ناکەن). هەر سەبارەت بەو باسە لەلاپەڕە 118 نووسیویەتی (ساڵی 2013 لە سەردانێکمدا بۆ لای زەردەشتییە ڕەسەنەکانی هیندستان، بینیم کە خەڵکێکی بێ گرفت و خۆگونجێن و کۆششکارن، هەروەها میواندۆستیم لێیان بینی، بەڵام ئەوەی سەرنجی راکێشام ئەوەبوو لە حاڵێکدا کە لای خۆمان کورد هەن وەک خەمخۆری دینی زەردەشتییەت خۆیان نیشان دەدەن، کەچی پەیڕەوانی ئایینی زەردەشتی لەو وڵاتە نەک هەر لە خەمی بانگەواز بۆ ئاینەکەیان نین، بەڵکو ئایینی خۆیان بەڕووی خەڵکی دیکەشدا داخستووە. ئەوان تەنیا لەوە نیگەرانن سەرچاوانە وەرگرتووە کە لەلایەن خودی زەردەشتییەکان نووسراون. هەروەها ئەوانەی لەلایەن ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە ئەورووپاییانەی کە لە سەردەمی جیاجیا گەڕاون و زانیاریان تۆمارکردووە. ئەوە جگە لە ژمارەیەک سەرچاوەی گرنگی تایبەت بە ئایینەکە کە بە زمانە جیاوازەکانی وەک فارسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و عەرەبی نووسراون، بە میژوونووسە موسڵمانەکانی سەدەکانی رابردووشەوە. بێگومان شارەزایی باشی نووسەر لەو زمانانە، هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنەکەیەتی. لە کۆتایی ئەو بەرهەمەشیدا لیستێکی بۆ سەرچاوەکان دانـاوە کە ناونیشانی65لاسەرچاوەیان گرتۆتە خۆ و لەناویاندا تەنیا دوو دانەیان کوردین.

گرنگییەکی دیکەی ئەو کتێبە لەوەدایە کە نووسەر بۆ دەستکەوتنی زانیاریەکان، لە زۆربەی هەوە سەردانی سەردانی (هەردوو زمانی ئاوێستا و زمانی سانسکریتی، سەردەمییان لێک نزیکە و بە خانەوادەی زمانە هیندو ئەوروپییەکانن، بەڵام بەهۆی ئەوەی وڵاتی هیندستان بەقەدەر سەرزەمینی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوین پێخوست وداگیرکاری وهێرشی لەسەر نەبووە، زمانی سانسکریت دەرفەتی پاریزگاری لێکردنی باشتر بۆ ڕەخساوە و زمانی ئاوێستا ئەو شانسەی نەبووە).

جێگەی ئاماژە بۆکردنە نووسەر زۆر لێهاتوانە هەوڵیداوە ئەو هێلانە دیاریبکات کە ئایینی زەردەشتی لەگەڵ ئایینەکانی دیکە نزیک دەکاتەوە. بۆ نمونە لە لاپەڕە 41کە باسی ئەنجامدانی ڕێورەسمی ناقۆجۆرت (سیدرەپۆشی) بۆ منداڵانی تازەلەدایکبوو یان (کەسی تازەهاتووە) لە ناو زەردەشتی دەکات، ئەو ڕێو ڕەسمەی هاوتاکردووە بە وافتیزم (تەعمید) ی ناو مەسیحیەت و تەکبیر لە گوێخوێندنی ناو ئیسلام و ئۆپانیانامی ناو هیندوییزمی. لە زۆر شوێنی دیکەشدا کە پێویستی کردووە پەراوێزی داناوە و لۆژیکانە ڕاقەی کردووە.

صلاح الدین محمد قادری نووسەر بۆ ئامادەکردنی ئەو کتێبەی، سوودی لە زۆر سەرچاوەی زمانی ئاوێستا و زمانی سانسکریتی، سەردەمییان لێک نزیکە و بە خانەوادەی زمانە هیندو ئەوروپییەکان، بەڵام بەهۆی ئەوەی وڵاتی هیندستان بەقەدەر سەرزەمینی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوین پێخوست وداگیرکاری وهێرشی لەسەر نەبووە، زمانی سانسکریت دەرفەتی پاریزگاری لێکردنی باشتر بۆ ڕەخساوە و زمانی ئاوێستا ئەو شانسەی نەبووە).

جێگەی ئاماژە بۆکردنە نووسەر زۆر لێهاتوانە هەوڵیداوە ئەو هێلانە دیاریبکات کە ئایینی زەردەشتی لەگەڵ ئایینەکانی دیکە نزیک دەکاتەوە. بۆ نمونە لە لاپەڕە 41کە باسی ئەنجامدانی ڕێورەسمی ناقۆجۆرت (سیدرەپۆشی) بۆ منداڵانی تازەلەدایکبوو یان (کەسی تازەهاتووە) لە ناو زەردەشتی دەکات، ئەو ڕێو ڕەسمەی هاوتاکردووە بە وافتیزم (تەعمید) ی ناو مەسیحیەت و تەکبیر لە گوێخوێندنی ناو ئیسلام و ئۆپانیانامی ناو هیندوییزمی. لە زۆر شوێنی دیکەشدا کە پێویستی کردووە پەراوێزی داناوە و لۆژیکانە ڕاقەی کردووە.



صلاح الدین محمد قادری نووسەر بۆ ئامادەکردنی ئەو کتێبەی، سوودی لە زۆر سەرچاوانە وەرگرتووە کە لەلایەن خودی زەردەشتییەکان نووسراون. هەروەها ئەوانەی لەلایەن ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە ئەورووپاییانەی کە لە سەردەمی جیاجیا گەڕاون و زانیاریان تۆمارکردووە. ئەوە جگە لە ژمارەیەک سەرچاوەی گرنگی تایبەت بە ئایینەکە کە بە زمانە جیاوازەکانی وەک فارسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و عەرەبی نووسراون، بە میژوونووسە موسڵمانەکانی سەدەکانی رابردووشەوە. بێگومان شارەزایی باشی نووسەر لەو زمانانە، هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنەکەیەتی. لە کۆتایی ئەو بەرهەمەشیدا لیستێکی بۆ سەرچاوەکان دانـاوە کە ناونیشانی65لاسەرچاوەیان گرتۆتە خۆ و لەناویاندا تەنیا دوو دانەیان کوردین.

گرنگییەکی دیکەی ئەو کتێبە لەوەدایە کە نووسەر بۆ دەستکەوتنی زانیاریەکان، لە زۆربەی هەوە سەردانی نووسیویەتی (لە تەموزی ساڵی2013لاسەردانێکم کرد بۆ لای دەستور (پیاوی دینی) لە پەرستگەی رۆیا پەودام و هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی زەردەشتیانی مەدراس (چێننای)، ئەوانیش ئەم حاڵەتەیان نەشاردەوە). مەبەستی گرفتی کەموونەوەی ژمارەی زەردەشتییەکانە لە هیندستان.

لەلاپەڕە46لاەهەمان شێوە لەکاتی باسکردنی پرسی هاوسەرگیری نێوخانەوادەیی (خوێدۆدە) نوسیویەتی (خۆم لە هیندستان و ئێران و ئەوروپاش لەگەڵ زەردەشتییەکان باسی ئەو مژارەم کردووە). دواتر نووسیویەتی (لە 26ی 9ی 2016لاەبە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ "بەهمەن شاە ساناجانا" کرد، کە یەکێکە لە پێشەوایانی ئایینی ئەنجومەنی زەردەشتیانی هۆستۆن (هیندستان) و پسۆڕی بواری تێکستەکانی ئاوێستا و زمانی پەهلەوییە..).

پێشمەرگەی هەولێر بووە پاڵەوانی خولی نایابی کوردستان



لەیاریيەکانی قۆناخی دووەم و گەڕی بیست وپێنجەمینی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان سێشەممەی رابردوو چەند یارییەکی گرنگ و چارەنوسساز لەشارو شارۆچکەکان ئەنجامدران، لە گرنگترین یاریشدا کەچارەنووسی بوون بەپاڵەوانی خولی نایابی کوردستان، یاری نێوان پێشمەرگەی هەولێر و هەندرێن بوو، هەر لەگەڵ دەستپێکی یارییەکە پێشمەرگەی هەولێر بەهیوای سەرکەوتن یاخود یەکسان بوون هاتە نێو یاریگا، لەبەرامبەردا هەندرێنیش شەری مانەوە لە رێزی نایابەکانی کوردستان بووە ناونیشانی ڕووبەرووەکەیان، تاخولەکی 35 یاریيەکە بەبێ گۆڵ مایەوە، هەردوولا هەوڵی گۆڵ تۆمار کردنیان دەدا، بەتایبەتی یاریزانانی تیپی میوان، پاش تێپەڕبوونی 35خولەک بەسەر یاریيەکەدا یاریزانی هەندرێن سیپان سەدیق گۆڵی یەکەمی تۆمار کرد و تیپەکەی بەگۆڵێک پێشخست، دوای تێپەڕبوونی دوو خولەک بەسەر گۆڵەکە دووبارە یانەی هەندرێن لەرێگەی یاریزان فەرهەنگ تەها گۆڵی دووەم و متمانەی بۆ تیپەکەی خۆی تۆمار کرد، بەمشێوەیە گێمی یەکەمی یاریيەکە بەدوو گۆڵی خاوێن لەبەرژەوەندی یانەی هەندرێن کۆتایی هات.

لەگێمی دووەمدا یاریزانانی پێشمەرگەی هەولێر بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی گۆڵەکان بەپلانی هێرشبردن یاری دەکرد، هەر لەدرێژەی هێرشەکانیاندا یاریزانی پێشمەرگەی هەولێر عومەر سەدام گۆڵی یەکەمی تۆمار کرد، دوای ئەم گۆڵە محەمەد مەغدید لەلێدانێکی ڕاستەوخۆدا توانی گۆڵی سێیەم بۆ یانەی هەندرێن تۆمار بکات، پاشان ناوبژیوان لێدانێکی سزای بۆ پێشمەرگەی هەولێر هەژمار کرد، بەڵام یاریزان عەبدوڵلا سەربەست نەیتوانی گۆڵی تیپی بەرامبەر بهەژێنێت و تۆپەکەی ئاراستەی نێو دەستی گۆڵپارێزی یانەی هەندرێن کرد، پاشان لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی یاریزان بارز سەرتیب توانی گۆڵی دووەم بۆ پێشمەرگەی هەولێر تۆمار بکات، تەنها یەک گۆڵ مابوو پێشمەرگەی هەولێر ببێتە پاڵەوانی ئەم وەرزە کوردستان، لەدوا ساتەکاندا واتە لەخولەکی 84یاریزانی هەولێر بەپاسێکی درێژ توپەکەی گەیاندە نێو هێڵی بەرگری یانەی هەندرێن و لەتەک هاتنی توپەکە بۆ نێو تۆڕی دەروازەوان یاریزانی پێشمەرگەی هەولێر هاوڕێکانی هاوارێکی خۆشی بەرزکردەوە بۆ سەرکەوتنی یاریزانەکەیان.



بەختیار فەریق بەڕێوەبەری لاوانی هەولێر بۆ خەبات:
بەنیازین لەمانگی داهاتوو لەسەرتاسەری سنووری هەولێر دەست بەکار و چالاکییەکانمان بکەین

بەڕێوەبەرایەتی لاوانی هەولێر ماوەی زۆرە بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی بودجەی پێویست نەیتوانیووە چالاکییەکانی خۆی بەشێوەیەکی کارا ئەنجام بدات، ئەو بڕیارەی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیە نزیکەی 18بنکەی لاوان لەخۆ دەگرێت و هەموو بنکەکان بەڕێوەبەری تایبەت و شوێنی تایبەتیان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کارو چالاکییەکانیان، بۆ تیشک خستنە سەر هەندێک زانیاری لەبارەی چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی لاوانی هەولێر و وەرگرتنی زانیاری گرینگ لەسەر ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بەباشمانزانی چاوپێکەوتێک لەگەڵ بەڕێوەبەری لاوانی هەولێر بەختیار فەریق ئەنجام بدەین و سەرەتا لەبارەی کارو چالاکییەکانیان ناوبراو بۆ ئەم مەبەستە وەرزشی خەبات گوتی: بۆ ئەمسالّ واتەسالّی 2019دوای بەدەستهێنانی ڕەزامەندی مینحەی بنکەکان لەلایەن وەزارەتی دارایی وئابووری، ئینجا بەنیازین سەرەتای مانگی پێنج دەست بەچالاکییەکانمان بکەین و هەموو بنکەکانیش ئامادەکاری خۆیان نیشانداوە بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکییەکانیان.

گوتیشی: زۆر بنکە هەیە چالاکی لەبنکەیەکی دیکە زیاترە، بۆنموونە بنکەی لاوان هەیە لەبرا ئاوارەکان نزیکە و خەڵکی سیڤیل و ئاوارەی لەدەوری ئەو بنکانە نزیکن ، بۆیە بەهاوکاری ڕێکخراوە خێرخوازەکان زۆر جار چالاکیی وەرزشی و هونەری بۆ ئەم ئاوارانە لەلایەن بنکەکانی سەر بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدەن.

ماوەی ڕابردوو ڕێکخراوی یونسێف هاوکاری و پاڵپشتی ئێوەی دەکرد لەبەڕێوەبردنی چالاکییەکانی هونەری و وەرزشی، ئایا تاوەکو ئێستا گرێبەستی کارکردنتان لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە بەردەوامە یاخود هەڵوەشاوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەری لاوانی هەولێر ڕاشکاوانە گوتی: لەکۆتایی ساڵی 2016 گرێبەستێکمان لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف ئەنجامدا بۆ بەڕێوەبردنی کارو چالاکییەکان بەهاوکاری هەردوولامان، ئەوکات سەرەتای قەیرانی دارایی بوو کەبەسەر کوردستان سەپێندرابوو، بەڵام لەساڵی - 2017 2018لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە توانیمان زۆرترین چالاکیی لەسەر ئاستی بنکەکانی سنووری پارێزگاری هەولێر ئەنجام بدەین، لەهەمووشیان گرینگتر نزیکەی زیاتر لە48 هەزار کوڕ وکچی سنووری پارێزگاری هەولێر و دەوروبەری سوودیان لەچالاکییەکان بینی و بەشداریان لەسەرجەم چالاکییەکانی وەرزشیی و هونەریی کرد ، کەئەمەیان بووە مایەی خۆشحالّی هەموولایەک کە تیایدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەشداریان کرد، بۆ زانیاری کۆی گشتی چالاکییەکانمان لەم ماوەیەدا نزیکەی 114چالاکیی جۆراو جۆر بوون لەسەر ئاستی سنووری پارێزگاری هەولێر و دەوروبەری ، بێگومان ئەو هەموو چالاکیی و کار وبەرنامەیەکی تێرو تەسەلّی دەوێت تابتوانی کارەکان ئەنجام بدەیت، سەبارەت بەنوێکردنەوەی گرێبەست لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف ، ئەوا ئێمە چاوەڕێی ئەوان دەکەین ، چونکە ئەو ڕێکخراوە چوار ساڵ جارێک بەرنامەی کارەکانی خۆی دادەڕێژێت لەهەموو بوارەکاندا، بۆیە چاوەڕێی ئەوەین دوای تەواو بوونی کارەکانیان دووبارە کاریان لەگەڵ بکەین.

سەبارەت بەبڕی پارەی تەرخانکراو بۆ بنکەکان بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکییەکانیان، بەختیار فەریق بۆ ئەم پرسیارەش وەڵامی خۆی هەبوو ئەو بەوشێوەیە گوتی: بۆ هەر بنکەیەک بڕی 750هەزار دینار ڕەزامەندی دراوە، هەرچەند ئەو بڕە پارەیە بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییەکان زۆر کەمە ، بەڵام ئێستا لەبنکەکان سیستمێک پەیڕەو دەکرێت ئەویش کارکردنی گەنجە بەشێوەی خۆبەخش، خۆبەخشی ئەم گەنجانە زۆر لەکارەکانمانی ئاسان کردووە و هەمیشە ئێمە هەموو کات سوپاسی گەنجەکان دەکەین بۆ هەڵوێستە جوانەکانیان بەرامبەر بنکەکان نیشانی دەدەن.

ئا: سەرهەنگ ئەحمەدین

بارزان
خولێکی تۆپی پێ بەڕێوەچوو



مسلم دزلەمەری – بارزان

لەدرێژەی کاروچالاکییەکان وخزمەتکردن بە توێژی قوتابیان و بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لەبەرپرس ونوێنەرانی ئیداری وحزبی ومامۆستاو قوتابیان، ناوچەی مەزنێتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کۆتایی بە خولێکی تۆپی پێ هێنا ، لەم خولەدا 10تیپ بەشدار ببون و لە کۆتاییدا هەردوو تیپی پۆلی 11و تیپی پۆلی 10 گەیشتنە یاری کۆتایی ولەئەنجامدا تیپی پۆلی 11 توانی چوارگۆل بەرامبەر بەسێ لە تیپی پۆلی 10یەم بباتەوە ببێتە پاڵەوانی خولەکە، وەلەکۆتایشدا خەلات بە سەر سەرکەوتووانی خولەکەدا دابەشکرا.

ئەنجامی یاریيەکەکانی دیکە بەمشێوە بوو:

هەولێر *1ئارارات 0

برایەتی *4ئاکرێ 0

دەربەندیخان *1نەورۆز 2

شێروانە *1پێشمەرگەی سلێمانی 1

دهۆک *2گازی باکوور 1

زێرەڤانی *2زاخۆ 1

ئا: سەرهەنگ ئەحمەدین

فیفا 7یاریزان بۆ هەتا هەتایە ڕادەگرێت

یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا)، ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو ڕایگەیاند، دوای چەندین ساڵ لێکۆڵینەوەکردن، هەڵساوە بە سزادانی 7یاریزانی پێشوو و نێستا لە چەندین وڵات، بە ڕاگرتن بۆ هەتا هەتایە، بەهۆی تێوەگلانیان لە دەستوەردان لە ئەنجامی یاریيەکاندا. فیفا وتی، لێکۆڵینەوەکان چاوی داوەتە سەر ئەو یاریيانەی، کە ویلسۆن ڕاج بیرومال، نیشتەجێی سەنگافورە و تۆمەتبار بە دەستوەردان لە ئەنجامی یاریيەکان، هەوڵی داوە ئەنجامەکانیان بگۆڕێت، بەمەبەستی گرەوکردن لەسەریاندا. فیفا ڕوونیشی کردەوە، ئەو یاریزانانەی بۆ هەتا هەتایە ڕاگیراون ئەمانەن: کارلۆن مۆرای و کێیێنۆ تۆماس لە ترینیداد، ئیبراهیم کارجبۆ لە سیرالیۆن، هیلینگز مواکاسۆنگۆلا لە مالاوی، سیداس چۆمۆجۆ لە بنین، لیونێل دۆراتی لە کوبا، محەمەد سەلیم ئیسرافیل کوهیسانی لە ئەفغانستان. هەروەها فیفا، یاریزانی کینی ،جۆرج ئۆینۆ ئۆدی، بۆ ماوەی 10ساڵ ڕاگرتووە، بێجگە لە ڕاگرتنی، کودزانای شابا، بریکاری یاریزانان لە زیمبابوێ، بۆ هەتا هەتایە. بەڵام فیفا ئەو یاریيانەی ئاشکرا نەکرد، کە دەستکاریی ئەنجامەکانیان کراوە.



ڕەمزی میرەکانی

باڵەی کوڕانی بەردەڕەش بوونە پاڵەوانی پەروەردەکانی هەرێم



کارزان کانەبی

لە شاری هەولێر لە هۆڵی داخراوی شەهید فەرەنسۆهەریری لە بە ئامادەبوونی بەکر کەریم حەسەن بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر وژمارەیەک لە سەرپەرشتیاران وژمارەیەک لە هاندەرانی وەرزشی کۆتایی هات بە یاریيەکانی پاڵەوانیەتی باڵەی پەروەردەکانی هەرێم کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزش و هونەر بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یاریيەکانی باڵەی کوڕان لە ناوەندەکانی خوێندن و وەکو بەرنامەی سالانەی خۆی هەڵسا بە ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی باڵەی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێم کە تێدا هەریەک لە پەروەردەکانی(ناوەندی هەولێر، هەڵەبجە ،کەرکووک، شێخان، بەردەڕەش، خانەقین) لە پەروەردە گشتییەکانی هەولێر و دهۆک و هەڵەبجە و کەرکووک بەشداریان لە کێبڕکێیەکان کردبوو بۆ ئاستی پۆلی (10تا(12ئامادەیی بۆ ماوەی 5ڕۆژ یاریيەکانی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەرێوچوو ، دوای ئەنجامدانی چەندین یاریش لە نێوان تیپە بەشدارەکان هەریەک لە پەروەردەکانی کەرکووک و بەردەڕەش گەیشتنە یاری کۆتایی پاڵەوانیەتیەکە، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە هاندەرانی وەرزش دۆست یاری کۆتایی لە نێوان هەردوو تیپ ئەنجامدرا، لەم یاریيەشدا کوڕە یاریزانانی هەردوو تیپ بە درێژایی یاریيەکە توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن لە یاریيەکە خاڵ لە دوای خاڵ تۆماربکەن، سەرئەنجامیش کوڕانی پەروەردەی بەردەڕەش بە ئاستێکی بەرز یاریيان دەکرد ئەزموونی باشیان هەبوولەم یاریيە توانیان یاریيەکە بە ئەنجامی(3-1)گێم لە کوڕانی پەروەردەی کەرکووک ببەنەوە و ببنە پاڵەوانی باڵەی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێم، پەروەردەی کەرکووک و خانەقینیش پلەکانی دووەم و سێیەمیان بەدەستهێنا ، لە کۆتایشدا لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبووی پەروەردەیی خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانان و تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.

کچە شەترەنجزانێکی ڕووسیا لە دیدارێکی خەباتدا:

ئیلینا ئەندرییڤا:
شەترەنج بەشێکە لەخۆم و ناتوانم خۆمی لێ بەدوور بگرم





دیمانە: هاوار مورتکەیی

ئیلینا ئەندرییڤا Elena Andreeva کچە شەترەنجزانێکی وڵاتی ڕووسیایە لە 13ی ئابی 1990لە شاری نۆیابرسک لەدایک بوو، هەڵگری بڕوانامەی ئینتەرناسینال ماستەرە (IM)، هەروەها ماجستێری تەواو کردووە و ئێستا لەپاڵ یاری شەترەنج کاریش دەکات، ئەو کچە شەترەنجزانە ڕووسیە خەونی گەورەی ئەو بەدەستهێنانی نازناوی گراند ماستەرە لە داهاتوودا، لەدیمانەیەکی کورتی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات باس لە چۆنێتی فێربوونی ئەو یارییە و گرنگیی شەترەنج لە ژیانیدا دەکات.

شەترەنجی بەخۆی هەڵنەبژارد

ئیلینا ئەندرییڤا سەرەتا باسی ئاشنابوونی بە یاری شەترەنج کرد و گوتی: جیاواز لەگەڵ یاریزانەکانی تر، بەخۆم ئەو یارییەم هەڵنەبژارد، خانەوادەکەمان هەموویان شەترەنجیان دەزانی، باوکیشم کە ئەوکات یاریزانی شەترەنج بوو منی فێری یاری شەترەنج کرد، کە ئەوکات تەمەنم تەنها 4ساڵان بوو، هەربۆیشە لەتەمەنێکی زووەدا فێربووم و بەشداری پاڵەوانێتییەکانم کرد، لەوانە تەمەنم تەنها 5ساڵان بەشداری پاڵەوانێتی ناوخۆی ڕووسیام کرد و دوای تەنها ساڵێکیش بەشداریم لە پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی کرد.

شانازی بەدەسکەوتەکان

دواتر ئیلینای تەمەن 28ساڵان زیاتر گوتی: شانازی بەو دەسکەوتانەوە دەکەم کە لەماوەی ڕابردوودا بەدەستم هێناون، لەوانە پلەی سێیەم لە پاڵەوانێتی شەترەنجی خێرای ڕووسی لە ئاستی ئافرەتان و پلەی دووەم لە پاڵەوانێتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای خوار 21ساڵ، باشترین نازناویشم تا ئێستا IMبەڵام خەونی گەورە و داهاتووم بەدەستهێنانی گراند ماستەری ئافرەتانە، هەموو هەوڵی خۆشم دەدەم بۆ ئەوەی نازناوە بۆ خانەوادەکەم بەدەست بهێنم نەوەک بۆ خۆم، چونکە ئەوان هەمیشە پشتیوانم بووینە.

شەترەنج زیاتر لە ئارەزوویەک

لەکۆتاییدا ئیلینا کە خاوەنی ڕیتینگی 1945ی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە گوتی: ئێستا شەترەنج بۆمن زیاتربووە لە ئارەزوویەک، شەترەنج بەشێکە لەخۆم و ناتوانم خۆمی لێ بەدوور بگرم، بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش هێشتا نەبۆتە سەرچاوەی بژێوی ژیانم، بێگومان شەترەنجیش بەتەنها یارییەک نییە، پاش ماوەیەک یاری کردن، بۆت دەردەکەوێ کە شەترەنج بەشێکی گرنگە لە ژیانت، بۆیە لێرەوە بەپێویستی دەزانم سوپاسی خانەوادەکەم بکەم.



ئەیاکس هەنگاوێک لە کۆتایی چامپیۆنزلیگ نزیک بۆوە

یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی بەردەوامە لە ئەنجامە چاوەڕوان نەکراوەکان لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، کاتێک لە یاریی چوونی ئەم پاڵەوانێتییەدا، توانی لە دەرەوەی یاریگای خۆی لەیانەی تۆتینهام ببات‌ەوە، کە تاکە گۆڵی یاریبەکەش لەلایەن ئەستێرەی ئەو یانەیە دۆنی ڤان دی دیبک لە خولەکی 15تۆمارکرا.

لەگێمی دووەمدا تۆتینهام لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەکدا نەیتوانی یاریبەکە بەرامبەر بکاتەوە، ناوە ناوەش ئەیاکس بەدەستە کۆمەڵ هێرشیان دەبردە سەر تۆڕی هۆگۆ لۆریسی فەڕەنسی، کە ترسناکترینیان ئەو تۆپە بوو لەستوونی گۆڵی تۆتینهامیان دا، بەم بردنەوەیەش یانەی ئەیاکس لەیاریی کۆتایی نزیک بۆوە، چونکە یاری گەڕانەوەیان لەناو یاریگاو بەردەم جەماوەرەکەیان دەبێت و بردنەوە یان بەرامبەر بوون دەیانگەیەنێتە کۆتایی چامپیۆنزلیگ، لەبەرامبەردا یانەی تۆتینهام تەنها بردنەوە بەکەلکیان دێت بۆ ئەوەی سەرکەون بۆ یاری کۆتایی.

مێسی هاوسۆزی بۆ کچە یاریزانێکی ئەرژەنتینی دەردەبڕێت

ماکارینا سانچێزی هێرشبەری یانەی دیپۆرتیڤۆ ئۆرکویزای ئەرژەنتینی سکالایەکی لە دادگای وڵاتەکەی تۆمارکرد، لەبەرامبەر ئەوەی یانەکەی ڕەتی کردۆتەوە گرێبەستەکەی لەگەڵ تازە بکاتەوە.

ماکارینای تەمەن 27ساڵ پێی وایە کۆتایی پێهێنانی گرێبەستەکەی بەیاسایی نەبووە و لەبەرامبەر ئەمەشدا داوای قەرەبوی ئەو 7ساڵە دەکات کە لەو یانەیەدا یاریی کردووە، داوای یەکسانی کردووە لە تۆپی پێدا، هاوکات لەگەڵ ئەو سکالایەش کە میدیاکانی ئەرژەنتین بەبایەخەوە وەریان گرتووە، لیۆ مێسی ئەستێرەی بەرشلۆنە لەلایەن خۆیەوە پشتیوانی و هاوسۆزی بۆ ئەو یاریزانە نیشانداوە ئەویش داوای کردووە مافەکانی پێ بدرێت.

جیی باسە ئەو کچە یاریزانەی یانەی دیپۆرتیڤی ئەرژەنتینی لە هەرێمی سانتا لەدایک بووە کە هەمان ئەو شوێنەیە کە مێسی و پاتیستۆتا و خۆرخی ڤالدانۆی تیا لەدایک بووە.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 2. Apr. 2019 No: (5741)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر







قەڵای سەرکەشی هەولێر کەرنەڤاڵی ڕەنگ لەکەلتوور و هونەردا لەئامێز گرت

بەرهەم شێخ عزەدین- فۆتۆ:سەردار قادر

ڕۆژی سێ شەمە کاتژمێر 4:30ی ئێوارە لە سەر قەلای هەولێر بەئامادەبونی ژمارەیەکی بەرچاو لەبەرپرسانی حکومی و حیزبی و پەرلەمان تاران و جەماوەرێکی زۆر ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێربەهاوکاری گروپی هاوڕێیانی هونەر،کەرنەڤاڵی ڕەنگ لەکلتور و هونەردا سازکرد، لەچالاکییەکەدا پێشانگای تایبەتی فۆتۆگرافی وئایشی کوڕاسەی فۆتۆگرافی بۆ فۆتۆگرافەر (سەردار قادر) لەسەر میژووی قەلای هەولێر کردەوە، پاشان کۆنسیرتێک ئەنجامدرا و ڕێزلێنان لە هونەرمەندی گەورەی کورد (سابیر کوردستانی) لەگەڵ گروپی مۆسیقای کەرکوک نرا.هەرلەو چالاکیە پڕ هونەرەی سەرقالای هەولێر پێشانگای کاری دەست ڕەنگینی بۆ (لاوە عمر) و کۆمەڵێک خاتووینی دەست ڕەنگین کرایەوە پاشان گروپی موزیکی سەر شەقام بو قوتابیانی پەیمانگای هونەرجوانەکانی هەولێرگۆرانی و مۆزیکیان کردە دیاری میوانان،ئینجا کۆمەڵێک هونەرمەندی لاوی خوێن گەرم گۆرانی و موزیکی کوردیان چڕی و دڵی ئامادەبوانیان خۆش کرد،لەدوماهی ئەوفیستیڤاڵە هونەریەدا پێشانگای هاوبەشی شێوەکاری بو قوتابیانی پەیمانگای هونەرجوانەکانی هەولێر کرایەوە.

دەربەندیخان قوتابخانەی بەمۆ چەندین چالاکی هونەریان ئەنجامدا

وریشە عومەر

بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری پەروەردە و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و یەکەی چالاکی هونەری و میوانان ، قوتابخانەی (بەمۆ) کۆمەڵە چالاکیەکی هونەری ئەنجام دا دوای هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر لە کاری شێوەکاری و گۆرانی و سرود و نیشی دەست و کاری دیواربەندی .



هەولێر کەرنەڤاڵی کتێب و شیعر و گۆرانیی بەڕێوە دەچێت

خەبات: حەمە ئەحمەد جاف

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٤ی ئایاری ٢٠١٩ لە لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد، مالّی کتێب یەکەم چاپکراوی خۆی بەناوی ئەلف بلاّودەکاتەوە. ژمارەیەک شاعیر شیعر دەخوێننەوە و هونەرمەندان "ئاری محەمەد و زەکەریا موحسین" بە میوزیک و گۆرانی هاوشانی شاعیران، کەرنەڤاڵەکە دەوڵەمەند دەکەن.هاوکات مالّی کتێب ژمارەیەک نووسەری بە ئەزموونیش خەڵات دەکات. شاعیران :ئیسماعیل بەرزنجی ،ئەسکەندەر زرار،سەروین دەرویش،محەمەد قادر،دکتۆرە ئاریانا ،هاوژین حەسەن،نیازی حەمە عەزیز،ئاورینگ شێخ عەلی.لە مەڕاسیمەکە شیعر دەخوێننەوە،هەروەها نووسەرانی بە ئەزموون:



ئازاد عەبدولواحید ـ نەژاد عەزیز سورمێ ـ سەلام عەبدوڵڵا ـ قاسم شێروانی ـ مەهاباد قەرەداخی ـ عەبدولڕەحمان فەرهادی ـ بێکەس حەمەقادر ـ خانزاد سەعدی ـ نەوزاد ڕەفعەت خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێ دەبەخشرێت.

فیستیڤاڵی کەلتووریی پەروەردەی بارزان بەڕێوەچوو



مسلم دۆلەمەری ـ بارزان

بەئامادەبونی ژمارەیەکی بەرچاولەبەرپرس ونوێنەرانی ئیدارەی وحزبی ورێکخراوەی وجەماوەری و مامۆستا و قوتابیان بەشی ڕۆشنبیری وهونەری بارزان بەهەماهەنگی لەگەڵ پەروەردەی میرگەسورلەیاریگای شاڕۆچکەی بلێ فیستیڤالی کەلتوری پەروەردەیی بارزانیان ئەجامدا،شایانی باسە دووای دەقیقەیەک وەستان بۆڕێزگرتن لەگیانی پاکی شەهیدان خوێندنەوەی چەندین وتاری جیاجیا دەسپێکی مەراسیمەکە بەشێوەیەکی فۆلکلۆری کرایە ،جێی باسەئەم فیستیڤالە چەندین چالاکی جۆراوجۆری لەخۆگرتبوکەلەلایەن زیاترلە دەقوتابخانەی ئەم سنورە ئامادەکرابوون لەوانە کردنەوەی پیشانگا ونجامدانی شانۆگەری وپێشکەش کردنی کەلوپەلی فۆلکلۆری و گواستنەوەی بوک بەشێوازی کۆن وگوتنی گۆرانی فۆلکلۆرو ئامادەکردنی چەندین خواردەمەنی فۆلکلۆرو چەندین برگەی تری کەلتوری تایبەت بەدەقەری بارزان.



کۆیە زانکۆ لە ماوەی مانگێکدا شارەکەیان بەچالاکی هونەری ڕازاندەوە

خەبات/ د.کەیفی ئەحمەد

چالاکییە ئەدەبی و هونەریی و کەلتوورییەکانی زانکۆی کۆیە لە مانگی نیساندا،لەماوەی مانگی نیسان زانکۆی کۆیە بەدەیان چالاکی هونەری و کلتوری و زانستی سازدا ،لەم ڕاپۆرتەتە پۆختەی چالاکییەکان دەخەینە ڕوو:

کۆڕ و سمینار

1-3/4/2019 کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا سازدرا، کە تەوەرەکانی بریتیبوون لە: (جوگرافیا، مێژوو، شوێنەوار، ئاواز و گۆرانی و هونەر، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، تەلارسازی، ئەدەب و زمان) کە زیاتر لە چل لێکۆڵینەوە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لەلایەن لێکۆڵەرانی دەرەوە و ناوەوە، وەکو سیمینار پێشکەشکران و پاشان لە دووتوێی کتێبێکدا بلاوکرانەوە.

ژینگە پارێزی

بەشی زمانی ئینگلیزی فاکەلتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتییەکانی زانکۆی کۆیە، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خوێندکاران و میوانان بۆ پاکڕاگرتن و جوانترکردنی ژینگەی کوردستان، ڕۆژی 25 /4/2019 فیستیڤالی (ژینگە پارێزی) لە زانکۆی کۆیە ساز کرد. کە لە کاتژمێر ((9ی بەیانی بەخوێندنەوەی چەند وتارێک دەستپێکرد، پاشان ئاهەنگی گۆرانی و موزیک و خوێندنەوەی شیعر، پاشان جوگرافیای فاکەلتی پەروەردە لە 16/4/ 2019کە ڕۆژی ژینگەیە چەندین چالاکی ئەنجامدرا، لەوانە پاککردنەوەی بەشێکی شەقامەکانی شاری کۆیەو پێشکەشکردنی دوو سیمیناری پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە.

فیستڤای ئەدەبیی و کلتووری

2019 /4/ 24 21 فاکەلتی پەروەردە بەشی زمانی ئینگلیزی بە هاوکاری ڕێکخراوی ئۆسکار فیستڤالێکی ئەدەبیی و کلتووری ئەنجامدا. لەم فیستڤالەدا چەند بە رهەمێکی هونەری و ئە دەبی و کەلتووری و ڕۆشنبیری خرایە ڕوو، وە وێنەو تابلۆ کاری دەستی و خواردن و خواردنەوە فرۆشراو داهاتەکەی بۆ کاری خێرخوازی بەکارهات. 2019/4/21لە هۆڵی مامۆستا تاهیر بەکر، بەشی کوردی، لە فاکەلتی پەروەردە، لەیادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی ، دیدارێکی ئەدەبی پێشکەشکرد لە ژێر ناونیشانی (ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی (دیدارەکە لە چوار سیمینار پێکهاتبوو، بەمشێوەیە: سیمیناری یەکەم لەلایەن (پ.د عوسمان دەشتی) لە ژێر ناونیشانی (ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا - تێگەیشتنی ڕاستی بەنمونە .سیمیناری دووەم لەلایەن د. هیوا حەمید شەریف بە ناونیشانی (پێگەی ڕۆژنامەگەری لە پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی - پیرەمێرد وەک نمونە). سیمیناری سێیەم لەلایەن دێدەوان یەعقوب، بە ناونیشانی (هەڵەی زمانەوانی لە ئێستای میدیای کوردیدا) .سیمیناری چوارەم لەلایەن د . دەریا جەمال حوێز بە ناونیشانی (خوێندنەوەیەک بۆ ژمارەکانی گۆڤاری کۆری زانیاری کورد.



یەکەمین فیستیڤاڵی

- ڕۆژی 25/4/2019لە باخچەی سەرەکی زانکۆ مەراسیمی کردنەوەی فیستڤاڵ بە وتاری سەرۆکی زانکۆ دەستپێکرد، پاشان نمایشێکی شانۆیی کە گوزارشتی لە نەخۆشییە دەروونییەکان و ڕێگاچارەکان و شێوەی مامەڵە کردنی خێزان و کۆمەڵگە لەگەڵ ئەو کەسانەدا خرابوە ڕوو، پاشان چالاکییەکانی قوتابیان کە لە میانی پسپۆڕی خۆیاندا بوو لە چەندین تێستی جۆراو جۆری نەخۆشییەکانی جەستەیی و دەروونی و کەسێتیی و... هتد ئەنجامدران کە تا کۆتایی ڕۆژەکەو فیستڤالەکە بەردەوامییان هەبوو، دوای ئەوە نمایشە کلتوورییەکانی دیکە دەستیان پێکردو بەردەوامییان هەبوو.

نۆرکستڕای کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین



- میواندارێکردنی نۆرکستڕای کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین لەلایەن زانکۆی کۆیە، بۆ نمایشکردن و گواستنەوەی بەرهەمەکانی فیستڤالی هەشتەمی ئەم نۆرکستڕایە بۆ خەڵکی کۆیەو قوتابیانی زانکۆی کۆیە، کە لە 16/4/2019لە هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە بەرهەمە جوانەکانیان بە سەرپەرشتی مامۆستا ئامانج غازی پێشکەشی بینەران و ئامادەبووانکرد.